بەشێک لە نووسراوە زێڕینەکانی د. محمد العريفي

شەیدایەک

منتدى إقرأ الثقافي

لە ژووری نەشتەرگەریدا

www.iqra.ahlamontada.com

وەرگێڕانی

هێمن محەمەد عەلی

بەشێك لە نووسراوە زێڕینەكانی د. محمد العریفي

شەیدایەك
لە ژووری نەشتەرگەربدا

وەرگێڕانی
هێمن محەمەد عەلی

١٤٣٠ چاپی یەكەم ٢٠٠٩

• ناوی کتێب: شەیدایەك لە ژووری نەشتەرگەریدا.
• نووسینی: د. محمد العريفي.
• وەرگێڕانی: هێمن محەمەد عەلی.
• وێنەی بەرگ: قەیدار ڕەحیم.
• دیزاین: ڕێباز.
• چاپ: یەکەم.
• تیراژ: ١٠٠٠ دانە.
• ژمارەی سپاردن: ١٤١١ی ساڵی ٢٠٠٩.

ماف لە چاپدانی پارێزراوە.

بۆ دەستکەوتنی ئەم بەرهەمە بە (کۆ)
پەیوەندی بەم ژمارە مۆبایلەوە بکە (٠٧٧٠١٥٩٨٣٩١)

شەیدایەك
لە ژووری نەشتەرگەریدا

بسم الله الرّحمن الرّحيم

لە سوید..

ڕۆژێك زەنگی تەلەفونەکەم لێیدا.. پەیوەندیەکە لە سـویدەوە بوو.. سلام علیکم.. شـێخ محمدیت؟! وعلیکم السـلام.. بەڵێ.. یاشـێخ من پزیشکمو لە خوێندنی بالاّ دەخوێنم لە (مالمۆ – سـوید)و ماوەی پێنج سـاڵە لە یەکێك لە نەخۆشـخانەکانی سـویددا کار دەکەم.. لێرە لەم نەخۆشخانەیەدا، کاتێك نەخۆشـێك دەهێنـن، کە نەخۆشـیەکی ترسـناکی هەبێتو هیـوای ژیانو چاکبوونەوەی کەم بێت، ئەوا ماددەیەکی ئازارشـکێنو ئارام بەخشی دەدەنێ، لەگـەڵ ماددەیەکی بکوژ.. نەخۆشـەکە مـاوەی دوو ڕۆژ ئەوپەری سـێ ڕۆژ دەمێنێتەوەو دەمرێت.. پاشان دەدرێتەوە بە کەسوکاریو ئەوانیش وادەزانن مردنەکەی بە شێوەیەکی ئاساییو سروشتی بووە، بەلاّم لە ڕاستیدا کوژراوە.. وتم: پەنا بە خودا.. قسـەکانی پێ بریمو وتی: ببورە یاشـێخ پرسـیارەکەم تەواو نەبووە.. یاشێخ ئەمڕۆ لە بەشی فریاکەوتنی کتوپڕ بووم، نەخۆشێکی موسـڵمانیان هێنا، کە سـویدی بە ڕەچەڵەك پاکستانی بوو.. ئەو نەخۆشە بە دەست یەکێك لە نەخۆشیە ترسناکەکانەوە ئەینالاّندو شوێنەواری نەخۆشیەکە بە لاشـەیەوە دیاربـوو.. پێش کەمێك بردیانە ئەو بەشـەی کە تایبەتە بەو نەخۆشـیانەو ئەو دەرمانە بکوژەیان پێدا.. چی لە سەر من پێویستە یاشێخ؟ ئایا کەسوکاری نەخۆشـەکە ئاگادار بکەم؟ یان نا؟ باسی چەندان کەسی کرد، کە بەو شـێوەیە کوژرا بوون، هەروەها باسـی ئازارو نارەحەتیەکانی دەکرد، کەسـەکەش خۆی کەسێکی سـۆزدارو دڵ ناسـك بوو.. چەندان ڕووداوی لەو شێوەیەی گێڕایەوە..

* بەلاّم من بیرو ئەندێشـەم بۆ دوور ڕۆیشـت، بیرم کـردەوە ژیان لەلای ئەمانە چـی دەنوێنێت؟! پەرداخی عارەقو گۆرانـیو ڕابواردنو.. کاتێکیش یەکێکیان لەبەر نەخۆشیو ئازار توانای ئەو کارو تاوانانەی نامێنێت، وادەبینن کە پێویست ناکات ئیتر ئەو کەسە بە زیندوویی بمێنێت!! ئەی بۆچی دەژین؟! بەڵێ.. بۆچی دەژین؟! جیاوازی بکە لە نێوان ئەو کەسـەی دەخوات بۆئەوەی بژیت، لەگەڵ ئەو کەسـەی کە دەژیت بۆئـەوەی بخوات.. نازانن کە مانەوەی ئەو کەسـە بە زیندوویی، هەرچەندە نەخـۆشو پەککەوتەش بێت، خودای گەورە پلەی پێ بەرزبکاتەوە.. هەر (سبحان الله)یەك کە دەیڵێت، خێرو چاکەیە

بۆی.. بە وتنی هەر (الحمدلله)یەك خێری دەست دەکەوێت.. هەر ئازارێك کە توشی دەبێت، تەنانەت درکێکیش ئازاری بدات، ئەوا خودای گەورە گوناهو تاوانەکانی پێدەسرێتەوە..

★ چەندان کەس نەخۆشیو ئازار بۆیان بووە بەو دەرگایەی کە لێوەی دەچنە بەهەشتەوە.. تاقیکردنەوەو نارەحەتیو نەخۆشیش بەردەوام توشی ئیمانداران دەبێت، هەتا ئەو کاتەی کە خودای گەورە وازی لێدێنێ‌و بەسەر زەویدا دەڕواتو هیچ تاوانو گوناهێکی پێوە نامێنێت..

★ ئیمامی ئەحمەد (ڕەحمەتی خودای لێبێت) دەفەرموێت: ئەگەر تاقیکردنەوەو ئازارو نارەحەتی نەبووایە، ئەوا بە ڕەنجەڕۆیی‌و دەست بەتاڵیەوە دەچووینەوە بۆ لای پەروەردگار..

★ پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمویەتی: (مایصیب المؤمن من وصبٍ ولاهم ولاحزنٍ ولاأذى، حتى الشوكة يُشاكها، إلا كفَّرَالله بها مِن خطاياهُ)رواه البخاري. واتە: (ئیماندار توشی هیچ ماندووبوونو غەمو خەفەتو ئازارێك نابێت، هەتا درکێکیش بە قاچیدا بچێت، ئەوا خودا لەبری ئەم شتانە هەندێك لە گوناهەکانی دەسڕێتەوە).. هەروەها دەفەرموێت: (ولايزال البلاء بالمؤمنِ في أهلِهِ ومالِهِ وَوَلَدِهِ، حتى يُلقى اللهُ وماعليه خطيئة)رواه الترمذي. واتە: (ئیماندار بە بەردەوامی لەڕووی کەسوکارو ماڵو منداڵەوە تاقیدەکرێتەوە، هەتا بە دیداری خودای پەروەردگار دەگاتو هیچ گوناهێکی پێوەنامێنێ).. هەروەها پێغەمبەری خودا (ﷺ) دەفەرموێت:(يَوَدُّ الناس يومَ القيامةِ أنَّ جُلودَهُم كانت تُقرض بالمقاريضِ في الدنيا لما يرونَ مِن ثوابِ أهلِ البلاء)رواه الترمذي. واتە: (خەڵکی لە ڕۆژی دوایدا کاتێك پاداشتی ئەو کەسانە دەبینن کە بە بەلاو نارەحەتی تاقیکراونەتەوە، حەزیان دەکرد پێستی لاشەیان بە مقاش لێبکرایەتەوە).. ئەنەس (رضي الله عنه) لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) دەگێڕێتەوەکە فەرمویەتی:(إنَّ عَظْمَ الجزاءِ من عظَم البلاء، وإنَّ اللهَ إذا أَحَبَّ قوماً إبتلاهُم، فَمَن رضيَ فَلَهُ الرِّضا، ومن سخَطَ فلهُ السخط). واتە:(گەورەیی پاداشت لە گەورەیی تاقیکردنەوەدایە، خودا کاتێك نەتەوەیەکی خۆشویست تاقیان دەکاتەوە، ئەوەی ڕازی بێت ڕەزامەندی خودای دەست دەکەوێتو ئەوەش کە تورە بێتو نارازی بێت، ئەوا تورەیی خودای لەسەرە).. هەروەها لە فەرمودەیەکی تردا پێغەمبەری خودا

(ﷺ) دەفەرمویّــت: (عجباً لأمر المؤمــن، إن أمره كله خير، وليس ذلك لأحد إلا للمؤمن، إن أصابته ســراء فشــكرالله فله أجر، وإن أصابته ضراء فصبر فله أجر، فكل قضاءالله للمسلم خير)رواه مسلم. واتە:(كاری ئیماندار جیّگەی سەرسورمانە، هەموو كاروباریّكی خیّروچاكەیە، ئەمەش تەنها بۆ ئیمانداره، كاتیّك كە توشی خۆشی دەبیّت، سوپاسگوزاری خودا دەكاتو پاداشتی بۆ هەیە، وە كاتیّكیش كە توشی ناخۆشــی دەبیّت ئارام دەگریّتو پاداشتی بۆ هەیە، هەموو فەرمانیّكی خودا بۆ موسڵمان خیّروچاكەیە).

★ پیّش ئەوەی بچمە ناوەرۆكو فولایی ئەم كتیّبەوە، بە هەموو نەخۆشیّك دەڵیّم: نەخۆشیەكەت هەرچیەك بیّت، رازیبە بەو بەشەی خودای گەورە پیّی بەخشیویت.. وە بزانە ئەگەر ئارام بگریت لە سەر نەخۆشیو نارەحەتیەكەت، ئەوا ئەو نەخۆشیو نارەحەتیە دەبیّتەهۆی سرینەوەی گوناهەكانت.. هەروەها دەبیّتە هــۆی بەرزبوونەوەی پلەوپایــەت.. لە بەرامبەر ئەو كەســانەدا، كە ســەردانت دەكەن رەزامەندی دەربرە، بۆئەوەی بزانن كە خودای پەروەردگار بەندەی وای هەیە كە خودای خۆیان خۆش دەویّت، هەروەها رازین بە بەشــی خــوداو ئارام دەگرن لەســەر نارەحەتیەكانیان.. خوداش لە لای دانیشــتوانی ئاســمان شانازی بەم كەســانەوە دەكاتو دەیانكات بە پیّشــەنگو پیّشەوا بۆ خەڵكی سەر زەوی.. ئایا تۆ لەو كەسانەی؟!

ئیّمە بینیمان ئارامگر بوو..

پیّغەمبەر ئەیوب (عليه السلام) خاوەنی ماڵو ســامانو منداڵو چەند خیّزانیّك بــوو.. پیاویّك بوو خودای گــەورە پلەوپایەو ریّزی بــەرز راگرتو كردی بە پیّغەمبــەر.. لــە كتوپریّكداو لە كاتی شــەویّك یان رۆژیّكــدا ماڵو منداڵو سەروەتو سامانەكەی لە دەست چوو.. تەنها یەكیّك لە خیّزانەكانی بۆمایەوە.. پاشــان بەڵاو تاقیكردنەوە لە سەری زیادی كردو توشی نەخۆشیەكی كوشندە بوو.. سەری سورما لە نەتەوەكەی كاتیّك ترسان نەخۆشیەكەی بڵاوببیّتەوەو لە ناوخۆیاندا دەریان كرد.. لە بیاباندا و لە رەشــماڵیّكدا ژیا.. نەخۆشــیەكەی زیادی كرد.. بەڵاو نارەحەتیەكەی زۆر گەورە بوو.. خەڵكی وازیان لیّهیّناو لیّی نزیك نەدەبوونەوە..

پرسـیار کرا لـە (موجاهیـد)ی شـیکەرەوەی قورئانی پـیرۆز، کە ئەو نەخۆشیەی کە توشی پێغەمبەر ئەیوب هات چی بوو؟! ئایا ئاولە بوو؟! وتی: نەخێر.. بەڵکو لە ئاولە ترسـناکتر بوو.. شـتێك لە شـێوەی مەمکی ئافرەت لە سەر لاشەی دروست بوو.. پاشـان کرایەوەو تەقیو کێمو زوخاوی لێهات.. چەندان ساڵ بەم نەخۆشیەوە مایەوە.. بەڵام وەکو شاخ خۆراگر بوو..

لە ڕۆژێکی ئارامو لەسەرخۆدا، خێزانەکەی لە لای سەری هاوسەرەکەیەوە دەسـتی کرد بـە گریـان.. ئەیـوب (عليه السلام) پرسـیاری لێکردو وتـی: بۆچی دەگریت؟!چی دەتگرێنێت؟! خێزانەکەی وتی: بیری ئەو هەموو نازو نیعمەتو بەرزیو بەرێزیەم کردەوە کە تیایدا بووین.. پاشـان کە سـەیری ئەم حاڵەی ئێسـتامانم کرد، گریام.. ئەیـوب (عليه السلام) پێی فەرموو: چەند سـاڵ لە نازو نیعمەتدا بووین؟! خێزانەکەی وتی: حەفتا سـاڵ.. فەرموی ئەی چەند سـاڵە لـەم تاقیکردنەوەداین؟! خێزانەکەی وتی: حەوت سـاڵ.. فەرموی: دەی ئارام بگرە هەتا حەفتا سـاڵیش لەم تاقیکردنەوەدا دەبین، هەروەك حەفتا ساڵ لە خۆشیو کامەرانیدا بووین، پاشان دڵتەنگیو نارەزایی خۆت دەربېرەو لە خودا بپاڕێوە.. کات تێپەری.. ئەیوب (عليه السلام) لە سـەر جێگەو بە نەخۆشـیەوە هەر ئەمدیـوو ئەودیوی دەکرد.. بەڵام پاڵەوان بـوو.. خۆراگرو بە ئارام بوو.. لە کاتی نەخۆشیەکەیدا ئەگەر بە لایدا تێپەریتایە.. دەتبینی کە گۆشتی لاشەی هەڵدەوەری.. بەڵام وەك دارخورمایەك کە لە سەر شاخێك بێت، ئاوا خۆراگرو بەهێز بوو..رەشەباو تۆفان نەیاندەتوانی هەڵیکێشن.. تەنانەت نەیاندەتوانی بشـی جولێنن.. زمانێکی هەبوو بـەردەوام یادی خـودای پێدەکرد.. خاوەن دڵێکی سوپاسـگوزار بوو.. جەستەی ئارامگر بوو.. چاوی بە ئەسرین بوو.. لە ترسی خودا دەگریا.. بەردەوام دەپارایەوەو نەیدەهێشت شەیتان پێی دڵخۆش بێت.. ڕۆژێك دوو پیاو بە نزیکیدا تێپەرین.. کاتێك ئازارو نەخۆشـیەکەیان بینـی، یەکێکیان بەوی تریانـی وت: گومانم وانیە کە خودا ئەیوبی توشـی ئەم تاقیکردنەوەیە کرد بێت، تەنها بەهۆی سـەرپێچیەکەوە نەبێت، کە ئێمە نایزانین.. لەم کاتەدا ئەیوب (عليه السلام) دەستی بەرز کردەوەو فەرموی:﴿ وَأَيُّوبَ إِذْ نَادَىٰ رَبَّهُۥٓ أَنِّى مَسَّنِىَ ٱلضُّرُّ وَأَنتَ أَرْحَمُ ٱلرَّٰحِمِينَ ﴾ الأنبيـاء/ ٨٣ واته:(یـادی ئەیوب بکە کاتێك هانـاو هاواری بۆ پەروەردگاری بردو وتی: پەروەردگار بە

راستی من ئازارو ناخۆشیم توش بووە، تۆش لە هەموو کەس میهرەبانتری).. کاتێك پەروەردگار بینی.. سەیری چاوی پڕ فرمێسکی کرد.. ئەو چاوانەی کە سەیری حەرامی پێنەکردبوون.. ئەو دەستانەی کە حەرامی پێ ئەنجام نەدابوون.. ئەو زمانەی کە سوپاسگوزار بوو.. ئەو سەرەی کە بەردەوام لە کرنوشدا بوو.. کاتێك پارانەوەی ئەیوب (عليه السلام) دەرگاکانی بەهەشتی لەرزاند.. خودای گەورە فەرموی:﴿ فَٱسْتَجَبْنَا لَهُۥ فَكَشَفْنَا مَا بِهِۦ مِن ضُرٍّ وَءَاتَيْنَٰهُ أَهْلَهُۥ وَمِثْلَهُم مَّعَهُمْ رَحْمَةً مِّنْ عِندِنَا وَذِكْرَىٰ لِلْعَٰبِدِينَ ﴾ الأنبياء/ ٨٤ واتە:(جا ئێمەش نزامان گیرا کردو بە هاواریەوە چووین، هەموو ناخۆشیو نەخۆشیەکمان لە کۆڵ کردەوە، هەموو ماڵو منداڵیمان پێبەخشیەوەو ئەوەندەی تریش لەگەڵیاندا، ئەوە ڕەحمەتێکی تایبەتی بوو لە لایەن ئێمەوە، یادەوەریشە بۆ بەندە خوداپەرستەکان).. هەروەها لە ئایەتێکی تردا خودا باسی دەکاتو دەفەرموێت:﴿ إِنَّا وَجَدْنَٰهُ صَابِرًا نِّعْمَ ٱلْعَبْدُ إِنَّهُۥٓ أَوَّابٌ ﴾ ص/ ٤٤ واتە: (ئێمە بینیمان بە ڕاستی خۆڕاگرو ئارامگر بوو، بەندەیەکی چاكو ڕێكوپێك بوو، بێگومان ئەو تەوبەکارەو هەمیشە دڵی لە لای پەروەردگارە)..

چەند جوانە ئەگەر خودای گەورە سەیرت بکاتو توشی نەخۆشی بیتو ئارامگرو سوپاسگوزاربی.. هەتا ئەو کاتەی پلەت بەرزدەکاتەوەو دەبیت بە باشترین بەندەی پەروەردگارت..

عوروەی کوری زوبێر..

لە گەورە تابیعینەکان بوو.. کوری هاوەڵی بەڕێز زوبێری کوری عەوام بوو.. قاچێکی توشی نەخۆشی خۆرە بوو.. ئێسقانەکانی قاچی خۆرە لێیدانو گۆشتەکەی لێدەبۆوەو هەڵدەوەری.. کاتێك کە پزیشکەکان بینیان، بڕیاری برینەوەی قاچیاندا، بۆئەوەی ئەو نەخۆشیە بە لاشەیدا بڵاونەبێتەوە.. کاتێك دەستیان کرد بە برینەوەی قاچی لە هۆش خۆی چوو.. قاچیان بریەوەو لە تەنیشتیەوە دایاننا.. توشی خوێن بەربوونێکی زۆر بوو.. زەیتیان فرچاندەوەو پاشان دەمارەکانی قاچیان خستە ناوی، بۆئەوەی خوێنەکەی بگیرسێتەوەو پاشان بەستیان.. لە لای سەریەوە وەستانو چاوەڕێیان دەکرد.. کاتێك بە هۆش هاتەوە.. سەیری قاچە براوەکەی کرد، کە لە ناو تەشتێکداو

لــە خوێنی خۆیدا مەلەی دەکردو وتی: خــودا دەزانێت کە هەرگیز هەنگاوم پێــت نەناوە بۆ ئەنجامدانی هیچ خراپەو تاوانێك.. خەڵکی دەســتە دەســتە دەهاتنە ســەردانیو سەرەخۆشــیان لێدەکرد ســەبارەت بە قاچە براوەکەی.. کاتێك قسەیان زۆر بۆ کرد.. چاوەکانی بۆ ئاسمان بەرزکردەوەو وتی: خودایە چوار پەلت پێداوم .. دوو قاچو دوو دەست.. پەلێکت لێسەندومەتەوەو سیانت بۆ هێشــتومەتەوە.. سوپاست دەکەم کە ســێ پەلت لێنەسەندومو پەلێکم بۆ بهێڵیتەوە.. حەوت کوریشــی هەبوو.. بە دەوریەوە بوونو خزمەتیان دەکرد.. یەکێك لــە کورەکانی لەبەر پێویســتیەك دەچێتە تەویلەی ئەســپەکانەوەو بــەدوای یەکێك لە ئەســپەکاندا تێدەپەڕێتو ئەســپەکە هەڵدەچێتو تورە دەبێتو بە ســمەکانی لە کورەکە دەداتو بەر ســکی دەکەوێتو دەیکوژێت.. خەڵکی دەیکەن بە هاوار هاوارو هەڵیدەگرن.. کاتێك دەیشــۆنو کفنی دەکەن، باوکــی دێتو خــۆی دەدات بە ســەر گۆچانەکەیدا بۆئەوەی نوێژی لەســەر بکات.. کاتێك جگەرگۆشــەکەی بینی وتی: ئەی پەروەردگار من حەوت کورم هەیە.. یەکێکیانت بردەوەو شەشــیانت بۆ هێشــتومەتەوە.. سوپاست دەکەم کە شەشیانت نەبردەوەو یەکێکیانم بۆ بهێڵیتەوە.. چ ڕەزامەندیەك ئەوەندە جوانە؟! چ ئارامگریەك ئەوەندە بەرزە؟!

کەسی وا هەیە سکی ژان دەکات، هاوار دەکاتو بێزاری دەردەبرێت.. بەڵام ئەوەی بیرچووە کە سەرو قاچی ساغە.. کەسی وا هەیە چاوی نەخۆشە.. بەڵام بیری چووە کە دەمو زمانو گوێی ساغە..

سوپاسی خودا بکە کە توشی نەخۆشیەکی کردویتو بە چەندان نەخۆشی تاقینەکردویتەتەوە.. سوپاســی پەروەردگارت بکە کە ئەو هەموو فەزڵو نازو نیعمەتەی بە سەردا ڕژاندویت.. سوپاسی بکە.. سوپاسی بکە.. هەرئەوەندە بەس نیەو هیوای زیاترمان بە تۆی بەڕێز هەیە.. دەمانەوێت سەر مەشقو پێشەنگو ڕێنیشاندراوو ڕێگە نیشاندەر بیت بۆ خەڵکانی تر.. کاتێك نەخۆشێکی دڵشکاو دەبینیت، دەبێت دڵی شــکاوی چاك بکەیتەوەو دڵتەنگیەکەی نەهێڵی.. کاتێك کەسێك دەبینیت کە زۆر سکاڵای حاڵی خۆی دەکات، دەبێت ئامۆژگاری بکەیتو دڵی خۆش بکەیت.. تۆ ئەگەر نەخۆشــیت.. ببە بــە خێرو ئامۆژگاری کار بۆ خەڵکی.. پشتیوان بە خودا تۆی بەڕێز شیاوی ئەو کارەی..

هۆکارەکانی نەخۆشی دووانن..

هاوڕێیەکم بەناوبانگە لە خوێندنی دوعاو پاڕانەوەی شەرعیدا، بە سەر ئەو کەسانەدا کە توشی نەخۆشی دەروونی بوون.. هەندێك جاریش دوعا بە سەر ئەو کەسانەشدا دەخوێنێت کە توشی چاوو جادو بوون.. ئەو هاوڕێیەم پێی وتم: ڕۆژێك یەکێك لە گەورە بازرگانەکان هات بۆ لام و سکاڵای ئازارێکی بەهێزەی دەکرد لە دەستی چەپیدا.. شوێنەواری ئەو ئازارە بەهێزە بە ڕوونی پێوە دیار بوو.. ڕوخساری چرچ ولۆچ ببوو.. چاوەکانی لار ببوون.. لە بەردەستمدا دانیشت و پاشان وتی: یاشێخ دوعام بە سەردا بخوێنە.. وتم: هاوار و سکاڵای چی دەکەیت؟! وتی: ئازارێکی بەهێز.. هۆکارەکەشی نازانم.. سەردانی چەندان پزیشکم کردووەو شیکاری زۆریشم ئەنجامداوەو هەموویان پاك و بێ کەم وکورین.. نازانم توشی چی بووم.. بەڵکو چاو بێت.. دوعام بە سەردا خوێندو بۆی پاڕامەوە.. ڕۆژی دووەمیش هاتەوەو دوعام بە سەردا خوێند.. بۆ ڕۆژی سێیەم و چوارەمیش بە هەمان شێوە درێژەی کێشاو ئازارەکەشی هەر زیادی دەکرد..

ڕۆژێك بە سەریدا هاوارم کرد: ئەی فلانەکەس لەوانەیە ئەو ئازارەی توشت بووە، هۆکارەکەی دوعای ستەم لێکراوێك بێت کە ئازارت دابێت.. ستەمت لێکردبێت، لە ماڵیدا یان لە دەرونیدا یان لە هەر شتێکی تردا.. ڕەنگی گۆڕاو هاواری کرد: ستەم!! بۆچی ستەم؟! من پیاوێکی چاکم.. من.. من.. لە توڕەییەکەی ئارامم کردەوەو داوای لێبوردنم لێکردو پاشان ڕۆی..

لەدوای دە ڕۆژ هاتەوە بۆ لام.. لە تەندروستیەکی زۆر باشدا بوو.. زۆر سور بوو لە سەر ئەوەی کە سەرم ماچ بکات.. دەیویست دەستم ماچ بکات و پاشان وتی: سوێند بە خودا لەدوای بەزەیی خودا تۆ هۆکاری شیفای من بووی.. وتم: چۆن؟! خۆ دوعاکانم ئازارەکانی کەم نەکردی!! وتی: لەدوای ئەوەی لە لای تۆ ڕۆیشتم.. ئازارەکەم زیادی کردو وشەکانی تۆ لە گوێمدا دەزرنگایەوە.. بەڵێ لەوانەیە ستەمم لە کەسێك کرد بێت.. یان ئازاری کەسێکم دابێت.. بیرم لەو کاتە کردەوە کە ویستم کۆشکەکەم دروست بکەم.. زەویەك بە تەنیشت زەویەکەمەوە بوو.. ویستم بیکرم بۆئەوەی بیکەم بە باخچە بۆ کۆشکەکەم.. ئەو زەویەش هی چەند بێباوکێك و دایکیان بوو.. داوام کرد کە دایکیان پێم

بفرۆشـێت.. بەڵام رازی نەبوو.. وتی: ئەگەر بیفرۆشم پارەکەی چی لێبکەم؟ واز لە زەویەکە بێنە با وەك خۆی بێت، هەتا منداڵەکانم گەورە دەبن و خۆیان شـتێکی لێدەکەن.. ویسـتم رازی بکەم.. پارەی زۆرم خستە بەردەست.. رازی نەبـوو. بەڵام زەویەکـە بۆ من زۆر گرنگ و بە بایەخ بـوو.. وتم: ئەی چیت کرد؟ وتی: زەویەکەم لێسەند بە رێگەی تایبەتی خۆم.. مۆڵەتی دروستکردنی بیناشـم بۆ دەرهێنا، ئەمەشـیان هەر بە رێگەی تایبەتی خۆم و بینام تیایدا دروسـت کرد.. وتم: ئەی منداڵەکان؟ ئەی دایکیان؟ وتی: هەواڵم پێگەیشـت دایکیان دەهات و سەیری کرێکارەکانی دەکرد کە کاریان دەکرد لە زەویەکەیدا و قسـەی پێدەوتن و دەگریا.. کرێکارەکانیش وایان دەزانی شـێتە.. لە بیرمە کە دەسـتەکانی بەرز کـردەوە و دەپارایـەوە و دەگریا، ئا لەو کاتـەدا ئازارەکەدا لە دەسـتمدا دەسـتی پێکرد.. بە شـەو خەوم لێنەدەکەوت.. بە رۆژ ئاسودە نەدەبووم.. وتم: باشـە.. چیت بۆ کرد؟! وتی: چووم بۆ لای و داوای لێبوردنم لێکردو گریام.. لە شـوێنێکی تردا زەویەکی باشتر لە زەویەکەی خۆیم پێدا.. ئەویـش رازی بوو.. دوعای بۆ کردم و داوای لێخۆشـبونی لە خودا بۆ کردم.. لـە لای ئافرەتەکـە هاتمە دەرەوە و پەنام بۆ خودا بـردو لێی پارامەوە، هەتا ئازارەکەم بەرە بەرە کەم دەبۆوە و نەما.. سوپاس بۆ خودا ئازارەکەم نەما..

چیرۆکەکـە کۆتایی هات.. ئەمە مانای ئەوە نیە، کە هەموو نەخۆشـیەك سـزای خودایە بۆ بەندەکانی.. نەخێر.. پێغەمبەران و پیاوچاکانیش نەخۆش کەوتـوون.. بەڵام ئـەوەی من مەبەسـتمە و دەمەوێـت بیڵێـم ئەوەیە، کە خودای گەورە بەهۆی نەخۆشـیەوە خۆ بەگەورەزانین و شـانازی کردنمان لە دڵدا دەردەکات.. ئەگەر مرۆڤ هەموو شـتێکی هەبوو.. ماڵ.. لەشـی سـاغ.. منداڵ.. ئـەوا یاخی و سـەرکەش دەبێت.. لەخۆبایی دەبێـت.. بەڵام خودای گەورە نەخۆشـی بە سـەردا زاڵ دەکات.. برسـی دەکات.. بۆئەوەی بەندەکان بزانـن کە توانای زەرەرو سـودیان بۆ خۆشـیان نیە.. توانـای مردن و ژیان و کارو کۆششیشیان نیە بەبێ ویستی خودای پەروەردگار.. هەندێك جار مرۆڤ دەیەوێت لە شـتێك تێبگات، بەڵام ناتوانێت و نەزانە.. دەیەوێت بیر لە شتێك بکاتـەوە، بـەڵام بیری دەچێتەوە.. یان حەزی لە شـتێکە، بـەڵام بە هیلاکی دەبات.. رقی لە شتێکە، کەچی دەبێت بە ژیان بۆی.. مرۆڤ پێویستە لە هیچ

کاتوساتێکی شەو یان رۆژدا دڵنیا نەبێت، کە خودا ئەو شتانەی لێناسەنێتەوە کە پێی بەخشیوە.. وەك چاوو گوێچکەو ئەندامەکانی تری جەستەی.. ئەی ئەگەر خودا ژیریو عەقڵی لێبسەنێتەوە ئەوا حاڵی چۆن دەبێت؟! ئایا کێ لە مرۆڤ لاوازو بێدەسەڵات ترە، ئەگەر بێتو خۆی بناسێت؟! لێرەوە خودای بە بەزەیی ناخۆشیو نەخۆشی بە سەر بەندەکانیدا زاڵ دەکات، بۆئەوەی رووبکەنە خوداو لێی نزیك ببنەوە.. نهێنی گیرابوونی نزاو پارانەوەی ئەم کەسانەش ((نەخۆش، ستەم لێکراو، رێبوار، رۆژووگران)) ئەوەیە کە ئەمانە لە نارەحەتیو ماندوبووندانو لە خودای پەروەردگارەوە نزیکنو لە کەسانی تر زیاتر یادی خودا دەکەن.. رێبوار غەریبو نامۆیە.. رۆژووگر هیلاكو ماندوە.. ستەم لێکراو زەلیلو داماوە.. نەخۆش ئازاری هەیەو نارەحەتە.. پاكو بێگەردی بۆ ئەو خودایەی کە بەزەیی بەو کەسانەدا دێتەوە کە تاقیان دەکاتەوە..

لە نەخۆشخانەی دەروونی..

لە گەشتێکمدا بۆ یەکێك لە وڵاتەکان.. بۆئەوەی چەند وتارو ئامۆژگاریەك پێشکەش بکەم.. ئەو وڵاتەش بەناوبانگ بوو بەوەی کە نەخۆشخانەی زۆر گەورەی تێدایە بۆ نەخۆشیە دەروونیەکان.. ئەو نەخۆشیانەی کە خەڵکی بە (شێتی) ناوی دەبەن..

بەیانیەکەی دوو وتارم پێشکەش کرد.. هێشتا کاتژمێرێکی مابوو بۆ نوێژی نیوەرۆ. عبدالعزیزم لەگەڵ بوو، کە یەکێك بوو لە بانگخوازە بەناوبانگو دیارەکان.. ئێمە لە ئوتومبیلدا بووین.. لام کردەوە بە لایداو وتم: مادام کاتمان بەدەستەوەیە حەز دەکەم بچم بۆ شوێنێك.. وتی: بۆ کوێ؟ وتم: نەخۆشخانەی نەخۆشیە دەروونیەکان.. پێکەنیو وتی: بۆچی؟! دەتەوێت لە عەقلو ژیریت دڵنیا بیت!! وتم: نا.. بەڵام سودی دەبێت بۆمان.. پەندو ئامۆژگاری لێ وەردەگرین.. زیاتر نیعمەتەکانی خودای پەروەردگارمان بۆ دەردەکەوێت.. عبدالعزیز بێدەنگ بوو.. بیری لە حاڵی ئەو نەخۆشانە دەکردەوە.. هەستم کرد زۆر غەمبار بوو.. چونکە کەسێکی زۆر نەرمونیانو بەسۆز بوو.. زیاد لە پێویست کەسێکی سۆزدار بوو.. چووین بۆ ئەویو

رووومان کردە بینایەك کە وەك ئەشـــکەوت وا بوو.. بە درەخت چواردەور درا بوو.. وەکو شـــێوەی تارمایی‌و شەبەحێك دەردەکەوت.. یەکێك لە پزیشکەکان پێشـــوازی لێکردیـــن.. بەخێرهاتنـــی کردین‌و پاشـــان بە نەخۆشـــخانەکەدا گێراینی.. پزیشکەکە دەستی کرد بە قسەکردن دەربارەی نارەحەتی‌و ناخۆشی نەخۆشـــیەکان.. پاشان وتی: ئەوەی من بۆتانی باس دەکەم، وەك ئەوە نیە کە بـــە چاوی خۆتان ببینن.. بردمانی بۆ یەکێ لە ڕاڕەوەکان.. لێرەو لەوێ گوێ بیستی چەندان هاوارو دەنگ بووین.. ژووری نەخۆشەکان بەمبەرو ئەوبەری ڕاڕەوەکەدا دابەشکرا بوو.. لە لای ڕاستدا بە لای ژوورێکدا ڕۆیشتین.. سەیری ژوورەکەم کردو زیاتر لە دە جێگەی چۆڵی تێدا بوو.. تەنها جێگەیەك نەبێت، پیاوێکی لە سەر ڕاکشا بوو، دەست‌و قاچی دەجوڵاند.. رووم کردە پزیشکەکەو لێم پرسی: ئەمە چیە؟ وتی: شێتە.. توشی پەرکەمیش دێت.. لە ماوەی پێنج یان شـــەش کاتژمێرێکـــدا پەرکەم لێی دەدات.. وتم: لاحـــول ولاقوة إلا بالله.. لەکەیەوە بەم شێوەیەیە؟! وتی: دە ساڵ زیاترە.. هەست‌و سۆزم لە دەروونمدا شاردەوە.. بە بێدەنگی هەنگاوم ناو ڕۆیشتم.. لەدوای چەند هەنگاوێك بە لای ژوورێکی تردا ڕۆیشـــتین‌و دەرگاکەی داخرا بوو.. لە دەرگاکەیدا کرانەوەیەك یـــان پەنجەرەیەکی بچـــوك هەبوو.. پیاوێك لـــە ژوورەوە دیار بوو.. هەندێك ئاماژەی بۆ کردین کە لێی تێنەدەگەیشتین.. چاوم بە ژوورەکەدا گێرا.. زەوی‌و دیوارەکانی ڕەنگێکی کاڵی هەبوو.. پرســـیارم کرد ئەمەیان چیە؟ وتی شێتە.. وتـــم: ئەزانم شـــێتە.. ئەگەر شـــێت نەبوایە لێرە نەمـــان دەبینی.. چیرۆك‌و بەســـەرهاتی ئەمە چیە؟ وتی: ئەم پیاوە کاتێك دیوار دەبینێ، تورە دەبێت‌و بە دەســـت‌و قاچی لە دیوارەکان دەداو جاری واش هەیە سەری بە دیوارەکاندا دەکێشـــێت.. ڕۆژێك پەنجەکانی دەشـــکێت.. ڕۆژێك قاچی.. ڕۆژێك ســـەری.. ڕۆژێـــك... نەمانتوانی چاری بکەین.. لەم ژوورەدا بەندمان کردووەو هەروەك دەیبینی.. زەوی‌و دیوارەکانیشـــمان بە ئیسفەنج داپۆشیوە.. چۆن دەیەوێت با بە دیوارەکاندا بکێشێت..

پاشـــان پزیشـــکەکە بێدەنگ بوو وە لە پێشـــمانەوە ڕۆیشـــت.. بەڵام من‌و عبدالعزیز وەستابووین‌و لەبەرخۆمانەوە قسەمان دەکردو دەمان وت: (الحمدلله الذي عافانا مما إبتلاك به).. پاشـــان ڕۆیشتین هەتا گەیشتینە ژوورێك زیاتر

لە سـێ پیاوی تێدا بوو.. هەریەکە بە شـێوازێك.. هەبوو بانگی دەدا.. هەبوو گۆرانی دەوت.. ئەوی تریان سەمای دەکرد.. ئەوی تر هەر ئاوری دەدایەوە.. لە نێوانیاندا سێ کەس هەبوون، کە لە سەر کورسی دایان نیشاندبوون‌و دەست‌و قاچیان بەسـترابوونەوەو سەیری ئەملاو ئەولایان دەکردو هەوڵی کردنەوەی خۆیان دەداو نەیان دەتوانی.. سـەرم سـورماو لە پزیشکەکەم پرسی: ئەمانە چین؟! بۆچی تەنها ئەم سـیانە بەسـتراونەتەوە؟! وتی: ئەمانە هەر شـتێك لە پێشـیانەوە بێت لێی دەدەن.. پەنجەرەو دەرگا دەشـکێنن.. لەبەرئەوە لە بەیانیەوە تا ئێوارە بەم شـێوەیە دەیان بەسـتینەوە.. وتـم: ماوەی چەنێکە وان؟ وتی: ئەوەیان دە ساڵە.. ئەوی تر حەوت ساڵە.. ئەوی تریان تازەیە پێنج سـاڵە.. هەر بیرم دەکردەوە.. سـوپاس بۆ ئەو خودایەی کە ئێمەی پاراستووە لەوەی کە ئەوان توشـی بوون.. پرسـیارم کردو وتم: دەرگای چوونە دەرەوە لە نەخۆشـخانە لە کوێوەیە؟ وتی: ژوورێك مـاوە.. پەندو ئامۆژگاری تازەی تێدایە.. وەرە.. دەسـتی گرتم‌و بردمی.. ئەوەی بینیم هاوشێوەی ژوورەکانی تر بوون.. کۆمەڵە نەخۆشێك، هەریەکەی بە شێوازێك.. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسـورمان بوو.. پیاوێك بوو تەمەنی زیاتر لە پەنجا سـاڵ دەبوو.. سەری سپی ببوو.. بە چیچکانەوە لە سەر زەوی دانیشت بوو.. خۆی کورژ کردبۆوە.. بە چاوێکی لارو بە تیلەی چاو سـەیری دەکردین.. بە ترس‌و لەرزەوە ئاوری دەدایەوە.. ئەمانە هەمووی ئاسایی بوون.. بەڵام ئەوەی ترساندمی‌و بەلامەوە نامـۆ بوو.. بە تـەواوی وروژاندمی.. ئەوە بوو کە پیاوەکـە روت‌وقوت بوو.. هیـچ جل‌وبەرگێکی لەبەردا نەبوو.. تەنانەت عەورەتیشـی بە دەرەوە بوو.. رەنگم گۆرا.. یەکسـەر لام کردەوە بە لای پزیشکەکەدا.. کاتێك بینیمی چاوم سـور هەڵگەراوە.. پێی وتم: ئارام بە.. بۆت بـاس دەکەم بۆچی ئاوایە.. ئەم پیاوە هەرکاتێك جل‌وبەرگمان لەبەردەکرد، بە ددانەکانی دەیدرندو دەیویست قوتیان بـدات.. رۆژانە زیاتر لە دە دەسـت جل‌وبەرگمان لەبەر دەکرد بەڵام دەیدراندو بەم شـێوەیە دەمایەوە کە دەیبینی.. ئێمەش بەم شـێوازە وازمان لێهێناوە بە هاوین‌و زستان.. ئەو کەسانەش کە بەدەوریەوەن شێتن‌و عەقڵیان پێناشکێت کە بۆچی ئاوایە..

هاتمە دەرەوە.. نەمتوانی زیاتر ئارام بگرم.. بە پزیشکەکەم وت: دەرگاکەم

پیشان بدە بۆنەوەی بچمە دەرەوە.. وتی: هەندێك بەشی تر ماوە.. وتم: ئەوەی بینیمان بەسە.. پزیشکەکە ڕۆیشتو منیش لە تەنیشتیەوە.. بە بێدەنگی دەرۆیشتین.. لەپڕ لای کردەوە بە لامدا، وەك ئەوەی بیری شتێکی بکەویتەوە کە بیری چوو بێتو وتی: یاشێخ لێرە پیاوێك هەیە لە بازرگانە گەورەکان.. سەدان ملیۆن پارەی هەیە.. توشی نەخۆشیەکی عەقلی بووە.. ماوەی دوو ساڵە منداڵەکانی هێناویانە بۆ ئێرە.. پیاوێکی تری لێیە ئەندازیارە لە کۆمپانیای.... کەسێکی تری لێیە کە.... پزیشکەکە دەرۆیشتو هەر قسەی بۆ دەکردین دەربارەی هەندێك کەس کە زەلیل بوون لەدوای ئەوەی خاوەن پلەوپایە بوون.. هەندێکی تر لەدوای دەوڵەمەندی هەژار بوون.. دەرۆیشتمو هەر بیرم دەکردەوە.. پاكو بێگەردی بۆ خودا کە رزقو ڕۆزی لە نێوان بەندەکانیدا دابەش کردووە.. بەوەی کە بیەوێت دەبەخشێت.. یان لێی دەگرێتەوەو پێی نابەخشێت.. هەندێك جار خودای گەورە ماڵو سەروەتو سامانو پلەوپایەو ناوبانگ بە کەسێك دەبەخشێت، بەڵام ژیریو عەقڵی لێوەردەگرێتەوە.. دەبینێت لە زۆربەی کەس دەوڵەمەندترە.. لە زۆربەی کەس جەستەی زۆر بەهێزترە، بەلام لە نەخۆشخانەی دەروونی یان لە شێتخانە بەند کراوە.. کەسی واش هەیە پلەوپایەی بەرزی هەیە.. ماڵو سامانی زۆر.. عەقڵو ژیریەکی گەورە.. بەڵام لەشی ساغ نیەو نەخۆشە.. جاری وا هەیە کەسانێك دەبینی بیست یان سی ساڵە لە سەر جێگە کەوتووەو ماڵو سامانو پلەوپایە هیچ سودێکی پێناگەیەنن.. ﴿وَرَبُّكَ يَخْلُقُ مَا يَشَاءُ وَيَخْتَارُ مَا كَانَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ سُبْحَانَ اللَّهِ وَتَعَالَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ﴾ القصص/ ٦٨ واتە:(هەر پەروەردگاری تۆیە هەرچیەکی بوێت دروستی دەکاتو هەڵیدەبژێرێت، خەڵکی ئەو دەسەڵاتەیان نیەو سەرپشك نەکراون، پاکیو بێگەردیو بڵندی بۆ خودایە لە بەرامبەر ئەو شتانەدا کە نەفامان دەیکەن بە شەریكو هاوەڵ). بۆیە ئەو کەسانەی کە توشی تاقیکردنەوەو بەڵایەك هاتوون، زۆر بە خێرایی پێویستە بزانن کە لە لایەن پەروەردگارەوە دیاریەکیان پێبەخشراوە.. ئەگەر ماڵو سامانی زۆری پێنەبەخشیوی، بە دڵنیاییەوە لەش ساغی پێبەخشیوی.. ئەگەر لەش ساغی پێنەبەخشیوی، بە دڵنیاییەوە ژیری پێبەخشیوی.. لە هەموو نیعمەتەکانیش گەورەتر ئەوەیە کە ئیسلامەتی پێبەخشیوی.. دەی پیرۆزت بێتو خۆشی بۆ

خۆت، كە لە ژێر سایەی ئیسلامدا دەژیت‌و لە ژێر سایەی ئیسلامدا دەمریت.. دەی پڕ بە دەنگ‌و بە بەرزی هاوار بكەو بڵێ: سوپاس بۆ خودا.. سوپاس بۆ خودا..

شیرینی پاداشت..

لە بیاباندا دەڕۆیشتم‌و ڕێگەم لێ ون بوو.. لە لای ڕەشماڵێكی كۆن وەستام.. سەیری ناو ڕەشماڵەكەم كرد، پیاوێك لە سەر زەویەكە زۆر بە ئارامی دانیشت بوو.. هەردوو دەستی براوبوو.. چاوەكانیشی لە دەست دابوو.. هیچ كەسێكی نزیكیشی لەلا نەبوو.. لەبەرخۆیەوە بە چەند وشەیەك ورتەورتی دەكرد.. لێی نزیك بوومەوە زانیم كە دەڵێت: الحمدلله الذي فضلني على كثير ممن خلق تفضيلاً.. واتە:(سوپاس بۆ ئەو خودایەی كە پلەوپایەی منی بەرزكردەوە بە سەر زۆرێك لە دروستكراوەكانیدا).. سەرم سوڕما كە ئەم وشانەی دەوت!! سەیری حاڵیم كرد زۆربەی هەستەكانی لە دەست دابوو.. هەردوو دەستی براونەتەوە.. هەردوو چاوی نابینایە.. خاوەن هیچ شتێك نیە.. سەیری دەوروبەریم كردو گەڕام تا كوڕێك ببینم كە خزمەتی بكات.. یان خێزانێك كە لەگەڵیدا بژێت.. كەسم نەبینی.. بەرەو لای ڕۆیشتم‌و هەنگاوم نا.. هەستی پێكردم‌و پرسیاری كرد كێیە؟ كێیە؟ وتم: السلام علیكم.. من پیاوێكم ڕێگەم ون كردووەو لە ڕەشماڵەكەی تۆدا ڕاوەستاوم.. ئەی تۆ كێی؟ بۆچی بە تەنها لێرە نیشتەجێی؟ كەس‌وكارت لە كوێن؟ ئەی منداڵەكانت؟ كەس‌وكارە نزیكەكانت؟ وتی: من پیاوێكی نەخۆشم.. خەڵكی وازیان لێهێناوم‌و زۆربەی كەس‌وكارەكانیشم مردوون.. وتم: گوێم لێت بوو هەر ئەم وشانەت دوبارە دەكردەوە (الحمدلله الذي فضلني على كثير ممن خلق تفضيلاً) بۆ خاتری خودا كام فەزڵ‌و نیعمەت؟!! تۆ نابینای.. هەژاری.. دەست براوی.. بە تەنهای.. وتی: بۆت باس دەكەم‌و تێت دەگەیەنم، بەڵام داواكاریەكم لێت هەیە، ئایا بۆم جێبەجێ دەكەیت؟ وتم: وەڵامم بدەرەوەو بۆم باس بكە، داواكاریەكەت جێبەجێ دەكەم.. وتی: دەمبینی خودای گەورە بە چەندان تاقیكردنەوە تاقیكردومەتەوەو توشی چەندان بەڵاو نارەحەتی كردووم، بەڵام (الحمدلله الذي فضلني على كثير ممن خلق تفضيلاً).. ئایا خودا ژیری‌و

عەقڵی پێنەبەخشیوم؟ تێدەگەمو بیردەکەمەوە بەهۆی عەقڵو ژیریمەوە.. وتم: بەڵێ.. وتی: چەند کەس دەبینی کە شێتو کەم عەقڵن؟ وتم: زۆر زۆر.. وتی: (الحمدلله الذي فضلني على كثير ممن خلق تفضيلا).. وتی: ئایا خودا بیستنی پێنەبەخشیوم؟ گوێم لە دەنگی بانگ دەبێتو لە قسە تێدەگەمو دەزانم چ لە دەوروبەرم روودەدات.. وتم: بەڵێ.. وتی: چەند کەس هەیە کە کەرنو هیچ نابیستن؟ وتم: زۆر زۆر.. وتی: (الحمدلله الذي فضلني على كثير ممن خلق تفضيلا).. وتی: ئایا خودا زمانی پێنەبەخشیوم؟ یادی خودای پێدەکەم.. پێویستیەکانی خۆمی پێداوا دەکەم.. وتم: بەڵێ.. وتی: چەندان کەس هەیە کە لاڵنو ناتوانن قسە بکەن؟ وتم: زۆر زۆر.. وتی: (الحمدلله الذي فضلني على كثير ممن خلق تفضيلا).. وتی: ئایا خودای پەروەردگار ئیسلامی پێنەبەخشیومو منی نەگێراوە لە موسڵمانان؟ خودا دەپەرستمو پاداشتیشم لە لای خودایە.. لە سەر بەڵاو نارەحەتیش ئارام دەگرم.. وتم: بەڵێ.. وتی: چەند کەس هەیە بت دەپەرستن؟ یان خاچ پەرستن؟ نەخۆشیشن.. بە دڵنیایشەوە رەنجەڕۆو زەرەرمەندی دونیاو دواڕۆژیشن؟! وتم: زۆر کەس.. وتی: (الحمدلله الذي فضلني على كثير ممن خلق تفضيلا).. پیاوەکە هەر نیعمەتەکانی پەروەردگاری دەژمارد کە پێی بەخشیبوو.. سەرم سورما لە باوەری بەهێزی ئەم پیاوە.. زۆر رەزامەند بوو بە بەشی خودا.. چەندان نەخۆش هەن کە بە قەد چواریەکی ئەم پیاوە نەخۆش نین.. وەك ئەو کەسانەی کە توشی شەلەل بوون.. یان کەر بوون.. یان نابینا بوون.. یان ئەندامێکی جەستەیان لە دەستداوە.. ئەگەر بێتو بەو پیاوە پیرەیان بەراورد بکەین، ئەوا وەکو لەش ساغ وان.. لەگەڵ ئەوەشدا بێتاقەتو غەمبارنو زۆر سکاڵای حاڵی خۆیان دەکەن.. نائارامن.. دەگرین.. لە پاداشتی تاقیکردنەوەکانیان دڵنیا نین.. بە راستی ئەگەر نارەحەتیەکانی ئەم پیاوە پیرە بە سەر نەتەوەیەکدا دابەش بکرایە بەشی دەکردن..

هەر بیرم دەکردەوە، هەتا پیاوە پیرەکە وتی: ها.. داواکاریەکەمت لە بیرە؟ ئایا بۆم جێبەجێ دەکەیت؟ وتم: بەڵێ.. پێویستیو داواکاریەکەت چیە؟ کەمێك سەری داخستو پاشان سەری بەرزکردەوەو وتی: کەسم لەگەڵ نیە تەنها کوڕێکی چواردە ساڵانم نەبێت.. هەرئەوە کە نانو ئاوم پێدەدات..

دەســـت نوێژم بۆ دەشوات.. بە کارەکانم هەڵدەسێت.. لە بەیانییەوە ڕۆیشتووە بۆئەوەی خواردنم بۆ پەیدا بکات، تاوەکو ئێســـتا نەگەڕاوەتەوە.. نازانم ماوە یـــان مردووە.. هەروەك دەمبینی من پیاوێکی پیری نابینام و ناتوانم بەدوایدا بگەڕێم.. هەواڵیم بۆ بپرسەو ئاگادارم بکە..

پاشـــان هاتمە دەرەوەو نەمدەزانی بـــۆ چ لایەك بڕۆم و کوێی بۆ بگەڕێم؟! دەمویست کەســـێك ببینم و پرســـیاری لێبکەم.. ئاوڕمدایەوە نزیك ڕەشماڵی پیاوەکـــە گردۆڵکەیەکم بینی.. کۆمەڵە قەلەڕەشـــێکی بە ســـەرەوە بوو، وەك ئەوەی بە ســـەر شـــتێکەوە کۆبووبێتنەوە.. لە دڵی خۆمدا وتم: ئەو باڵندانە لە ســـەر لاشـــەیەك یان خواردنێك نەبێت کۆنابنەوە.. بە سەر گردۆڵکەکەدا سەرکەوتم و بەرەو لای باڵندەکان ڕۆیشتم.. باڵندەکان هەڵفرین و کاتێك سەیرم کرد کوڕێکی منداڵکاری لێبوو.. مرد بوو.. جەستەی پارچە پارچە ببوو.. وەك ئەوەی گورگ وای لێکردبێت و پاشان بۆ باڵندەکانی جێ هێشتبێت.. ئەوەندەی بۆ پیاوە پیرەکە غەمبارو دڵتەنگ بووم، ئەوەندە بۆ مردنی کورەکەی دڵتەنگ نەبووم..

لـــە گردۆڵکەکە دابەزیم و هەنگاوم نا.. لە نێوان دڵتەنگی و سەرســـوڕماندا بـــووم.. ئایا بڕۆم و پیـــاوە پیرەکە بەجـــێ بهێڵم و بە تەنیـــا بمێنێتەوە، یان بگەڕێمەوەو هەواڵی کوڕەکەی پێڕابگەیەنم؟! بەرەو ڕەشماڵی پیاوەکە چووم.. گوێم لێبوو یادی خودای دەکرد.. (ســـبحان الله) و (الحمدلله)ی دەکرد.. ئا لەم کاتـــەدا ئەیوب پێغەمبەرم بیرهاتەوە.. چوومە ژوورەوە بۆ لای.. چۆن بەجێم هێشـــتبوو، هەر وابوو.. ســـڵاوم لێکرد.. ئەو هەژارە زۆر بە تاســـەوە بوو، بۆ هەواڵی جگەرگۆشـــەکەی و وتی: کوا کوڕەکەم؟ وتم: سەرەتا وەڵامم بدەرەوە.. تۆ لە لای خودا خۆشەویســـت تری یان ئەیوب (عليه السلام).. وتی: ئەیوب.. دەی بە دڵنیاییەوە تاقیکردنەوەکەی ئەیوب (عليه السلام) لە تاقیکردنەوەکەی تۆ گەورەترەو وای دابنێ کە کوڕەکەت لە لای خودایە.. لە پاڵ چیایەکدا بە مردوویی بینیم.. گورگ لاشـــەکەی خوارد بوو.. بە ئاهو حەسرەتەوە هاواری کردو هەردەیوت: لاإله إلا الله.. منیش هەر ئارامم دەکردەوە.. پاشـــان هاوارەکانی زیادیان کردو لەبەر دەستمدا گیانی سپاردو مرد.. بە ڕاخەرەکەی ژێری داماپۆشی و چووم بۆ ئەوەی کەســـێك بدۆزمەوە، تا یارمەتیم بدات و کارێك بکەین و بینێژین.. سێ

پیاوم بینی بە سەر ئاژەڵەکانیانەوە وەك ڕێبوار وابوون.. بانگم کردنو هاتن بۆ لامو پێم وتن: ئایا دەتانەوێت پاداشتتان دەست بکەوێت؟ لێرە پیاوێکی موسڵمان مردووەو کەسیشی لێ نیە.. دەتوانن هاوکاری یەکتر بکەین بۆ شۆرینو بە خاك سپاردنی؟ وتیان: بەڵێ.. چوونە ڕەشماڵەکەوە بۆئەوەی لاشەکەی هەڵگرن.. کاتێك ڕوخساریان بینی هاواریان کرد: ئەبو قەلابە!! ئەبو قەلابە!! کەسێك بوو لە زانا بەناوبانگەکانیان.. کاتو زەمانو دونیا بۆ کەس هەتا سەر نامێنێو بەڵاو نارەحەتیەکان ددانی تیژیان لێی گیرکردو هەتا بە تەنهاو دوور لە خەڵکی لە ڕەشماڵێکدا ژیاو دوور لە خەڵکیش گیانی سپارد.. بە ئەرکی سەر شانمان هەستاینو ناشتمانو لەگەڵ ئەو سێ کەسەدا ڕۆیشتم بۆ شار.. کاتێك شەو خەوتم ئەبو قەلابەم بینی شێوەیەکی زۆر جوانی هەبوو.. جلوبەرگێکی سپی لەبەردابوو.. جەستەی تەواوو بێ کەموکوڕی بوو.. بە زەویەکی سەوزایی جواندا دەڕۆیشت.. وتم: ئەی ئەبو قەلابە چی وای لێکردیت کە بەم شێوەیە بتبینم؟! وتی: خودای پەروەردگار بەهەشتی پێبەخشیمو لە بەهەشتیشدا پێیان وتم:

﴿ سَلَٰمٌ عَلَيۡكُم بِمَا صَبَرۡتُمۡۚ فَنِعۡمَ عُقۡبَى ٱلدَّارِ ﴾ الرعد/٢٤ واتە: (سڵاوتان لێبێت بەهۆی ئارام گرتنتانەوە، کەوابوو ئای چەندە جێگەو ڕێگەیەکی خۆشتان بۆ خۆتان مسۆگەر کرد)..

هەڵوێستەیەك لەگەڵ سەردانی نەخۆشدا..

بۆچی سەردانی نەخۆش دەکەین؟ لەبەر ماڵو سەروەتو سامانەکەی؟ نەخێر.. ئەوەی سەردانی هەژاران دەکات، لەبەر هێزو تواناکەیەتی؟ نەخێر.. ئەی ئەوەی سەردانی لاوازو لێقەوماوان دەکات، لەبەر پلەوپایەو جوانیەکەیەتی؟ نەخێر.. کەسانی دڵسۆزو خودا ویست لەبەر ئەم هۆکارانە سەردانی ئەم کەسانە ناکەن، بەڵکو لە پێناو بەدەست هێنانی پاداشتدا سەردانیان دەکەن.. بۆئەوەی بەشداری ئازارو نارەحەتی خوشكو برا موسڵمانەکانیان بکەن.. پێغەمبەری خودا (ﷺ) دەفەرموێت: (من عاد مريضا لم يزل في خرفة الجنة، قيل يارسول الله وماخرفة الجنة؟ قال جناها) رواه مسلم واتە: (هەرکەسێك سەردانی نەخۆشێك بکات بەردەوام لە چنینەوەی میوەی

بەهەشــتدایە).. هەروەهــا ئیمامی عەلی (ﷺ) لە پێغەمبــەری خوداوە (ﷺ) دەگێرێتــەوە کە فەرمویەتی: (مامن مســلم یعود مســلما غدوة إلا صلی علیه ســبعون الف ملك حتی یمسي، وإن عاد عشــیة إلا صلی علیه سبعون الف ملك حتی یصبــح، وکان له خریف في الجنة -الثمر المخروف أو المجتني-)رواه الترمذي.

واتە: (هەر موسڵمانێك لە بەیانیدا سەردانی نەخۆشێکی موسڵمان بکات، ئەوا حەفتا هەزار فریشتە هەتا ئێوارە دوعای بۆ دەکەن‌و سەڵاواتی لە سەر دەدەن، وە ئەگەر ئێوارە سەردانی کرد، ئەوا حەفتا هەزار فریشتە هەتا بەیانی دوعای بۆ دەکەن‌و ســەڵاواتی لە سەر دەدەن، هەروەها کۆمەڵە میوەیەکی زۆریشی بۆ هەیە لە بەهەشتدا)..

هەروەها عائیشــە دایکی ئیمانداران (خودا لێــی رازی بێت) دەفەرموێت: هــەر کاتێك پێغەمبەری خودا بچووایە بۆ لای نەخۆشــێك یان نەخۆشــەکە بهاتایە بۆ لای، ئەوا ئەم دوعایەی بۆ دەخوێند: (أذهب البأس، ربَّ الناس، إشفِ أنت الشافي، لاشفاء إلا شفاؤك شفاءً لایُغادرُ سقماً)متفق علیه.

نەخۆشی بەڵەکی..

ئەحمەد منداڵێکی بچوك بوو لە باوەشی باوکیدا.. هەرکات بتبینیایە یان پێدەکەنی یان یاری دەکرد.. ئازارێك لە ســەریدا دروست بوو.. بەڵام ئارامگر بوو.. پاشان ئازارەکەی زۆر زیادی کرد.. زۆر هەوڵیاندا چارەسەری بکەن، بەڵام چارەســەری نەبوو.. بەرەبەرە سەری هەڵدەئاوســاو گەورە دەبوو.. هەتا وای لێهات لە نێوان پێســتی سەری‌و کاسەی سەریدا کێم‌و زوخاو دەهاتە دەرەوە.. هیچ چارەسەرێکیشــی نەبوو.. هەتا سەری قورس بوو.. ئاگای لە خۆی نەماو لە ســەر جێگە کەوت لە خانوویەکی کۆندا کە دیوارەکانی قوڕ بوون، ســەری خانووەکەش بە پەلك‌و داری خورما داپۆشرا بوو.. چاوەڕێی مەرگیان دەکرد.. چەنــد رۆژێك تێپەری‌و ئەحمەدیش بەم حاڵەوە مایەوە.. جوڵەی نەما بوو.. لە شــەوێکی تاریکدا کە چرایەك لە ژوورەکەدا دەسوتاو برایەکی ئەحمەدیش لە نزیك ســەری دانیشــتبوو، چاودێری دەکرد.. لەپڕ دووپشــکە رەشــەیەك لــە نێوان دارەکانی ســەرەوەدا دەرچوو.. بە دیوارەکەدا دەرۆیشــت، هەروەك ئەوەی بەرەو لای ئەحمەد بێت.. براکەشی سەیری دەکرد، بەڵام هیچ کارێکی

نەکرد، بۆئەوەی دووپشــکەکەی لێ دووربخاتەوە.. هیوای دەخواســت پێوەی بدات و ئەمانیش و ئەحمەدیش بحەسێنەوەو رزگاریان بێت.. دووپشکەکە لە ئەحمەد نزیك بۆوە، هەتا گەیشــتە سەر ســەری ئەحمەدو پێوەیدا.. براکەی ئەحمــەد دوورکەوتەوەو لە دوورەوە ســەیری دەکرد.. دووپشــکەکە کەمێك جوڵاو جارێکی تریش پێوەیدا.. بە شــوێنێکی تری ســەریەوە دایەوە.. کێم و زوخاوێکی زۆر لە هەموو بەشــەکانی ســەریەوە هاتەخوارەوە.. براکەشی بە سەرسورمانەوە سەیری دەکردو واقی ورما بوو..

پاشــان دووپشــکەکە بە شــوێنی خۆیدا گەڕایەوە.. براکەی بانگی باوك و براکانی کرد.. بەردەوام کێم و زوخاویان لە ســەری دەسری، هەتا ئاوسانەکەی سەری نەما.. ئەحمەد چاوەکانی هەڵهێناو پاشان لەگەڵیان هەڵسا.. ئەم چیرۆکە (التنوخی) لە کتێبی (الفرج)دا باسی کردووە..

چەندان ناخۆشی هەیە لە ناو خۆیدا خۆشی هەڵگرتووە.. زۆرجار پاداشتی کەســێکی ئارامگر رزگاربوونــە.. باشــترین خوداپەرســتیش چاوەڕێکردنی رزگاربوون و دەرووکردنەوەی خودای پەروەردگارە.. لەبەرئەوەی وا لە بەندەی موسڵمان دەکات، کە دڵی پابەندو پەیوەست بێت بە خودای گەورەوە.. ئەمەش شــتێکی سەلمێنراوەو هەســت پێکراوە لە لایەن ئەو کەســانەوە کە نەخۆشن یــان غەم و نارەحەتیــان هەیە، بە تایبــەت کاتێك کە نەخۆشــەکە بێ هیوا دەبێت لە دروســتکراوەکانی خوداو لە هەموو هۆکارەکان.. هەروەها خەڵکیش بــێ هیوا دەبن لە چاکبوونەوەی نەخۆشــەکە.. ئەو کاتەی نەخۆشــەکە دڵی بە تەنها پەیوەســت دەبێت بە خــودای گەورەوەو دەڵێت: ئــەی پەروەردگار هیوام بە کەس نەماوە تەنها تۆ نەبێت، پشــتیوان بە خودا شــیفای بۆ دێت.. پارانەوەو پەیوەست بوونیش تەنها بە خوداوە، لە گەورەترین هۆکاری شیفاو رزگاربوونی نەخۆشن..

پلەیان پێ بەرزدەکاتەوە..

رۆژێــك پێغەمبەری خودا (ﷺ) دەچێتە ژوورەوە بۆ لای دایکی ئیمانداران عائشــە (خــودا لێی رازی بێت)و دەبینێت ســەری بەســتووەو لــە تاو ئازار دەناڵێنێــت.. پێغەمبــەری خودا (ﷺ) پێــی دەفەرموێت: ئــەوە چیتە ئەی

عائشــە؟ عائشــەش (خودا لێی ڕازی بێت) فەرموی: تام لێهاتووە، بەرەکەتی خــودای لێنەبێتو خودا لە نــاوی بدات.. پێغەمبەری خــودا (ﷺ) فەرموی: (لاتسـبي الحمّى، فإنها تــأكل خطايا إبن آدم كما تأكل النار الحطب) رواه مسلم. واتــە: (جنێوو قســە بە تا مەڵێن، بــە دڵنیاییەوە تا هەڵــەو تاوانو گوناهی مرۆڤەکان لەناودەبات هەروەك ئاگر دار لەناودەبات)..

جــاری وا هەیــە خــودای پەروەردگار پلەوپایــەی بەندەکانــی ئەوەندە بــەرز دەکاتەوە، کە هەرگیز بە کردارەکانی خۆیــان ئەوەندە بەرز نابێتەوە، بەڵام خــودای گەورە بەهۆی تاقیکردنەوەی بەندەکانیــەوە ئەو پلەوپایەیان پێدەبەخشێت..

پێغەمبەری خــودا (ﷺ) دەفەرموێت: (إن الرجل ليكون له عندالله المنزلة، فمــا يبلغها بعمل، فمايزالُ يبتليه بمايكرَهُ حتى يبلُغهُ إياها) رواه إبن حبان. واتە: (مرۆڤ لە لای خودا شوێنو پلەوپایەیەکی هەیە، کە هەرگیز بە کردەوەکانی خــۆی پێی ناگات، خــودای گەورە بــەردەوام بە نارەحەتیو ناخۆشــی تاقی دەکاتەوە هەتا دەیگەیەنێت بەو شوێنو پلەوپایەیە)..

ئەبــو هورەیرە (ﷺ) دەفەرموێت: هیچ نەخۆشــیەکم بە قەد نەخۆشــی تــا لەلا خۆش نیە کە توشــم بێت.. لەبەرئەوەی تــا دەچێتە هەموو ئەندامو جومگەکانی جەستەی مرۆڤەوە کە ٣٦٠ جومگە لە لەشی مرۆڤدا هەیە..

پاڵەوان..

ئەبو عبدالله زۆر جیاواز نەبوو لە هاوەڵەکانی ترم، بەڵام خودا شایەدە لە هەموویان زیاتر ســور بوو لە سەر ئەنجامدانی کاری خێر.. چەندین چالاکی بانگخــوازی هەبــوو.. لە دیارترینیان ئــەوە بوو کە لە کاتــی کارەکەیدا پێی هەڵدەستا، کە لە پەیمانگای کەڕو لاڵەکان وەرگێر بوو..

ڕۆژێك پەیوەندی پێوە کردمو وتی: پێت چۆنە دوو کەس لە کەڕو لاڵەکانی پەیمانگە ئامادە بکەم، بۆئەوەی لە مزگەوتەکەتدا ئامۆژگاری نوێژخوێنەکان بکەن.. سەرم سوڕما!! وتم: کەڕو لاڵ ئامۆژگاریو قسە بۆ کەسانێك بکەن کە دەبیستنو قسە دەکەن؟! وتی: بەڵێ.. ڕۆژی یەکشەممە دەیان هێنم.. چاوەڕێی ڕۆژی یەکشــەممەم دەکرد.. ئارامم لێبڕا بوو.. ڕۆژی یەکشەم هاتو لە دەرگای

مزگەوت وەســتامو چاوەڕێم دەكردن.. ئەبو عبداللە بە خۆیو سەیارەكەیەوە هــات.. لە نزیك دەرگای مزگەوت وەســتا.. دابــەزیو دوو پیاوی لەگەڵ بوو.. ســەیری یەكەمیانــم كرد كەرێــشو لاڵیش بوو.. نەدەیبیســتو نەقســەی دەكرد.. بەڵام چاوی ســاغ بوو.. دووەمیان كەر بوو.. لاڵ بوو.. كوێریش بوو.. نەدەیبیستو نەقسەی دەكردو نەدەیبینی!! دەستم درێژ كردو تەوقەم لەگەل ئەبو عبداللە كرد.. زانیم ئەوەی تەنیشــتی ناوی ئەحمەدە.. بە زەردەخەنەو ڕوویەكی خۆشەوە سەیری دەكردمو تەوقەم لەگەڵ ئەویشدا كرد.. ئەبو عبداللە ئاماژەی بۆ نابیناكە كردو وتی: ســلاو لە فایزیش بكە.. وتم: السلام علیكم.. ئەبو عبداللە وتی: دەســتی بگــرە، چونكە ئەو نە گوێی لێتــەو نەدەتبینێ.. دەستم خســتە ناودەستیو دەستمی گوشــی.. خەڵكی چوونە ژوورەوە بۆ ناو مزگەوتو لەدوای نوێژی عیشــا ئەبو عبداللە لە ســەر كورســیەك دانیشتو ئەحمــەد لە لای ڕاســتیو فایزیش لە لای چەپیەوە دانیشــتن.. خەڵكەكە بە سەرسورمانەوە سەیریان دەكردو نەیان بینیبوو كە كەرو لاڵ لە سەر كورسی ئامۆژگاریكار دابنیشێت.. ئەبو عبداللە لای كردەوە بە لای ئەحمەدداو ئاماژەی بۆ كرد.. ئەحمەد دەســتی پێكردو دەســتەكانی بەكاردەهێناو دەیجوڵاندن.. خەڵكیــش هەر ســەیریان دەكردو هیچ تێنەدەگەیشــتن.. ئەبــو عبداللە لە مایكرۆفۆنەكە نزیك بــۆوەو وتی: ئەحمەد چیرۆكی گەرانەوەو هیدایەتدانی خــۆی دەگێڕێتەوەو پێتان دەڵێت: بە كەری لە دایك بووم.. لە شــاری جەددە گەورە بووم.. كەسوكارم پشت گوێیان خستبوومو بە هیچ شێوەیەك ناوڕیان لێنەدەدامەوە.. خەڵكیم دەبینی دەچوون بۆ مزگەوت، بەڵام نەمدەزانی بۆچی دەچوون!! هەندێك جار باوكمم دەبینی بەرماڵەكەی ڕادەخســتو كڕنوشــی دەبــرد، بەڵام من نەمدەزانی چی دەكات.. كاتێكیش پرســیارم لە كەسوكارم دەكرد لێم تورە دەبوونو وەڵامیان نەدەدامەوە.. پاشان ئەبو عبداللە بێدەنگ بــوو، ئاوڕی بۆ لای ئەحمەد دایەوەو ئاماژەی بۆ كرد.. ئەحمەد بەردەوام بوو لە گێڕانەوەی ژیانی خۆی.. بە دەســتەكانی ئاماژەی دەكرد.. پاشان ڕوخساری گۆڕا، وەك ئەوەی كاریگەری شتێكی لە سەر بێت.. ئەبو عبداللە سەری داخستو پاشان ئەحمەد دەستی كرد بە گریان.. بە كوڵ گریا.. گریانەكەی كاریگەریەكی زۆری لە سەر خەڵكەكە هەبوو.. بەڵام نەیاندەزانی بۆ دەگریەت.. ئەبو عبداللە

وتی: ئەحمەد باسی ئەو کاتەتان بۆ دەکات، کە چۆن خودای ناسی.. چۆن نوێژی کرد.. بەهۆی کەسێکەوە کە لە سەر شەقام بینیویەتی‌و سۆزی بۆ لای جولاوەو فێری کردووە.. کاتێك کە سەرەتا دەستی کردووە بە نوێژ کردن هەستی بە نزیك بوونەوەی لەگەڵ خودادا کردووە.. هەستی کردووە لە سەر ئەم تاقیکردنەوەیەی خودای پەروەردگار پاداشتی دەداتەوە.. باسی ئەوەی کرد کە چۆن هەستی بە تام‌و شیرینی باوەر کردووە.. ئەبو عبدالله پاشماوەی چیرۆکی ئەحمەدی بۆ دەگێرایەوە.. زۆربەی خەڵکیش کەوتبوونە ژێر کاریگەری ئەحمەدەوە.. بەلام من سەرقاڵ بووم.. جارێك سەیری ئەحمەدم دەکردو جارێك سەیری فایز.. لە دڵی خۆمدا دەموت، ئەوە ئەحمەد دەبینێ‌و زمانی ئامارەش دەزانێت‌و (ئەبو عبدالله)ش لێی تێدەگات.. ئەی چۆن لە فایز تێبگات؟! چونکە نەدەبینێ‌و نەدەبیستێ‌و نەقسە دەکات!!

ئەحمەد تەواو بوو.. فرمێسکەکانی دەسری.. ئەبو عبدالله لای کردەوە بە لای فایزدا.. لە دڵی خۆمدا وتم: ها.. دەبێت چی بکات؟! ئەبو عبدالله بە پەنجەکانی دەستی کێشای بە ئەژنۆی فایزدا.. فایزیش وەکو تیر لە کەوان دەرچێت، باسێکی زۆر کاریگەری پێشکەش کردین.. دەزانن چۆن؟ بە قسە؟ نەخێر.. چونکە لاڵ بوو، قسەی نەدەکرد.. ئەی بە ئامارە؟ نەخێر؟ چونکە نابینا بوو.. زمانی ئامارەی نەدەزانی، بەڵکو بەهۆی هەستی دەست لێدانەوە، ئەبو عبدالله دەستی لەبەردەم دەستەکانی فایزدا دادەناو بەهۆی چەند دەست لێدانێکی تایبەتەوە تێیدەگەیاندو پاشان ئەبو عبدالله بۆ ئێمەی باس دەکردو تێیدەگەیاندین.. نزیکەی چارەکێکی پێچوو.. فایز کەسێکی ئارام‌و لەسەرخۆ بوو.. نەیدەزانی کە ئەبو عبدالله لە قسەکانی تەواو بووە یان نا.. لەبەرئەوەی نەدەیبیست‌و نەدەیبینی.. لەبەرئەوە کاتێك ئەبو عبدالله لە وەرگێرانەکەی تەواو دەبوو، بە پەنجەکانی دەستی دەیکێشا بە ئەژنۆی فایزداو پاشان دەستەکانی لە نێوان دەستی فایزدا دادەناو فایزیش بە چەند دەست لێدانێك تێیدەگەیاند.. خەڵکەکە چاویان لە نێوان فایزو وەرگێرەکەیدا دەگێرا.. سەریان سورما بوو.. فایز خەڵکەکەی هان دەدا بۆئەوەی تەوبە بکەن‌و بگەرێنەوە.. جارێك گوێچکەی دەگرت.. جارێك زمانی.. جارێك دەستەکانی لە سەر چاوەکانی دادەنا.. فرمانی بە خەڵکەکە دەکرد کە گوێ‌و

چـاوو زمانیان لە حەرام بپارێزن.. سـەیری خەڵکەکەم دەکرد.. هەندێکیانم دەبینی لەبەرخۆیانەوە دەیان وت: (سـبحان الله).. هەندێکی تریان بە چرپە لەگەڵ یەکدا قسـەیان دەکرد.. هەندێکیشـیان زۆر بە تامەزرۆوە هەسـتیان راگرتبـوو.. هەندێکیـان دەگریان.. بەڵام هەسـتو دەروونی مـن زۆر دوور رۆیشـت.. بەراوردی توانای فایزم کرد لەگەڵ توانای ئـەو هەموو خەڵکەدا.. پاشان بەراوردی خزمەتکردنی فایزم کرد بۆ ئاینەکەی لەگەڵ ئەو خەڵکەدا.. ئەو خەمەی کە کەسێکی نابینای کەرو لاڵی وەك فایز داویەتی بە سەر شانیدا، لەوانەیە زۆر زیاتر بێـت لە خەمی هەموو ئەو خەڵکانەی کە بۆ ئاینەکەیان هەیانـە.. هەزار کەس لە خەڵکـی وەك فایز نابنو فایزیش وەك هەزار کەس وایە لە خەڵکی.. کەسێك کە تواناکانی دیاریکراون، بەڵام لە پێناو ئاینەکەیدا وەکو مۆم دەسـوتێت.. هەست دەکات کە سەربازێکە لە سەربازەکانی ئیسلام.. خـۆی بە بەرپرس دەزانێت لـە بەرامبەر هەموو ئەو کەسـانەدا کە یاخیو سـەرپێچیکەرن.. زۆر بە گەرمی دەسـتەکانی دەجولاند.. وەك ئەوەی بڵێت: ئەی ئەو کەسەی نوێژەکانت ناکەیت، تاکەی؟! ئەی ئەو کەسەی بە چاوەکانت سـەیری حـەرام دەکەیت، تاکەی؟! ئـەی ئەو کەسـەی کەوتویتەتە زەلکاوی سـەرپێچیەوە، تاکـەی ناگەڕێیتەوە؟! ئەی ئەو کەسـەی حـەرام دەخۆیت.. ئەی ئەو کەسـەی کەوتویتەتە نـاو هاوەڵ پەیداکرنەوە بـۆ خودای گەورەو تاكو تەنها.. هەموو ئەو کەسـانە.. تاکەی؟! ئایـا دوژمنایەتی دوژمنەکانمان بـۆ ئاینەکەمان بەس نیـە؟! ئێوەش دوژمنایەتی ئاینەکەتـان دەکەن؟! فایز دەیویسـت ئەوەی لـە دڵیدا هەیە بیخاتـە روو.. خەڵکەکە زۆر پێی کاریگەر بوون.. گوێم لە گریانو دەنگی (سبحان الله) بوو.. فایزیش تەواو بوو، هەستاو ئەبو عبدالله بە دەسـتەکانی گرتی.. خەڵکی لە دەوری کۆبوونەوەو سـڵاویان لێدەکرد.. ئەویش سـڵاوی لە خەڵکەکە دەکرد.. هەستم دەکرد خەڵکی لە لای فایز هەموو یەکسـانن.. سڵاوی لە هەمووان دەکرد.. جیاوازی لە نێوان کەسدا نەدەکرد.. گـەورەو بچوك.. بەهێزو لاواز.. دەوڵەمەندو هەژار.. هەمووان لە لای یەکسان بوون.. ئەبو عبدالله دەستی فایزی گرتو بەرەو دەرەوەی مزگەوت رۆیشـتنو فایـزو وەرگێڕەکـەی لە کامەرانیەکـی گەورەدا بـوون.. ئای لەم دونیایـە.. چەندان کەس هەن بە قەد چوار یەکی فایز لە نارەحەتیو ئازاردا

نـــین، بەڵام ناتوانن بە ســـەر خەمو نارەحەتیەکانیاندا ســـەرکەونو زاڵ بن.. کوان ئەو کەســـانەی نەخۆشی درێژخایەنیان هەیە.. ئازارو سستی گورچیلە.. شـــەلەل.. جەڵتە.. بۆچی خۆشی لە ژیانیان وەرناگرن؟! بۆچی خۆیان لەگەڵ ژیاندا ناگونجێنن؟! چی لەوە جوانترە کاتێك خودای گەورە بەندەیەکی توشی نارەحەتیو نەخۆشی دەکاتو پاشان سەیری دڵی بەندەکەی دەکات، دەبینێت ڕەزامەندو ئارامگرە؟! ڕۆژەکان تێپەڕینو بەردەوام وێنەی فایز لە پێش چاوم بوو..

دوای ئەوە ڕۆژێك بە ئەبو عبداللە گەیشتمو پرسیاری فایزم لێکرد.. وتی: ئەو پیاوە نابینایە شـــتی زۆر ســـەیر لـــە ژیانیدا هەیە.. وتـــم: چۆن؟! وتی: لە ژیانمدا کەســـم نەبینیوە بە وێنەی فایز لە ســـەر نوێژەکانی ســـور بێت.. فایـــز لە ناوچەیەکی دەرەوەی شـــاری ڕیازە.. ژوورێکمـــان لە پەیمانگاکەدا بۆ نیشـــتەجێ بوونی ئامادەکردووە.. کارگوزارێکیشـــمان دانـــاوە بۆئەوەی ئاگای لێبێـــتو خواردنـــی بۆ ئامادە بکاتو بـــۆ نوێژەکانی خەبـــەری بکاتەوەو بە پێویســـتیەکانی هەڵبســـتێت.. کارگوزارەکە لە کاتی نوێژەکاندا دێت بۆ لایو دەرگاکـــە دەکاتەوە، فایزیش دەســـت نوێژ دەگرێتو چاوەڕێـــی کارگوزارەکە دەکات کە دەستی بگرێتو بیبات بۆ نوێژی جەماعەت بۆ مزگەوت.. هەندێك جار کارگوزارەکە دوادەکەوت، فایز بە پەلە لە دەرگاکەی دەدا لە ترسی ئەوەی نوێژەکـــەی بە جەماعـــەت نەچێت.. لە نێـــوان فایزو مزگەوتەکەشـــدا دوو شـــەقامی ڕووبەڕووی یەك هەبوون.. فایز دەڕۆیشتو دەستەکانی دەجوڵاند، بۆئەوەی ئەگەر ئوتومبیلی لێبوو شۆفێرەکان بیبینن.. چەندان ئوتومبیلیش بەهۆی فایزەوە لێکیان دابوو.. فایز شتی سەیری هەیە.. جارێك لەدوای عەسر چـــووم بۆ پەیمانگە.. کۆمەڵێك لە کـــەڕو لاڵەکان لەبەردەم دەرگای پەیمانگە چاوەڕێـــان دەکردو ئاماژەیان دەکرد کە فایز گرفتێکی هەیە.. چووم بۆ لایو کاتێـــك بینیم، ســـەیرەکەم زۆر تورەیەو دەســـتەکانی دەجوڵێنێتو ئەوانەی دەوروبەریشـــی لێی تێناگەن.. کاتێك دەســـتم خستە ناو دەستیەوە، ئاسیمیو بە توندی دەســـتی گرتم.. چەند دەســـت لێدانێکی دیاریکراوی لێدامو منیش بە هەمان شـــێوە دەستم لێدایەوەو ئارام بۆوە.. دەزانی چی تورەی کرد بوو؟! نوێـــژی بەیانی ئەو ڕۆژەی بە جەماعەت لەدەســـت چوو بـــوو.. دەیوت: ئەو

کارگوزارە دەرکەن‌و بیگۆڕن بە یەکێکی تر.. منیش تورەییەکەیم ڕەواندەوە.. سۆزو بەزەیی خودات لێبێت ئەی فایز.. خودا بەزەیی بە ئێمەشدا بێتەوە..

غەمی گەورە..

لــە مانگــی ڕەمەزاندا بۆ گەشــتێکی بانگخوازی چووم بۆ وڵاتی ســوید.. بۆئەوەی چەند ئامۆژگاریەك پێشــکەش بکــەم.. کۆمەڵێك برا بانگیان کردم بــۆ یەکێك لە ناوەندە ئیســلامیەکان بــۆ چاوپێکەوتنی کۆمەڵــە گەنجێکی موسلمانی سویدی.. دوای نیوەڕۆ چوومە ناوەندەکەوە.. لە شێوەی بازنەیەکدا دانیشتبوون‌و چاوەڕێ بوون.. سەرنجم چووە سەر مێرد منداڵێك کە تەمەنی لە پانزە ســاڵ کەمتر دەبوو.. ناوی محمد بوو.. ڕەگەزنامەی سویدی هەبوو.. بەڵام لە بنەڕەتدا ســۆمالی بوو.. لە ســەر کورســیەکی جوڵاو دانیشــتبوو.. دەســتەکانی بــە تەنیشــتەکانی کورســیەکەوە بەســترابونەوە، لەبەرئەوەی بەردەوام دەستەکانی دەجولاندو نەیدەتوانی بە سەریاندا زاڵ بێت.. سەرەڕای ئەمەش لاڵیش بوو نەیدەتوانی قسە بکات.. سەریشی بە بەردەوامی دەجوڵا.. کاتێك بینینم بەزەییم پیایدا هاتەوەو سۆزم بۆی جوڵا.. لێی نزیك بوومەوە.. زەردەخەنە کەوتە ســەر لێوی‌و ســەیری دەکردم‌و ئەگەر بیتوانیایە لەبەرم هەڵدەســتا.. ســلاوم لێکرد.. لە ئینگلیزی‌و ســویدی بە باشــی تێدەگەیشت، بەڵام عەرەبی تێنەدەگەیشت.. ســەرەتا باسی نەخۆشی‌و پلەوپایەو پاداشتی نەخۆشــیم بۆ کرد.. ســەری دەجولاندو بە ئاماژە بەڵێی بۆ دەکردم.. تێبینیم کرد لە بەرامبەریەوە لەوحەیەکی بچوك هەیەو لاپەڕەی پێدا هەڵواسراوە کە چوارگۆشــەی بچوك بچوکی تێدایە.. لە هەر چوارگۆشەیەکیشــدا ڕستەیەکی مانابەخش‌و بەســود نوســراوە، وەك: من برســیمە.. ناتوانم.. پەیوەندی بە هاوڕێکەمەوە بکە.. هتد.. سەرم لەم لاپەڕەیە سوڕما!! یەکێك لە ئامادەبووان هەواڵی پێدام، کە ئەم کورە ئەگەر بیویســتایە قســەیەك بکات، حەڵقەیەکی خریــان دەکردە ســەری کە شــتێکی وەك گۆچانی پێوەبــوو، کام داواکاریەی بیویســتایە بە سەری ئەو نوسینەیانی دەجولاند، بۆئەوەی تێی بگەن کە چی دەوێت، ئەمەش تاکە ڕێگە بوو بۆئەوەی تێی بگەن.. چونکە قسەی نەدەکرد.. نەشیدەتوانی دەستەکانی بجوڵێنێت..

دەربارەی نیعمەتەکانی خودا لەگەڵی دوام.. مرۆڤ کاتێك ئاینی ئیسلامی هەبێت، ئەگەر هەموو دنیاشی لە دەست بچێت زەرەری نەکردووە.. باسی ئەو پلەوپایانەم بۆ کرد کە خودا بەهۆی ئیسلامەوە پێی بەخشیوین.. پاشان بۆم دەرکەوت کە محمد بانگخوازێکی زۆر گەورەیە.. چۆن؟! تێتدەگەیەنم.. وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی سویدی دوو کارمەندی پیاوی تەرخان کرد بوو کە لە بەیانیاندا خزمەتی محمد بکەنو دوو کارمەندیش لە ئێواراندا خزمەتی بکەن.. کاتێك یەکێك لەو کارمەندە ناموسڵمانانە دەهاتن، لە رێگەی ئامارژەوە بەهۆی کاغەزە هەڵواسراوەکانەوە تێی دەگەیاند کە پەیوەندی بە فلانە هاورێمەوە بکە.. کارمەندەکەش پەیوەندی بە هاورێکەیەوە دەکرد.. محمدیش بەهۆی کاغەزەکانەوە داوای دەکرد کە پرسیار لە هاورێکەی بکاتو لێی بپرسێت: ئیسلام چیە؟ هاورێکەشی وەڵامی دەدایەوە.. کارمەندەکەش وشەکانی لەبەردەکردو پاشان بۆ محمدی باس دەکرد.. پاشان محمد داوای لێدەکرد کە پرسیاری لێبکاتو پێی بڵێت: جیاوازی لە نێوان ئیسلامو مەسیحیەتدا چیە؟ بە هەمان شێوە وەڵامی دەدایەوە.. پاشان دەیوت پرسیاری لێبکەو پێی بڵێ: لە رۆژی دواییدا موسڵمانو ناموسڵمان حاڵیان چۆن دەبێت؟ هاورێکەی وەڵامی دەدایەوەو کارمەندەکەش بۆی باس دەکرد.. هەتا کارمەندەکە لە هەموو قسەکان تێدەگەیشت.. پاشان محمد ئامارژەی بۆ دەکرد کە کتێبخانەکە بکاتەوەو کارمەندەکەش کتێبی بانگخوازی بۆ لای ئیسلامی دەبینیو دەریدەهێناو دەیخوێندەوە.. بەم هۆیەشەوە کاری کردۆتە سەر چەندان کەس.. بە راستی محمد لە سەر هەڵوێستێکی جوانە.. خاوەن هیممەتێکی بەرزە.. نەخۆشیەکەی نەیتوانیوە وازی لە بانگەواز پێ بهێنێ.. بەڵکو نەیتوانیوە خۆشیو کامەرانیشی لێ بتۆرێنێ.. رازی بە بەو بەشەی کە خودای گەورە پێی بەخشیوی دەبیت بە ئیماندار.. بشزانە هەموو مرۆڤێك بەرپرسیارە لەو توانایەی کە خودای پەروەردگار پێی بەخشیوە.. بیستن.. بینین.. زمان.. ژیری.. زۆرجار خەڵکی ئامۆژگاری لە نەخۆشێکەوە زیاتر وەردەگرن، وەك لە کەسێکی لەش ساغ..

ئەی بۆ بانگەواز ناکەی بۆ ئاینی خودا؟! پشت بە خودا ببەستەو دەستەوسانو بێتوانا مەبە.. لەوانەشە لێم بپرسیو پێم بڵێی: بانگەوازی

کێ بکەم؟! پێت دەڵێم: بانگەوازی پزیشکەکان.. کارمەندەکانی نەخۆشخانە.. بانگەوازی نەخۆشەکان.. ئەو میوانانەی کە سەردانی نەخۆشەکان دەکەن.. ببە بە کەسێکی پیرۆز.. ئامۆژگاری خەڵکی بکە بەوەی کە گرنگی بە نوێژەکانیان بدەن.. بە پاراستنی چاوو داوێنیان.. بەوەی کە سود لە کاتەکانیان وەرگرنو خۆیان بە کاری بێسودەوە خەریك نەکەنو هەروەها چەندان ئامۆژگاری تر...

لە نەخۆشخانەدا..

★ کەسێك دەگێڕێتەوەو دەڵێت: لە نەخۆشخانەیەکدا بە لای ژووری نەخۆشێکدا رۆیشتم، نەخۆشەکە هاواری لەو کەسانە دەکرد کە بە بەردەم ژوورەکەدا دەرۆیشتنو بانگی دەکردن، منیش چوومە ژوورەوە بۆ لایو دەبینم هەموو گیانی شەلەل لێیداوەو ناتوانێ بجوڵێت.. تەختەیەك لە بەردەمیدا دانرا بوو، قورئانێکی بەکراوەیی لە سەر بوو، ئەم نەخۆشە بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێك هەر ئەو دوو لاپەڕەیەی دەخوێندەوەو دوبارەی دەکردەوە.. لەبەرئەوەی نەیدەتوانی لاپەڕەی قورئانەکە هەڵبداتەوە.. کەسێکیشی لێنەبوو هەتا یارمەتی بدات.. کاتێك لە بەرامبەریدا راوەستام، پێی وتم: بێزەحمەت لاپەڕەکەم بۆ هەڵبدەرەوە.. لاپەڕەکەم بۆ هەڵدایەوە.. روخساری گەشایەوە.. پاشان رووی کردە قورئانەکەو دەستی کرد بە خوێندنەوەی، خۆم بۆ نەگیراو دەستم کرد بە گریان.. سەرم سوڕما بوو لە بێئاگایی خۆمانو لە پەرۆشی ئەو نەخۆشە بۆ قورئان..

★ کەسێکی تر دەگێڕێتەوەو دەڵێت: چووم بۆ لای پیاوێك لە یەکێك لە نەخۆشخانەکان کە بە تەواوی توشی شەلەل بوو بوو.. تەنها سەری دەجوڵا، کاتێك بینیم بەزەییم پێیدا هاتەوەو وتم: خۆزگەی چی دەخوازیت؟ گومانم وا بوو خۆزگە بە چاکبوونەوە بخوازێت!! هەروەها خۆزگە بخوازێت کە بتوانێت دانیشێتو هەڵبستێتو بێتو بچێت.. نەخۆشەکە وتی: تەمەنم نزیکەی چل ساڵەو پێنج منداڵم هەیە.. ماوەی حەوت ساڵە لە سەر جێگە کەوتووم.. سوێند بە خودا خۆزگەی ئەوە ناخوازم بە پێیەکانم هەنگاو بنێم.. بینینی منداڵەکانیشم بە ئاوات ناخوازم.. بە سەرسوڕمانەوە وتم: ئەی خۆزگە بە چی

دەخوازیت؟! وتی: ئاواتەخوازم نێوچەوانم بنێمە سەر زەویو کڕنوشێك بۆ خودا بەرم..

* پزیشکێك بۆی گێرامەوە کە چووەتە ژووری بوژاندنەوەی دڵ بۆ لای نەخۆشێك، کە پیاوێکی پیر بوو.. لە سەر جێگایەکی سپی ڕاکشا بوو.. دەموچاوێکی نورانی هەبوو.. پزیشکەکە وتی: فایلەکەیم هەڵدایەوە، زانیم کە نەشتەرگەری دڵی بۆ کراوەو توشی خوێنبەربوون بووە.. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە خوێن لە چەند بەشێکی مێشکیدا بوەستێتو توشی بێئاگاییەکی تەواو ببێت.. لە سەر دەمی ئامێرێکی هەناسەدانی دەستکرد دانرا بوو، کە لە خولەکێکدا نۆ جار پاڵی بە سیەکانیەوە دەناو هەناسەی دەدا.. یەکێك لە کورەکانی لە تەنیشتیەوە بوو، پرسیارم دەربارەی کردو هەواڵی پێدام کە باوکی بۆ ماوەیەکی زۆرە بانگ بێژی یەکێك لە مزگەوتەکانە.. سەیری باوکیم کردو دەستیم جوڵاندو قسەم لەگەڵ کرد.. هیچ شتێکی نەدەزانیو ئاگای لە هیچ نەبوو.. حاڵەتەکەی ترسناك بوو.. کورەکەی لێی نزیك بۆوەو بە گوێیدا چرپاندی.. بەڵام هۆشی لە لای خۆی نەبوو.. کورەکەی دەستی پێکردو وتی: بابە گیان دایکمو خوشكو براکانم هەموو باشن.. خاڵم لە سەفەرەکەی گەڕایەوە.. بەردەوام کورەکەی قسەی دەکردو باوکی هیچ نەدەجوڵا.. ئامێرەکەش وەك جاران نۆ جار هەناسەی پێدەدا.. لەپڕ کورەکەی وتی: بابە گیان مزگەوتەکە تاسەی بینینت دەکات.. کەسێك نیە لە جێگەکەت بانگ بدات، تەنها فڵانەکەس نەبێت کە ئەویش لە بانگداندا هەڵە دەکاتو شوێنەکەت لە مزگەوتدا چۆڵە.. کاتێك باسی مزگەوتو بانگ کرا، سنگی پیاوەکە دەستی کرد بە جوڵەو هەناسەدان.. سەیری ئامێرەکەم کرد ئاماژەی بەوە دەکرد، کە لە خولەکێکدا هەژدە جار هەناسەی داوە.. کورەکەشی بەمەی نەدەزانی.. پاشان کورەکەی وتی: ئامۆزاکەم ژنی مارە کرد.. براکەم خوێندنی تەواو کرد.. هەمدیسان ژمارەی هەناسەکانی باوکی بووەوە بە نۆ جار.. کاتێك کە ئەمەم بینی چووم لە لای سەریدا وەستامو دەستو چاویم جوڵاند.. هەموو شتێك بێدەنگ بوو.. دەمم لە گوێی نزیك خستەوەو وتم: (الله أكبر).. (حي على الصلاة).. (حي على الفلاح).. تەماشای ئامێرەکەم دەکرد.. هەژدە هەناسەی تۆمار دەکرد لە یەك خولەکدا.. سوێند بە خودا ئێمە نەخۆشین

نەك ئەو پیـــاوە.. پیاوانێك دڵیان وابەســـتەیە بە مزگەوتەكانـــەوە.. بەڵێ.. ﴿رِجَالٌ لَّا تُلْهِيهِمْ تِجَارَةٌ وَلَا بَيْعٌ عَن ذِكْرِ اللَّهِ وَإِقَامِ الصَّلَاةِ وَإِيتَاءِ الزَّكَاةِ يَخَافُونَ يَوْمًا تَتَقَلَّبُ فِيهِ الْقُلُوبُ وَالْأَبْصَارُ ٭ لِيَجْزِيَهُمُ اللَّهُ أَحْسَنَ مَا عَمِلُوا وَيَزِيدَهُم مِّن فَضْلِهِ وَاللَّهُ يَرْزُقُ مَن يَشَاءُ بِغَيْرِ حِسَابٍ﴾ النور/٣٧ – ٣٨ واتە: (پیاوانێك ستایشـــی خودا دەكەن لەو مزگەوتانەدا، كە بازرگانیو كڕینو فرۆشـــتن سەرگەرمیان ناكاتو غافڵ نابن لە یادی خـــوداو ئەنجامدانی نوێژەكانو بەخشـــینی زەكاتو لە ڕۆژێك دەترســـن كە دڵانو چاوان تیایدا ئاوەڕوو دەبن(لە ترسو هەیبەتی ئەو ڕۆژە) ٭ بە ئومێدی ئەوەن خودا بە چاكترین شـــێوە پاداشتیان بداتەوەو لە فەزڵو بەخششـــی خۆی بەهرەوەریان بكات، بە ڕاســـتی خودا ڕزقو ڕۆزی بێ ســـنور دەبەخشێت بە هەر كەس كە بیەوێتو شایستە بێت)..

ئەمـــە حاڵی ئەو نەخۆشـــانەیە.. ئەی تۆ كە لەش ســـاغیتو دووریت لە هەمـــوو دەردو بەڵایەك.. تۆ لەو هەموو نازو نیعمەتەدایت، لە ســـزای خودا ناترســـیت، بۆ بە كردەوەی خراپ ڕووبەڕووی خودا دەبیتەوە؟! ئایا ناترسیت سبەینێ لە بەردەمی خودای پەروەردگاردا بوەستێنرێیتو پرسیارت لێبكاتو پێت بفەرموێت: بەندەكەم لەشـــێكی ساغم پێنەبەخشیت؟! ڕزقوڕۆزی زۆرم نەدایتێ؟! تۆش دەڵێی بەڵێ پەروەردگار.. پەروەردگاریش پرسیارت لێدەكاتو پێـــت دەفەرموێت ئەی بۆچی بەرامبەر چاكەكانم خراپەت ئەنجامدا؟ بۆچی خۆت خستە ژێر خەشمو توڕەبوونم؟ كاتێك لەبەر چاوی خەڵكی تاوانەكانت دەردەخات، ئەوســـاكە ئەفرەت لـــە گوناهو تاوان دەكەیت.. ئایـــا باوكە ئادەم بەهـــۆی گوناهێكەوە لە بەهەشـــت دەرنەكرا؟! ئایا گەلی نـــوح بەهۆی تاوانو گوناهـــەوە نەبـــوو كە نوقمی ژێر ئاو بوون؟ گەلی عادو ســـەمود هەر بەهۆی تاوانەوە لەناونەچوون؟!

خالیدی لاڵ..

د.عبدالعزیـــز وتی: ئـــەو ڕۆژە عیادەكـــەم، بەهۆی نەخۆشـــەكانەوە زۆر جەنجاڵ بوو.. زۆربەیان لە دێهاتە دوورە دەســـتەكانەوە هات بوون.. ئەمەش بە ئاشكرا بە شێوەی جلوبەرگیاندا دیار بوو.. بە ڕیز دەهاتنە عەیادەكەوە.. نەخۆشـــەكان جۆراوجۆر بوون.. حاڵەتەكانیشـــیان جیاواز بوون.. یەكێك لە

نەخۆشەکان بە ناوی خالید هاتە ژوورەوە، کە لە تەمەنی دە سالیدا بوو.. دوو کەسیشی لەگەڵدا بوو.. ئەم نەخۆشە زۆر جار لەگەڵ پیاوێکی بە تەمەندا سەردانی دەکردم، کە گومانم وابوو باوکی بێت.. بۆئەوەی چاودێری لاوازی بیستنی بکات، کە هەر لە کاتی لە دایك بوونیەوە وابوو.. هەر سێکیان دانیشتنو زانیم کە یەکێکیان باوکی بوو.. ئەوی تریشیان ئەوە بوو کە لەگەڵیدا دەهاتو بەردەوام چاودێری چارەسەرکردنی خالیدی دەکرد لەم ماوەی چەند ساڵەدا، کە خاڵی بوو.. خاڵی دانیشتو سەبارەت بە خالید بە درێژی دەستی بە قسە کردن کرد، کە چۆن بیستنی باش بووە بەهۆی ئەو ئامێرەی بۆ دواهەمین جار کە بۆیان بەکارهێناوە.. خاڵی زۆر بە دڵسۆزیەوە قسەی دەکردو دوبارەی دەکردەوەو دەیوت: بە یارمەتی خودا بەو ئامێرە بیستنی وەك حاڵەتی ئاسایی لێدێتەوە.. خاڵی زۆر بەم چارەسەرە دڵخۆش بوو.. هەروەها زۆر بەوەش دڵخۆش بوو کە مامۆستاکانی قوتابخانەی کەرو لاڵەکان هانی خالیدیان داوەو وتویانە کە لە خوێندندا زۆرباش بووە.. خاڵی وتی: ئەم جارەیان باوکی خالیدیشم هێناوە، بۆئەوەی بەهۆی ئامێرێکی بیستنەوە حاڵەتی بیستنی باش ببێت.. پزیشکەکە وتی: باوکیشی نابیستێت؟! وتی: بەڵێ.. ماوەیەکی دوورو درێژە.. پزیشکەکە بە خالیدی وت: حاڵت چۆنە؟ بە خێرایی وەڵامی دایەوەو وتی: سوپاس بۆ خودا باشم.. لە قوتابخانەدا چۆنی؟ وتی: باشم.. خالید دەیبیستو قسەشی دەکرد، بەڵام قسە کردنی قورس بوو، پێویستی بە راهێنان هەبوو.. زیرەکیشی لەگەڵ تەمەنیدا بەرەو پێشەوە دەچوو.. پزیشکەکە بە خاڵی وت: مادام خالید بیستنی باشە، ئەوا پێویستی بە قسە کردنی زۆر هەیە.. پێشنیاری ئەوەتان بۆ دەکەم کە بە خێرایی بیگوێزنەوە بۆ قوتابخانەی ئاسایی، بۆئەوەی لە ژیانێکی تازەدا بژی.. خاڵی بێدەنگ بوو.. سەری داخستو روخساری خەمبار بوو.. دڵی بریندار بوو، وەك ئەوەی بروا نەکات کە ئەو منداڵە ببێتە کەسێکی ئاسایی..

خاڵی وتی: پێویستە لە قوتابخانەی کەرو لاڵەکاندا بمێنێتەوە.. پزیشکەکە وتی: بۆچی؟! چ گرفتێکی هەیە لەگەڵتاندا؟! خاڵی وتی: ماڵی خالید لە دێهاتێکی دوورە دەستدا نیشتەجێنو توانام نیە کە لە قوتابخانەی ئاساییدا دایبنێم، لەبەرئەوەی پێویستە خالید پارێزگاری لە توانای هەڵسوکەوت

کردنــی لەگەڵ کــەرو لاڵدا بکات، بۆئــەوەی بتوانێــت هەڵسوکەوت لەگەڵ کەسوکاریدا بــکات، چونکە هەموو ئەندامانی ماڵەوەیان نابیســتن.. باوك.. منداڵــەکان.. پزیشــکەکە وتی: ئەی بــۆ تەنها چاودێری چارەســەری خالید دەکەن؟! خاڵی وتی: زۆر نارەحەتەو ئاســان نیە، کە هەمووومان لە یەك کاتدا لادێکە چۆڵ بکەین.. پزیشــکەکە وتی: خوشکەکانی تەمەنیان چەندە؟ خاڵی وتی: خوشــکە گەورەکەی لە پانزە ســاڵی تێپەریووە.. دووەمیشــیان دوانزە ســاڵێکە.. پزیشکەکە بە تورەییەوە وتی: تۆ ئێســتا باوکە پیرەکەییت هێناوە بۆ چارەســەرو دوو خوشکەکەشــیت کە لە ســەرەتای ژیانیانــدان لە ماڵەوە بەجێ هێشــتووە! یەکەمیان هەڵی خوێندنی لە دەست چووەو لەوانەشە هەلی خێزانداریشی لە دەست بچێت!! دەتەوێت کچیی دووەمیش وەکو کچی یەکەمی لێبەســەر بێت؟! ئایا ئەمە تاوانو گوناه نیە؟! بەڵکو لەســەر ئەوەش سوری، کــە خالیدیش لەو بارودۆخــەدا بمێنێتەوە! خاڵی ســەرەتا بەرگری لە خۆی دەکرد.. کاتێکی زۆر لەگەڵ خاڵیدا دانیشــتمو پێم وت: ئەم بەرپرسیاریەتیە لە ئەســتۆی تۆدایە.. هەروەك چــۆن دەتوانی خالید لە کاتــی خۆیدا ئامادە بکەیت، ئەواش پێویســتە خوشــکەکانی ئامــادەی چارەســەر بکەیت.. خاڵی پەیمانی ئامادە کردنیانیداو لە کاتی چوونە دەرەوەدا لە بەر دەرگاکە وەستاو وتی: پەیمان دەدەم بە سەیارە بچوکەکەم هەموویان ئامادە بکەم، هەتا ئەگەر لە ســەر یەکیش دایان بنێم.. بزەیەك گرتمی.. خۆزگە هەموو کەســانێك لە ناخیانــدا ئەو دڵە پــاكو بێگەردەیان هەڵبگرتایە.. هەر کەســێکیش بە دەم پێویستی خوشكو برایەکی موســڵمانیەوە بچێت، ئەوا خودای گەورە بە دەم پێویســتیەکەیەوە دێت.. خودای گەورەش لە یارمەتــی بەندەکانیدایە، مادام ئەو بەندەیە لە یارمەتیدانی خوشكو برا موسڵمانەکانیدایە..

لە نێوان پزیشكو ئافرەتی نەخۆشدا..

مافی خۆمانە کە بپرسین.. کەی پزیشکی پیاو، ئافرەتی نەخۆش چارەسەر بکات.. وەڵامەکە بریتیە لەوەی: لە بنەرەتدا پێویســتە کە پزیشــکی ئافرەت چارەســەری ئافرەتانو کچانی هاورەگەزی خۆی بکات، بەڵام ئەگەر پێویستی وای خواست، پزیشکی ئافرەتیش نەبوو، ئەوا دروستە پزیشکی پیاو چارەسەری

ئافرەتــی نەخۆش بكات.. لەم كاتەدا پێویســتە ئافرەتە نەخۆشــەكە بەپێی پێویســت جەستەی بە دەربخات.. ئەگەر ئازارەكە لە قاچیدا بوو، دروست نیە پزیشك سەیری شوێنی تری بكات.. ئەگەر ئازارەكە لە دەستیدا بوو، ئەوا دەبێت پزیشك تەنها ســەیری دەستی بكات.. بەبێ ئەوەی ســەیری روخسارو سەرو قــژی بكات.. خودای گەورەش دەفەرموێت: ﴿ وَإِذَا سَأَلْتُمُوهُنَّ مَتَٰعًا فَسْـَٔلُوهُنَّ مِن وَرَآءِ حِجَابٍ ذَٰلِكُمْ أَطْهَرُ لِقُلُوبِكُمْ وَقُلُوبِهِنَّ ﴾ الأحــزاب/ ٥٣ واتە: (كاتێكیش داوای كەلوپەلێكتان لە خێزانەكانی پێغەمبەر كرد لە پشتی پەردەوە داوایان لێ بكەن، ئا ئەو جۆرە رەفتارە چاكترە بۆ دڵی ئێوەو ئەوانیش)..

هەروەها نابێت لە كاتی چارەســەر كردندا پزیشكی پیاو لەگەڵ نەخۆشە ئافرەتەكەدا بە تەنها بێت، بەڵكو دەبێت كەسێكی نزیكی ئافرەتەكەی لەگەڵدا بمێنێتەوە، وەك باوك یان مێرد.. ئەگەر كەســێكی نزیكی لەگەڵدا نەبوو ئەوا دەبێت پەرستارێكی لەگەڵدا بمێنێتەوە..

زۆر سەیرە!! جارێك كەسێك خێزانەكەی دەچێتە ژوورەوە بۆ لای پزیشكی ددان، كەچی خۆی لە دەرەوە چاوەڕێی دەكات.. پێم وت: بۆ لەگەڵ خێزانەكەتدا ناچیتە ژوورەوە.. وتی: بۆئەوەی ئیسراحەتی خۆی وەربگرێت..

لەگەڵ پزیشكدا..

كاری پزیشك كارێكی پیرۆزە.. عیسا پێغەمبەر (عليه السلام) چارەسەری خەڵكی دەكرد.. چاوی نابیناو نەخۆشیی بەڵەكی چاك دەكردەوە.. بەڵكو بە یارمەتی خودا مردوویشی زیندوو دەكردەوە..

پزیشكی كارێكی زۆر پیرۆزو گەورەیە.. زۆر پێویستە پزیشك ئامۆژگاریكار بێت‌و رەچاوی ئەم خاڵانە بكات:

١ پاراستنی نهێنیەكانی نەخۆش: پێغەمبەری خودا (ﷺ) دەفەرموێت: (من ستر مســلماً ستره الله في الدنیا والأخرة)رواه مسلم. واتە: (هەركەسێك كەموكوری موسڵمانێك بپۆشێت، ئەوا خودای گەورە كەموكوریەكانی لە دونیاو قیامەتدا دەپۆشــێت).. هەندێك كەس بەهۆی كارو پیشــەكانیانەوە، نهێنی كەسانی تر دەكەوێتە بەر چاویان.. وەك پزیشــك، یان ئەو كەســانەی موفتیو شارەزای ئاینین، ئەم كەســانە پێویســتە نهێنی خەڵكان بپارێزن، تەنها كاتێك نەبێت

كە خاوەنی نهێنیەكە رێگە بە بڵاوبوونەوەی نهێنیەكە بدات، بەڵام دروستە لەبەر بەرژەوەندی گشتی نهێنی ئاشكرا بكرێت، وەك ئاگاداركردنەوەی لایەنی پەیوەندیدار بەوەی كە نەخۆشەكە توشی نەخۆشیەك بووە، كە تەشەنە دەكات.. یان یەكێك لە ژن‌و مێرد ئاگادار بكاتەوە، یان ئەوی تریان توشی نەخۆشیەكی رەگەزی بووە، وەك ئایدز..

٢-بەكارنەهێنانی كارەكەی بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی: رۆژێك لە دوای پێشكەش كردنی وتارو ئامۆژگاریەك، دەرچووم برۆم.. كەسێك هات بۆ لام‌و وتی: یاشێخ من بەرپرسم لە كۆمپانیایەكی گەورەی بەرهەم هێنان‌و دابەش كردنی دەرمان.. كۆمپانیاكە بە ملیۆنەها ریاڵ خەرج دەكات بۆ پروپاگەندەو بانگەشەی فرۆشتن.. ساڵانە ملیۆنێك ریاڵ لە ژێر دەستی مندا دادەنێن بۆ دروست كردنی پەیوەندی لەگەڵ پزیشكەكاندا.. وتم: چۆن؟! وتی: نمونەیەك لە بەرهەمەكانمان بۆ پزیشك دەنێرین.. هەروەها دیاری وەك كاتژمێر.. قەڵەم‌و شتی تریشی لەگەڵدا دەنێرین.. یاخود ئەرك‌و خەرجی ئامادە بوونی لە كۆنگرە پزیشكیەكاندا دەگرینە ئەستۆ.. یان ئەرك‌و خەرجی خۆیی‌و ماڵ‌و منداڵی بۆ گەشت‌وگوزار دەگرینە ئەستۆ.. هەر كاتێك ئەو نەخۆشخانەیەی كە پزیشكەكە كاری تێدا دەكات، بەرهەمەكانی ئێمەیان زیاد بەكارهێنا، ئەوا دەزانین ئەو پزیشكە زیاتر دەرمانەكانی ئێمە بۆ نەخۆشەكان دەنوسێت.. ئێمەش زیاتر دیاری بۆ دەنێرین..

بە گشتی ئێمە رێگای تایبەتی خۆمان هەیە بۆ ناسینی پزیشكی چالاك.. پێم وت: ئایا پارمەتیدانتان بۆ پزیشكەكان زەرەرو زیان لە نەخۆشەكان دەدات؟ وتی: پزیشكەكە كە دەرمانەكانی ئێمە بۆ نەخۆشەكان دەنوسێت، بەهۆی ئەو دیاریانەوە نرخی دەرمانەكان بەرز دەبێتەوە.. لەگەڵ ئەوەشدا پزیشكەكە دەتوانێت دەرمانی كۆمپانیایەكی تری بۆ بەكاربهێنێت، كە دەرمانەكە هەمان كاریگەری هەیەو نرخەكەشی كەمترە.. هەروەها وتی: جاری وا هەیە پزیشكەكە كۆمەڵە دەرمانێك بۆ نەخۆش دەنوسێت، كە زەرورو پێویست نین، وەك دەرمانی هێوركەرەوەو ڤیتامینات.. لەگەڵ ئەوەی زۆربەی جار نەخۆشەكان پێویستیان پێیان نیە، بەڵام بۆ ئەوەیە كە ئێمەش‌و پزیشكەكەش سودمەند بین.. وتم: قوربانیەكەش نەخۆشی هەژارەو پارەو

سامانەکەش عارەقی نێوچەوانیەتی.. وتی: بەڵێ.. بەڵام نەخۆش چاری نیەو دەبێـــت دەرمان بکرێت، ئێمەش وای لێدەکەین کــە تەنها لە ئێمەی بکرێت.. وتم: بەڵام پارەیەکی زیاتر دەدات بۆ کرینی دەرمانەکانتان.. کرینی هەندێك دەرمان کە پێویستیان پێیان نیەو ئێوەی پێ سودمەند دەبن.. وا نیە؟!! وتی: بەڵێ وایە.. لێرەوە دەتوانین بە راشکاوی بە خوشك و برا پزیشکەکانم بڵێم: ئەو تاوانەی کە کۆمپانیاکانی دەرمان دەیکەن، پێویستە بەدەم داواکاریەکانیانەوە نەچـن و هاوکاریان نەکــەن، بەڵکو دەبێت بەرەنگاریشی ببنەوە.. هەندێك لــە کۆمپانیاکانـــی دەرمـــان، وەســـفێکی زۆر ســـەیرو ســـەمەرەی دەرمان و بەرهەمەکانیان دەدەن بە پزیشــکەکان، بەڵام پزیشـــکی زیـــرەك زیادەرەوی ناراست و وەسفی زۆری دەرمانەکان کار ناکەنە سەری.. لە دڵسۆزی و راستگۆیی پزیشك ئەوەیە کە دەرمانی باش بەکاربهێنێت بۆ نەخۆش، ئەگەر دەرمانەکە هـــی کۆمپانیایەکیش بێت، کە پەیوەندیشـــی لەگەڵدا نەبێت.. یان ئەگەر هی ئەو کۆمپانیایەش نەبێت کە دیاری پێدەدات.. یان پەیمانی پێداوە کە گەشتی دەرەوەی وڵاتی پێبکات و کرێی فرۆکەکەی بۆ بدات.. جاری وا هەیە دەرمانێك هەیە هی کۆمپانیایەکی جیاوازەو کاریگەری و باشـــی دەرمانەکەش هاوشێوەی دەرمانی کۆمپانیاکەی ترە، بەڵکو هەرزانتریشە.. ئیتر بۆچی دەرمانە گرانەکە بۆ نەخۆش بەکاربهێنرێت؟! ئەمە ناپاکی و خیانەتە لە سپاردەو ئەمانەت، کە یەك دەرمانن و لە کاریگەریشیاندا هاوشێوەن..

٣-داپۆشینی عەورەت و جەستەو لەش و لاری نەخۆش: وەك دەبینین زۆرێك لە پزیشکەکان لە کاتی چارەسەردا گرنگی دەدەن بە داپۆشینی نەخۆش.. یان لە کاتی نەشتەرگەری و دواتردا.. هەندێك لە پزیشکەکان کاتێك رۆژانە کە بە لای نەخۆشـــەکانیاندا تێدەپەرن، کە نەخۆشێك دەبینن خەوتووەو جەستەی دەرکەوتـــووە، بـــە پەلە دەچن بۆ لای و دایدەپۆشـــن، یان کاتێك نەخۆشـــێك دەبینن کە ئاگای لە خۆی نیەو لەهۆش چووەو خۆی دەجوڵێنێت و جەستەی دەرکەوتـــووە، ئەوا بە پەلە دایدەپۆشـــن.. هەر کەســـیش عەیب و کەموکوری موسڵمانێك لە دونیادا داپۆشێت، ئەوا خودای گەورە لە دونیا و دوارۆژدا عەیب و کەموکوریەکانی دادەپۆشێت.. بەڵام لە هەندێکی کەم لە نەخۆشخانەکاندا ئەم لایەنە پشت گوێ خراوەو پێویستە ئاگاداری پزیشکەکان بکرێتەوەو پزیشك و

کارمەندانی تەندروستیش پێویستە ئامۆژگاری یەکتری بکەن..

د. حارس وتی: لە سەرەتای کارەکەمدا لە بواری پزیشکیدا، هەندێك نەشتەرگەری بچوکم ئەنجام دەدا.. لە ژووری نەشتەرگەری نەخۆش لە دوای بێ هۆش کردن بە قۆناغی ئامادە کردندا تێدەپەڕێت، بەڵام من ناچوومە ژووری نەشتەرگەری هەتا نەخۆشەکە بە تەواوی ئامادە نەکرایە.. کاتێك دەچووم کە نەخۆشەکە تەنها شوێنی ئەنجامدانی نەشتەرگەریەکەی بە دەرەوە بووایە.. جارێکیان لە کاتی ئامادەکردنی نەخۆشدا چوومە ژوورەوە، گەنجێکم بینی کە بەنج کرا بوو.. لە سەر مێزی نەشتەرگەری بوو، بە تەواوی جلو بەرگی لەبەرداکەنرا بوو!! ئەمەش لەبەرئەوەی ئەو پەرستارانەی کە تایبەت بوون بە دانانی جلو بەرگی نەخۆش لە پێش نەشتەرگەریدا، کاری خۆیان ئەنجام دابوو، بەڵام ئەو پەرستارانەی کە تایبەت بوون بە لەبەرکردنەوەی جلو بەرگی نەخۆش، جلو بەرگەکەیان لەبەرنەکردبۆوە.. جاری وا هەیە پزیشك خەریکی تاقیکردنەوەی ئامێرەکانی نەشتەرگەریەو ئەم کارە دەبینێت، کەچی پشت گوێی دەخات، وەك ئەوەی پەیوەندی بەوەوە نەبێت!! پاشان ئەم کارە بەرەو خراپی دەچوو بە تایبەت لە نەشتەرگەری ناو سك بینیو قەستەرەی بۆریەکانی میزەڕۆدا.. ئاسانیش نیە وردەکاریەکان باس بکەم لەبەر ڕێزی خوێنەران.. ماوەیەکی زۆریش بە دڵتەنگی مامەوە..

د. سارەش وتی: لە ژووری نەشتەرگەریدا ئافرەت بە ڕووتی لە سەر مێزی نەشتەرگەری دادەنرێتو پزیشکی بەنجو قوتابیو پزیشکی تریشی لێیە!! پێیان دەڵێم: دایپۆشن.. سەرۆکی دەستە پزیشکیەکان دەڵێت: ئێمە هەمووومان پزیشکین.. لە دڵی خۆمدا دەموت: باشە، بەڵام کە ئێمە پزیشکین دەبێت سوکایەتی بە جەستەو عەورەتی خەڵکی بکەین؟! وە من دڵنیام ئەگەر خێزانەکەی خۆی نەخۆش بووایە، ڕێگەی بە کەس نەدەدا بەو شێوەیە ببینن.. وە من وا گومان دەبەم ئەم حاڵەتانە کەمو دەگمەنن.. بۆیەش باسم کرد، بۆئەوەی خوشكو برا پزیشكو پەرستارەکانی لێ ئاگاداربکەمەوە..

٤-خۆ بە کەم زانین لەبەر خوداو نەرمو نیانی لە هەڵسوکەوتدا..

٥- پێویستە پزیشك بەپێی توانا شارەزا بێت لەو بنەما شەرعیانەی کە پەیوەندیان بە چارەسەرو نەخۆشەوە هەیە: بە لایەنی کەمەوە پزیشك پێویستە

شارەزای زانستی فیقهو بنەماکانی خوداپەرستیو عیبادات بێت.. لەبەرئەوەی خەڵکی ئەو پرسیارە تەندروستیانە دەکەن کە پەیوەندیان بە شەرعو عیبادەتەوە هەیە.. بە تایبەت چۆنیەتی دەست نوێژو نوێژ کردنی نەخۆش..

هەندێك نەخۆش هەن، زۆر جار لە کاتی نەخۆشیدا نوێژ ناکەن.. لەبەرئەوە نا کە رقیان لە نوێژ بێت، بەڵکو لەبەرئەوەی چۆنیەتی دەست نوێژ گرتنی نەخۆش نازانن، هەروەها نازانن لە کاتی نەخۆشیدا چۆن نوێژەکانیان ئەنجام بدەن.. کاتێك ئامۆژگاری هەندێك لە نەخۆشەکانمان دەکرد دەیانوت: چۆن نوێژ بکەم لە کاتێکدا جلو بەرگەکانم پاك نین!! چۆن نوێژ بکەم کە قەرەوێڵەکەم رووەو قیبلە نەبێت؟! کێ بەرپرسە لەو کەسانە؟! پزیشکی سەرکەوتوو ئەوەیە، کە بنەماکانی پاکیو پیسیو نوێژو دەست نوێژی نەخۆش فێر ببێتو نەخۆشەکانیش فێر بکات.. هەروەها کۆکردنەوەی نوێژ لە کاتی پێویستیدا.. کەی نەخۆش نوێژەکانی کۆ بکاتەوەو کەی کۆیان نەکاتەوە؟ هەروەها بنەماکانی تەیەموم کردن.. هەروەها بەخەبەر هێنانەوەی نەخۆش بۆ ئەنجامدانی نوێژی بەیانی.. ئەم کارانەش ئاسانە، ئەگەر پزیشك ئەو کتێبانەی لا بێت کە تایبەتن بە کۆکردنەوەی بنەما شەرعیو پزیشکیەکانی تایبەت بە نەخۆش.. دەشتوانرێت پزیشكو نەخۆش زۆر بە ئاسانی سودی لێ وەربگرن..

٦-شایەدیدانی درۆ: زۆر جار لایەنە حوکمیەکان پشت بە راپۆرتی پزیشکی دەبەستن دەربارەی سەلامەتی یان نەفی کردنی نەخۆشیەك بۆ پێدانی مۆڵەت بۆ فەرمانبەرەکانیان، یان خانەنشین کردنیان، یان پێدانی یارمەتیو هەروەها.......هتد..

لە سەر پزیشك پێویستە راپۆرتەکە لە سەر بنەمای راستیو راستگۆیی بێت.. پێویستە نزیکیو خزمایەتیو دۆستایەتیو خۆشەویستی وای لێنەکات، کە راپۆرتو شایەدی ناراست بدات..

پێغەمبەری خودا (ﷺ) دەفەرموێت: (ألا أنبئكم بأكبر الكبائر؟ قالوا: بلى يارسول الله، قال: الإشراك بالله، وعقوق الوالدين، ثم صمت مَلياً، وقال: الا وقول الزور.. الا وقول الزور.. الا وقول الزور.. فمازال يُكررها حتى حسَبوهُ لايسكت)رواه الشيخان. واتە: (ئایا ئاگادارتان بکەم لە گەورەترین تاوانەکان؟

وتیان: بەڵێ ئـەی پێغەمبەری خودا، فەرموی: هـاوەڵ پەیداکردن بۆ خودا، وە ئازاردانـی دایكو باوك، پاشـان ماوەیەکـی زۆر بێدەنگ بوو، وە فەرموی: شـایەدیدانی درۆ.. شـایەدیدانی درۆ.. شـایەدیدانی درۆ.. بەردەوام دوبارەی دەکردەوە هەتا گومانمان برد کە وازناهێنێتو بێدەنگ نابێت)..

٧-رەخنە نەگرتن لە پزیشکانی تر لە بەرامبەر نەخۆشدا: زۆر جار پزیشك ئەوەندە هەوڵ دەداتو هیلاكو ماندوو دەبێت، هەتا دەگات بە شـارەزاییەکی زۆر لە کارەکەیدا.. لەگەڵ ئەمەشدا پێویست ناکات کە زۆر باسی کارە جوانو باشەکانی خۆی بکات، یان باسی وردیو زیرەکی خۆی بکات.. لە بەرامبەریشدا لە کارو پیشـەی پزیشـکە هاورێکانی کەم بکاتەوە، بۆ راکێشـانی نەخۆشـی پزیشـکەکانی تر.. نەخۆشیش دوو جۆرە، نەخۆشی دڵو دەروون (دەروونی)، وە نەخۆشـی جەسـتەیی.. چەند جوانو پـیرۆزە ئەگەر پزیشـك بتوانێت چارەسەری هەر دوو جۆرە نەخۆشیەکەی نەخۆش بکات!!

لە سەر جێگەی مردن..

پزیشك پێویستە چی بکات لەو کاتەی کە لای نەخۆشێکەو نەخۆشەکەش خەریکە دەمرێت؟ ئەگەر نەخۆشـەکە نیشـانەکانی مردنی تێدا دەرکەوتو مردنی نزیك بۆوە، سـوننەتە کە شـایەتمانی پێ بهێنرێتو هەوڵی لەگەڵدا بدرێت، لەبەرئەوەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) دەفەرموێت: (لقنوا موتاکم لاإله إلا الله)رواه مسلم. واتە: (لە کاتی سـەرەمەرگدا مردووەکانتان رابهێنن بە وتنی لاإله إلا الله)..

ئەمەش دەبێت بە نەرمو نیانیو لەسـەرخۆیی بێت.. نابێت بڵێیت: ئەی فلانە کەس مردنت نزیك بۆتەوە، شـایەتمان بێنـە.. نەخێر.. بەڵکو دەبێت یـادی خودا بکەیتو شـایەتمان بهێنیت، بۆئەوەی گوێـی لێت بێتو ئەویش یادی خودا بکاتو شایەتمان بهێنێت..

بەڵێ.. ئەگەر بێباوەڕیش بوو لێی بێ هێوا مەبەو بە راشـکاوی پێی بڵێ: بڵـێ لاإله إلا الله.. لەبەرئەوەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) کاتێك خەریك بوو کە ئەبـو تالیبی مامـی بمرێت، پێی وت: ئەی مامە بڵێ لاإلـه إلا الله.. هەتاوەکو بەو وشـەیە لە لای خودا تکات بۆ بکەمو بیکەم بە بەڵگەیەك بۆت.. هەروەها

کاتێك مێردمنداڵێکی جولەکە لە سەرەمەرگدا بوو، پێغەمبەری خودا (ﷺ) پێی دەڵێت: بڵێ لاإلە إلا الله.. هەر دوبارەی دەکردەوە هەتا شایەتمانی هێنا.. پاشان مرد.. پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرموی: سوپاس بۆ خودای پەروەردگار کە لە ئاگر رزگاری کرد.. هەروەها ئەو کەسەش کە لە سەرەمەرگدایە پێویستە گومانی باش بە پەروەردگاری بەرێتو دڵو دەرونی ئاسودە بێت.. هەندێك جار ئەو کەسە بیرو هۆشی لە لای منداڵەکانیەتی، یان لە لای قەرزەکانیەتی، یان بیرلە هەژاریو نەبوونی دەکاتەوە.. بێگومان پێویستە بیر لەوە بکاتەوە، کە تەنها خودا رزقو رۆزی بەخشەو هەرگیز دروستکراوەکانی لەبیر ناچێت، بۆئەوەی بە دڵنیاییو ئاسودەیی گیانی بسپێرێت..

پزیشك و بانگەواز..

راپۆرتێکم سەبارەت بە گاور کردن خوێندەوە.. راپۆرتێکی رێكوپێكو بەرنامە دارێژراو بوو، سەبارەت بە هۆکارەکانی بە گاور کردنو سود بینین لە حاڵەتی هەژاریو نەداریو پێویستی خەڵکی.. لە راپۆرتەکەدا دەستەواژەیەکی گرنگی یەکێك لە رێکخراوە پزیشکیە گاورەکانی تێدا بوو کە دەڵێت: (لە هەر شوێنێك مرۆڤ هەبوو، ئازار هەیە.. کاتێك کە ئازار هەبوو، پێویستی بوون بە پزیشك سەر هەڵدەدات.. کاتێکیش پێویستی بە پزیشك دێتە ئاراوە، ئا لەوێدا هەلێکی گونجاوە بۆ بە گاور کردنی خەڵکی)..

(بات رۆبەرت سۆن) پاڵێوراو بوو بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا بۆ ساڵی ١٩٨٧، کە سەرۆکی یەکێك لە رێکخراوە بە گاور کردنەکان بوون.. هەستا بە ئامادەکردنی فرۆکەیەك لە جۆری (لۆکهیدی L50 - 1011)و گۆرینی بۆ فرۆکەیەکی نەخۆشخانەیی گەورە بە بری تێچوونی بیستو پێنج ملیۆن دۆلار، بە هەموو پێویستیەکی نەشتەرگەریو چارەسەرەوە.. بە شێوەیەك بە زۆر ناوچەی جیهاندا دەسورایەوەو لە هەندێك ناوچەی دیاریکراودا بۆ ماوەی هەفتەیەك تا دە رۆژ دەمایەوەو خزمەتگوزاریەکانی بێ بەرامبەر پێشکەش دەکرد.. بەڵام حاڵەتی راستەقینەی ئەم کارە بێ بەرامبەرە، بە گاور کردنی خەڵکی بوو!! لە پێش چارەسەردا پرسیاریان دەربارەی ئاینی نەخۆش دەکرد، پاشان نزیکەی دە خولەك دەربارەی عیسا پێغەمبەر (ﷺ)و ئاینی

مەسـیحی قسەی بۆ دەکەن.. پاشـان هەندێك كتێبو بڵاوكراوەی پێدەدەنو داوای لێدەکەن بیان خوێنێتەوەو دوای چەند رۆژێك لە شوێنێکی دیاریکراودا ئامادە بێت.. سـەیرە!! فرۆکەیەك لە شێوەی نەخۆشخانەدا بەکاربهێنرێت بۆ بە گاورکردنـی خەڵکی.. ئەی ئوممەتی ملیارێك موسـڵمان، ئایا ئێوە توانای کارێکی واتان نیە؟!!

رەحمەتی خودا لە ئیمامی شافیعی بێت، کە دەفەرموێت: (موسڵمانان سێ یەکی زانستیان لە دەستداو دایان بە گاورو جولەکەو ئەوانیان کرد بە جێگری خۆیـان).. بە دڵنیاییەوە دەتوانرێت لە بواری پزیشـکیدا بانگەواز بکرێت بۆ بەرنامەکەی خوداو نەخۆشـخانەکانیش زەویەکی زۆر بە پیتن بۆ بانگەواز، لەبەرئەوەی پزیشـك پەیوەندیەکی پتـەوو بنەرەتی لەگەڵ خەڵکیدا هەیە.. هیچ کەسـێك نیە نەخۆش نەکەوێتو پێویسـتی بە پزیشـك نەبێت.. بۆیە دەبینین خەڵکی بە گەرموگوڕیەوە پەلە دەکەن لە چوونیان بۆ لای پزیشـك بە هیوای شیفاو چاك بوونەوە.. لەو پێناوەشدا پارەیەکی زۆر خەرج دەکەن.. هەوڵیـش دەدەن کـە پەیوەندیەکی پتەو لەگەڵ پزیشـکدا دروسـت بکەن، چونکە دەزانن کە پێویسـتیان پێیەتی.. دەی کەواتە پێویسـتە پزیشك سود لـەم هەلە وەربگرێت، بۆ ئامۆژگـاری کردنی ئافرەتێك تا ببێت بە باڵاپۆش.. یان ئامۆژگاری کەسێك بکات، کە دڵی باوكو دایکی دەرەنجێنێت.. یان کەسێك نوێـژ ناکات.. یان کەسـێك کـە کەوتووەتە نێو زەلکاوی تـاوانو گوناهەوە.. ئامۆژگاری کردنی نەخۆش زۆر گرنگە، بە تایبەت لە بواری بیرو باوەردا.. لە نوشتەو دوعادا.. نەخۆشیش زۆر جار لەبەرئەوەی لە حاڵەتێکی لاوازدایە، بە گوێی پزیشـك دەکاتو باوەری پێدەکات.. لەوانەیە بەهۆی تەنها وشەیەکەوە کەسێك لە تاریکایی تاوانەوە بەرێت بۆ روناکی ئیمان..

رێگەکانی بانگەواز کردن
کە پزیشک دەتوانێت پشتیان پێ ببەستێت..

١-دابەش کردنو بڵاوكردنەوەی کاسـێتو بڵاوكراوەی بەسـود.. هەروەها هەڵواسینو نوسراوی بەسـود بە دیوارەکانەوە، وەك گۆڤارو پۆستەری دیوار، کە دەتوانرێت بابەتەکانیشـی جۆراوجۆر بێت، وەك بنەماکانی دەست نوێژو

پاك و خاوێنیو نوێژی نەخۆش، هەروەها پارانەوەو ئارامگرتن لە سەر ناخۆشیو نارەحەتی..

٢- دانانی کتێبخانەیەکی ئیسلامی بچوك لە بوارەکانی خوێندنەوەو گوێگرتنو بینین، وەك کتێبو نامیلکەو کاسێتو سی دی بینراو بۆ سودی موسلمانانو بانگ کردنی ناموسلمانان..

٣- دروست کردنو هێنانەدی کتێبخانەیەکی بیستراوی ئیسلامی بازرگانی لە شێوەی پێشانگایەك یان کۆشکێکی بچوك لە هۆلی پێشوازی کردنی نەخۆشدا، ئەم بۆچونەش پاداشتێکی گەورەی هەیە..

٤- رێکخستنو گونجاندن لە نێوان وتارو ئامۆژگاری مزگەوتو شوێن نوێژەکانی سەر بە نەخۆشخانە..

٥- بەستنی کۆری زانیاری پزیشکی بۆ رون کردنەوەی دەسەڵاتی خودا لە دروست کردنی مرۆڤدا..

پزیشكو کلیلەکانی خێرو چاکە..

دانیشت بوومو زۆر بیرم دەکردەوە لە حاڵی پزیشك لەگەڵ نەخۆشەکانیدا.. هەروەها بەراوردکردنی پیشەی پزیشکی لەگەڵ کارو پیشەکانی تردا، زانیم کە مامۆستا هەڵسوکەوت لەگەڵ کۆمەڵە کەسێکی دیاری کراودا دەکات، کە لە بۆچونو هەڵسوکەوتو مامەڵەیاندا تا رادەیەك لێك نزیکن، هەروەها زۆریش لەگەڵیاندا هیلاكو ماندوو نابێت.. هەروەها ئەندازیاریش لەگەڵ کۆمەڵە کەسێکی ئاست لە یەك نزیکدا هەڵسوکەوت دەکات، لەبەرئەوە زۆر بیرو هۆشی ماندوو نابێت.. هەروەها خاوەن پیشەکانی تریش بە هەمان شێوە، وەکو فرۆکەوانو وەستای دروست کردنی خانوبەرەو ئاسنگەرو دارتاشو... هەروەها.. بەڵام پزیشك لە عەیادەکەی دادەنیشێتو نەخۆش دێتە ژوورەوە بۆ لایو نەخۆش هەیە زیرەکەو زوو لە مەبەستی پزیشك تێدەگاتو پزیشکیش تێدەگات.. هەیانە بە ئاسانی تێناگاتو خۆیو پزیشکیش ماندوو دەکات.. لێت تێناگەم!! نا.. تۆ لە مەبەستی من تێنەگەیشتیت!! زیاتر بۆم روون بکەرەوە!! هەروەها.. هەیانە گومانی خراپ بە پزیشك دەباتو بە قسەکانی خەریکی دەکات، ئەوە چیە؟! لە خودا بترسەو ماڵو سامانم لە دەرمانو

دەرزیدا بە فیرۆ مەدە.. ئەو هەموو پشکنینە چیە؟! تۆ دانیشتوویی‌و دزیمان لێدەکەیت!! هەیانە گومانی باش دەبات.. هەیانە تورەیەو بە قسەکانی پزیشك بێتاقەت دەکات، وەك دەڵێت: تۆ تێناگەیت!! چەند جار دەرمانت بۆ نوسـیم‌و چـاك نەبومەوە؟! ئەگەر نازانی چارەسـەری نەخۆش بکەیـت، عەیادەکەت دابخـە؟! هەیانـە زۆر نەرم‌و نیان‌و لە سـەر خۆیە.. هەیانە بەخشـندەیە.. هەیانە رەزیلە.. هەیانە گەورەو بە تەمەنەو هەیانە بچوك‌و منداڵە.. هەیانە دەوڵەمەندەو هەیانە هەژارە.. کەواتە پێویسـتە پزیشـك لە هەڵس‌وکەوتیدا خـۆی بگونجێنێت لەگەڵ هەر یەکێکیاندا.. لە کاتی چارەسـەری نەخۆشـدا ئارامگر بێت، بە تایبەت لەگەڵ کەسـە بە تەمەنەکانـدا وەك رێزێك بۆیان، هەروەها لەگەڵ منداڵدا وەك بەزەییەك بۆیان.. هەروەها لەگەڵ لێقەوماوانی روداوە کت‌وپرەکاندا وەك سۆزێك بۆیان..

ئەو ئیماندارەی کە تێکەڵی خەڵکی دەبێت‌و لە سەر ئازارو نارەحەتیەکانیان ئـارام دەگرێت، لـە لای خودای پەروەردگـار چاکترو خۆشەویسـت ترە لەو ئیمانـدارەی کە تێکەڵی خەڵکی نابێت‌و ئـارام ناگرێت، هەروەك پێغەمبەری خودا (ﷺ) هەواڵی پێداوین.. لە کلیلەکانی خێرو چاکەش:

١- نەرم‌و نیانی نواندن لەگەڵ نەخۆشـداو پرسیار کردن دەربارەی ژیانی ماڵ‌و منداڵی..

٢- ئامـادە کردنی هەندێك کاسـێت یـان نامیلکەو پێشـکەش کردنی بە نەخۆش..

٣- بە سـۆزو میهرەبان بوون لەگـەڵ کەس‌وکاری نەخۆشـداو نارەحەت نەبوون لە زۆر پرسیار کردنیان، هەروەها هەوڵ بدات لە رێگەی ئامۆژگاریەوە کار بکاتە سەریان..

٤- وای دابنێت رۆژانە کە سـەردانی نەخۆشـەکان دەکات، پاداشتی هەیەو خێری دەگات.. هەر موسـڵمانێك سـەردانی نەخۆشـێکی موسـڵمان بکات لە میوەچنینی بەهەشتدایە هەتا دەگەڕێتەوە..

٥- زەردەخەنەو رووخۆشـی بە رووی نەخۆشدا، رووخۆش بوون بە رووی موسڵماناندا خێرو چاکەیە.

٦ رێ پیشـاندانی نەخۆش دەربارەی ئەو شـتانەی پرسیاریان لێدەکات‌و

پێویستیان پێیانە، هەر کەسیش خەریکی جێبەجێ کردنی پێویستی موسڵمانێك بێت، خودای گەورە پێویستیەکانی بۆ جێبەجێ دەکات..

٧- مانەوەی لە ژووری ئێشکگرتندا بە تەنهاو بەجێ هێشتنی ماڵو منداڵو کەسوکار بە خێرو چاکە بزانێتو چاوەڕوانی پاداشتی خودای پەروەردگار بکات..

٨- پەلە نەکردن لە زوو دیاری کردنی نەخۆشیدا، هەروەها پەلە نەکردن لە دیاری کردنی دەرماندا.. هەر پزیشکێك چارەسەری خەڵك بکاتو شارەزایی تەواوی نەبێت، ئەوا لە ڕوودانی هەر کارەساتێك بەر پرسیار دەبێت..

٩- سووربوون لە سەر داپۆشینی عەیبو عاری موسڵمانان، هەر کەسێك عەیبو عاری موسڵمانان داپۆشێت، ئەوا خودای گەورە لە ڕۆژی دواییدا عەیبو عاری دادەپۆشێت..

١٠- زۆر قسە نەکردن لەگەڵ نەخۆشدا ئەگەر هاتوو نەخۆشێکی زۆر چاوەڕوانی هاتنە ژوورەوە بوون، چونکە نەخۆشی وا هەیە ئیشوکارو ماڵو منداڵی بەجێ هێشتووە..

نوێژ کردنی نەخۆش..

ماوەیەك لەگەڵ کۆمەڵە هاوڕێیەك ڕێك کەوتین لە سەر بنیاتنانی لیژنەیەکی خێرخوازی بۆ سەردانی نەخۆشو ئاگادار بوون لە نارەحەتیەکانیانو یارمەتیدانیان لە کاتی پێویستیدا.. ژمارەمان کەم بوو.. نەخۆشخانەکانمان دیاری کردو یەك لە دوای یەك سەردانمان دەکردن.. یەکەم نەخۆشخانە کە سەردانمان کردن پێکهاتبوو لە پێنج سەد جێگەی نەخۆش.. بە لای نەخۆشەکاندا ڕۆیشتینو دیاریمان پێشکەش کردنو وەڵامی پرسیارەکانیانمان دەدایەوە.. ئەوەی چاوەڕوان نەکراو بوو ئەوە بوو کە زیاتر لە ٤٠٪ی نەخۆشەکان لە کاتی نەخۆشیدا نوێژیان نەدەکرد!! هەیان بوو نیەتی ئەوەی هەبوو کە لە دوای دەرچوونی لە نەخۆشخانە نوێژەکانی بگێڕێتەوە.. هەیان بوو دەیوت: چۆن چۆنی نوێژ بکەم کە ڕووم لە قیبلە نەبێت!! یان چۆن نوێژ بکەم کە نەتوانم دەست نوێژ بگرم!! یان جلو بەرگەکانم پاك نین!! هەروەها چەندان قسەو بیانوی تر.. لەگەڵ ئەوەدا کە خودای گەورە

زۆر کار ئاسانی بۆ کردون، ئاینی ئیسلامیش هەڵگری نارەحەتیەکانە.. خودای گەورە لەگەڵ تەنگانەو نارەحەتیدا، خۆشیو ئاسودەیشی داناوە.. پێویستە هەمووموان ئەوە بزانین کە بە هیچ شێوەیەك نوێژ کردن لە سەر موسڵمان لاناچێت، تەنها لە حاڵەتی لەدەستدانی ژیریو عەقڵدا نەبێت، وەك شێت بوون یان لەهۆش خۆچوونێکی درێژخایەن..

لێرەدا بە کورتی چۆنیەتی دەست نوێژو نوێژی نەخۆش روون دەکەینەوە:

١- ئەگەر نەخۆشیەکەی ئاسایی بوو، بەکارهێنانی ئاو زیانی نەبوو، وەك سەرئێشەو دان ئێشەو هاوشێوەی ئەوانە، ئەوا تەیەموم کردن دروست نیە..

٢- ئەگەر بەکارهێنانی ئاو دەبووە هۆی زیاد بوونی نەخۆشیەکە، ئەوا تەیەموم کردن دروستە..

٣- ئەگەر نەخۆشەکە نەیدەتوانی دەست نوێژ بگرێت، یان خۆی بشوات، لەبەر نەتوانینی یان لە زیاد بوونی نەخۆشیەکەی بترسێت، ئەوا دەتوانێت بە خۆڵێکی پاك تەیەموم بکات هەروەك خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِن كُنتُم مَّرْضَىٰٓ أَوْ عَلَىٰ سَفَرٍ أَوْ جَآءَ أَحَدٌ مِّنكُم مِّنَ ٱلْغَآئِطِ أَوْ لَٰمَسْتُمُ ٱلنِّسَآءَ فَلَمْ تَجِدُوا۟ مَآءً فَتَيَمَّمُوا۟﴾ المائدة/ ٦ واتە: (ئەگەر نەخۆش بوون یان لە سەفەردا بوون یان دەستتان بە ئاو گەیاند بوو (تارەتتان گرت بوو) یان لە ئافرەتی نامەحرەم کەوتبوونو ئاوتان دەست نەدەکەوت (بۆ خۆشتن یان بۆ دەست نوێژ، ئەو کاتە دەتوانن) بە خاکێکی پاك تەیەموم بکەن)..

ئەگەر نەیتوانی با تەیەمومی بۆ بکەن، بەوەی کە هەر دوو دەستی نەخۆشەکە بگرنو بیدەن بە خۆڵێکی پاکداو پاشان بیهێنن بە روخسارو دەستەکانیدا، وە ئەگەر جلو بەرگەکانی یان جێگەکەی پاك نەبوو، ناشتوانرا پاك بکرێتەوە، ئەوا دروستە بەو حاڵەوە نوێژەکانی ئەنجام بدات، هەر وەك خودای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ مَا ٱسْتَطَعْتُمْ﴾ التغابن/ ١٦ واتە: (کەوابوو هەتا دەتوانن بە تەقواو خودا ناسبن)..

٤- ئەو کەسەی برین یان شکاوی یان نەخۆشیەکی هەبێت، کە بەکارهێنانی ئاو زیانی پێبگەیەنێت، توشی لەش گرانیش ببێت، ئەوا دروستە تەیەموم بکات.. بە بەڵگەی ئایەتەکەی خاڵی پێشوو.. بەڵام ئەگەر توانی هەندێك

بەشی جەستەی بشوات، یا بیشوات و بەشەکانی تری تەیەموم بکات..

٥- ئەگەر نەخۆشەکە لە شوێنێکدا بوو، نە ئاوو نە خۆڵی لێنەبوو.. کەسیش نەبوو بۆی ئامادە بکات، ئەوا یا بە دڵ نیەتی دەست نوێژ بهێنێت و بەو حاڵەتەوە نوێژەکەی بکات و نابێت نوێژەکەی دوا بخات..

٦- ئەو نەخۆشانەی میزیان بۆ ڕاناگیرێت، یان برینەکەیان خوێنەکەی ناگرسێتەوەو بەردەوام لە چارەسەردایە، ئەوا پێویستە بۆ هەموو نوێژێك، لە دوای هاتنی کاتی نوێژ، دەست نوێژ بگرێت و ئەو بەشەی جل وبەرگەکەی یان لاشەی بشوات، کە میز یان خوێنی پێوە بووە، یان ئەگەر توانی جل وبەرگێکی پاك دابنێت و لە کاتی نوێژەکاندا لەبەری بکات، یان ئەگەر توانی پارچەیەك لۆکە یان پەڕۆ لە سەر ئەو بەشەی جەستەی دابنێت، بۆئەوەی ڕێگری بکات لە گەیشتنی خوێن و میز بۆ لاشەی ئەوا باشترە..

٧- ئەگەر نەخۆشەکە لەفاف و پێچانەوەی پێوەی بوو، ئەوا لە کاتی خۆشۆرین و دەست نوێژدا پێویستە ئەو شوێنە مەسح بکات، واتە دەستی تەری پێدابهێنێت و ئەندامەکانی تریشی بشوات، بەڵام ئەگەر مەسح کردنەکە زیانی پێدەگەیاند، یان برینی پێوە بوو، نەدەتوانرا بشۆرێت یان مەسح بکرێت، وەك سوتان ئەوا لە دوای دەست نوێژەکە دەتوانێت تەیەموم بکات..

چۆنیەتی نوێژکردنی نەخۆش..

زاناکان هاوران لە سەر ئەوەی ئەگەر کەسێك نەتوانێت بە پێوە نوێژ بکات بۆی هەیەو دەتوانێت بە دانیشتنەوە نوێژەکەی بکات.. چۆنیش لە لای ئاسانە دەتوانێت بەو شێوەیە دابنیشێت.. ئەگەر بە دانیشتنەوە نەیتوانی نوێژەکەی بکات، ئەوا دەتوانێت لە سەر تەنیشت نوێژەکەی بکات و ڕوو لە قیبلە بێت.. سوننەتیشە لە سەر تەنیشتی ڕاستی بێت.. ئەگەر لە سەر تەنیشتیش نەیتوانی، دەتوانێت لە سەر پشت نوێژەکەی بکات و ئەگەر توانی با قاچەکانی ڕووەو قیبلە بن.. هەروەك پێغەمبەر (ﷺ) بە هاوەڵێك دەفەرموێت: (صل قائماً، فإن لم تستطيع فقاعداً، فإن لم تستطيع فعلى جنب)رواه البخاري. لە لای ئیمامی نەسائی ئەمەشی لەگەڵدایە (فإن لم تستطيع فمستلقياً) واتە: (بە پێوە نوێژ بکە، ئەگەر نەتتوانی بە دانیشتنەوە، ئەگەر نەتتوانی لە سەر

تەنیشت، ئەگەر نەتتوانی بە پاڵدانەوەوە).. ئەگەر کەسێك دەیتوانی بە پێوە بوەستێت، بەڵام نەیدەتوانی بۆ ڕکوعو کڕنوش بردن بچەمێتەوە، ئەوا هەر دەبێت بە پێوە نوێژەکەی بکات، بەڵام بۆ ڕکوع تەنها کەمێك جەستەو سەری دانەوێنێتو پاشان دانیشێتو بۆ کڕنوشیش سەری دانەوێنێت.. خودای گەورە دەفەرموێت:﴿وَقُومُواْ لِلَّهِ قَـٰنِتِينَ﴾ البقرة/ ٢٣٨ واتە : (هەمیشەو بەردەوامیش هەستن بە ئەنجامدانی فەرمانەکان بۆ خودا، بە گەردن کەچیەوە).. خۆ ئەگەر نەخۆشیەکەی بەهێز بوو، یان شەلەل بوو، نەیدەتوانی سەری بجوڵێنێت، ئەوا لە دڵی خۆیدا نیەتی ڕکوعو کڕنوش دەهێنێت.. وە ئەگەر نەیدەتوانی روو بکاتە قیبلەو کەسیش نەبوو یارمەتی بدات، ئەوا چۆن بۆی ئاسانەو بۆی دەگونجێت، با وا بکات.. هەندێك نەخۆش کاتێك نەشتەرگەریەکیان بۆی ئەنجام دەدرێت، نوێژ ناکەن، لەبەرئەوەی ناتوانن بە تەواوی ئەنجامی بدەن، یان ناتوانن دەست نوێژ بگرن، یان لەبەرئەوەی جلوبەرگەکەیان پاك نیە، ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە.. وازهێنانو نەکردنی نوێژ دروست نیە، بەڵکو دەبێت هەر چۆنێك بۆی بکرێت، بیکات.. هەر وەك خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ مَا ٱسْتَطَعْتُمْ﴾ التغابن/ ١٦ واتە: (کەوابوو هەتا دەتوانن بە تەقواو خوداناس بن).. هەندێك نەخۆش دەڵێن: کاتێك چاك بووینەوە، نوێژەکانمان دەگێرینەوە.. ئەمەش ساردو سڕیە.. نوێژ دەبێت لە کاتی خۆیدا ئەنجام بدرێتو دروست نیە دوای بخەین بۆ کاتێکی تر.. ئەگەر نەخۆش، یان کەسێکی تر خەوی لێکەوت، یان لە بیری چوو نوێژەکەی بکات، ئەوا دەبێت هەر کە خەبەری بووەوە، یان بیری کەوتەوە یەکسەر نوێژەکەی بکات.. نابێت وازی لێ بهێنێتو لەگەڵ نوێژێکی تردا بیکات.. هەروەك پێغەمبەری خودا (ﷺ) دەفەرموێت: (من نام عن صلاة، أو نسيها فليصلها متى ذكرها لاكفارة لها إلا ذلك) واتە: (هەر کەسێك لە کاتی نوێژدا خەوی لێکەوت، یان لە بیری چوو، ئەوا هەر کاتێك بیری کەوتەوە با نوێژەکە ئەنجام بداتو تەنها ئەمەش کەفارەتیەتی).. ئەگەر نەیتوانی هەر نوێژەو لە کاتی خۆیدا ئەنجام بدات، ئەوا با نوێژی نیوەڕۆو عەسر بەیەکەوەو نوێژی ئێوارەو خەوتنیش بەیەکەوە ئەنجام بدات، پێشیان بخات یان دوایان بخات، بەپێی گونجانو ئاسانی بۆی، واتە (جمع تقديم يان جمع تأخير).. بەڵام نوێژی بەیانی لە

کاتــی خۆیدا ئەنجام بدرێتو نە لەگەڵ پێش خۆیو نە لەگەڵ دوای خۆی کۆ ناکرێتەوە..

ڕۆژووگرتنی نەخۆش..

هەموو نەخۆشـێك، کە ڕۆژووگرتن لە لای گرانو زەحمەت بوو، دەتوانێت بەڕۆژوو نەبێت، هەروەك خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَن كَانَ مَرِيضًا أَوْ عَلَىٰ سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ﴾ البقـرة/ ١٨٥ واتــە: (ئەوەش کە نەخۆش بێت یان لە سەفەردا بێت با لە ڕۆژانی تردا بەو ئەندازەیە بیگرێتەوە).. بەڵام دروســت نیە لەبەر نەخۆشــی بڵاوو ئاسـان، وەك کۆکەو سەرئێشە بەڕۆژوو نەبێت.. ئەگەر ڕۆژووەکە دەبووە هۆی زیاد بوونی نەخۆشـیەکە یان درەنگ چــاك بوونەوەیو بە ڕۆژ پێویســتی بە خواردنــی دەرمانەکانی هەبوو ئەوا دروستە بەڕۆژوو نەبێت، بەڵکو مەکروهە کە بەڕۆژوو بێت، هەروەك خودای گــەورە دەفەرموێــت: ﴿يُرِيدُ ٱللَّهُ بِكُمُ ٱلْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ ٱلْعُسْرَ﴾ البقرة/ ١٨٥ واتە: (چونکە خودا ئاســانکاری بــۆ ئێوە دەوێتو نایەوێت (پەرســتنو فەرزەکانتان) لە سەر قورسو گران بکات)..

ئەگەر هاتوو ڕۆژووگرتنەکە دەبووە هۆی لە هۆش خۆچوونی نەخۆشەکە، ئەوا با ڕۆژووەکەی بشــکێنێتو پاشــان بیگرێتەوە.. وە ئەگەر بەڕۆژوو بوو، پاشان لە هۆش خۆی چوو، بەڵام پێش یان دوای ڕۆژئاوا بوون بە هۆش هاتەوە، ئــەوا ڕۆژووەکەی تەواوو دروســتە، مــادام هیچ خــواردنو خواردنەوەیەکی نەخوارد بێت..

وە ئەگەر کەســێك لە هۆش خۆی چوو، یان دەرمانێکی ئارام بەخشیان بۆ بەرژەوەندی نەخۆشــەکە بەکارهێناو پاشــان لە هۆش چوو.. ئەگەر لە هۆش چوونەکەی لە سێ ڕۆژ کەمتر بوو، ئەوا دەبێت ڕۆژووەکەی بگرێتەوە، چونکە حســابی خەوتووی بۆ دەکرێت.. بەڵام ئەگەر لە هۆش چوونەکەی لە سێ ڕۆژ زیاتر بوو ئەوا پێویســت ناکات ڕۆژووەکەی بگرێتەوە، چونکە حسابی نەمانی ژیــریو عەقڵی بۆ دەکرێت، ئەمەش بە پێی فتوای زانای گەورە (شــیخ إبن باز)..

ئەگەر نەخۆشــێك چاوەڕوانی چاکبوونەوەی لێدەکــرا، هەر وەك ئەوەی

نەشتەرگەری بۆ ئەنجام بدرێت، ئەگەر ڕۆژووەکە لە سەری نارەحەت بوو، با بیشکێنێت و پاشان بیگرێتەوە.. بەڵام ئەو نەخۆشانەی نەخۆشی درێژخایەنیان هەیە و چاوەڕوانی چاك بوونەوەیان لێناکرێت، وەك شێرپەنجە یان لە دەستدانی گورچیلە، هەروەها ئەو کەسانەی تەمەنیان زۆرەو ناتوانن بەڕۆژوو بن و ناشتوانن بیگرنەوە، ئەوا لە باتی هەر ڕۆژێك با خواردنی هەژارێك بدەن، کە دەکاتە کیلۆو نیوێك برنج.. یان خواردنی ئەو وڵاتە..

ئەو نەخۆشەی کە هەندێك ڕۆژی ڕەمەزان بەڕۆژوو نەبووەو چاوەڕوانی چاك بوونەوە دەکات بۆئەوەی بیان گرێتەوە، پاشان بۆی دەردەکەوێت کە نەخۆشیەکەی درێژخایانەو ناتوانێت بیان گرێتەوە، ئەوا پێویستە بۆ هەر ڕۆژێك خواردنی هەژارێك بدات.. بەڵام ئەو کەسەی چاوەڕوانی چاك بوونەوو شیفا دەکات، بەڵام پێش ئەوەی بگاتە ڕۆژو کاتی گرتنەوەی ڕۆژووەکە بمرێت، ئەوا هیچ شتێك نە لە سەرخۆی و نە لە سەر کەس وکاری نیە..

بۆ نمونە: کەسێك لە بیست وپێنجی ڕەمەزاندا نەشتەرگەریەکی بۆ ئەنجام دەدرێت و بەڕۆژوو نابێت، بەو نیازەی لە دوای چاك بوونەوە بیان گرێتەوە، بەڵام لە سی ڕەمەزاندا دەمرێت.. لەم حاڵەتەدا کەس وکارەکەشی لە سەریان نیە نە ڕۆژووەکەی بۆ بگرنەوەو نەخواردنی هەژاریش بدەن.. بەڵام ئەو کەسەی نەخۆش دەکەوێت و بەڕۆژوو نابێت، پاشان چاك دەبێتەوەو دەتوانێت ڕۆژووەکەی بگرێتەوە، بەڵام ساردو سری لێدەکات هەتا دەمرێت، ئەوا دەبێت بۆ هەر ڕۆژێك خواردنی هەژارێك لە ماڵەکەی دەربکرێت.. بەڵام ئەگەر کەسێك لە خزمەکانی وتی: من ڕۆژووەکانی بۆ دەگرمەوە، ئەوا ئەمەیان باشترە، هەر وەك پێغەمبەری خودا (ﷺ) دەفەرموێت: (من مات وعليه صيام، صام عنه وليه) واتە: (هەرکەسێك مردو ڕۆژووی لەسەر بوو، با کەس وکاری بۆی بگرنەوە)..

بۆ نمونە: کەسێك لە بیست وپێنجی ڕەمەزاندا نەشتەرگەری بۆی ئەنجام دەدرێت و بەڕۆژوو نابێت بە نیازی ئەوەی لە دوای چاك بوونەوە بیانگرێتەوە، بەڵام لە سی ڕەمەزاندا چاك دەبێتەوەو ساردو سری لە گرتنەوەی ڕۆژووەکەی دەکات، هەتا لە مانگی حەجدا دەمرێت، ئەوا کەس وکارەکەی یان دەبێت ڕۆژووەکەی بۆ بگرنەوە یان خواردن بدەن بە هەژاران.. ئەگەر نەخۆشەکە

نەخۆشیەکەی بەدرێژخایەن دادەنراو بەرۆژوو نەبوو، پاشان بواری پزیشکی پێشکەوت و چارەسەر بۆ نەخۆشیەکەی دۆزرایەوەو چاکبووەوە، ئەوا لە سەری نیە ئەو رۆژووانەی پێشـوو بگێڕێتەوە، چونکە لەو کاتەدا بەرۆژوو نەبووەو لە سەری نەبووە، هەروەها نەشیتوانیوە بیان گرێتەوە.. (اللجنة الدائمة)..

ئەگەر کەسـێك توشـی برسـیەتی و تینویەتێکی زۆر هات و ترسا لەوەی کە لەناوبچێت، با رۆژووەکەی بشـکێنێت و پاشـان بیگرێتـەوە، لەبەرئەوەی پاراستنی گیان پێویست و زەرورە..

خواردنـی هەژاریش بە دوو شـێوە دەبێت: دروسـتە لـە کۆتایی مانگدا خواردنی سی هەژار بدات، هەروەها دروستە هەموو رۆژێك خواردنی هەژارێك بدات..

چەند وشەیەك بۆ ئەوانەی لای نەخۆشن..

هەندێك کەس کاتێك لە لای نەخۆشێکی نزیکیان دەبن، سۆزو بەزەیی بە سـەریاندا زاڵ دەبێت.. بەردەوام لە نەخۆشـخانە لەگەڵ نەخۆشەکە دەبێت و هەڵدەسـتێت بە خزمەت کردن و جێبەجێ کردنی پێویستیەکانی.. هەندێك جار ئەم کەسـە شـەو ناخەوێت، بەڵام نەخۆشـەکە دەخەوێت.. شەونخونی ئیماندار لەبەر برایەکی نەخۆش یان لەبەر خوشـکێکی نەخۆشی موسڵمانی، هۆکارێکی گەورەیە بۆ نزیك بوونەوە لە خودای گەورە.. خۆ ئەگەر نەخۆشەکە کەسێکی نزیکی ببێت، وەك باوك یان دایك یان خوشك و برا، ئەوا بە دڵنیاییەوە پاداشتی گەورەتر دەبێت..

پێغەمبـەری خودا (ﷺ) هەواڵمان پێدەدات و دەفەرموێت: (هەر کەسـێك سـەردانی نەخۆشـێك بکات، ئەوا بەردەوام وەکو ئەوە وایـە خەریکی میوە چنین بێت لە بەهەشـتدا، هەروەها حەفتا هەزار فریشتە داوای لێخۆشبوونی بۆ دەکەن).. ئەمە بۆ سـەردان کردنی نەخۆشە!! ئەی ئەگەر بەردەوام لەگەڵ نەخۆشـەکەدا بێت و خزمەتی بکات؟! بەڵام هەندێك لەو کەسانەی کە لە لای نەخۆشـن، هەموو ئەو چاکەو پاداشـتانە کۆ دەکەنەوەو پاشان بەهۆی چەند هەڵەو تاوانێکەوە بەفیرۆی دەدەن..

کەواتە هەموومان پێویسـتە بپرسـین: ئەو کەسـانەی لە لای نەخۆشـن

کاتەکانیان لە چیدا بەسەر ببەن؟ دەتوانن کاتەکانی خۆیان لە خوێندنەوەی بە سوددا بە سەر ببەن.. هەروەها لە نەخۆشخانەدا ئامۆژگاری خەڵکی بکەن.. یان ئەگەر لە نەخۆشخانە لە لای نەخۆش بوو، با دوعا بە سەر نەخۆشەکەدا بخوێنێت.. خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَنُنَزِّلُ مِنَ ٱلْقُرْءَانِ مَا هُوَ شِفَآءٌ وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ ﴾ الإسراء/ ٨٢ واتە: (ئێمە لە قورئان ئایەتو سورەتانێك دادەبەزێنین، کە ببێتە هۆی شیفاو چارەسەر بۆ نەخۆشیە دەروونیو جەستەییەکان هەروەها ببێتە رەحمەتو میهرەبانیش، بۆ ئیمانداران).. هەروەها دەفەرموێت: ﴿ قُلْ هُوَ لِلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ هُدًى وَشِفَآءٌ ﴾ فصلت/٤٤ واتە: (ئەی پێغەمبەر (ﷺ) پێیان بڵێ: ئەم قورئانە بۆ ئەوانەی باوەڕیان هێناوە هیدایەتو ڕێنموویی و شیفایەو چارەسەری هەموو دەردێكو نەخۆشیەکان دەکات).. بە دڵنیاییەوە خوێندنی قورئان بە سەر نەخۆشدا کاریگەریەکی گەورەی دەبێت..

لە نەخۆشخانەی سەربازیدا..

عبداللەی هاورێم گەنجێکی چاکەکار بوو.. پەیوەندیو دۆستایەتیمان پێکەوە هەبوو.. ئەمزانی کە باوکی توشی نەخۆشی دڵ بووەو چەندان نەشتەرگەری بۆ ئەنجامدراوەو کۆتا جاریش بردویانەتەوە نەخۆشخانەو لە ژێر چاودێری وردداپە..

چەند جارێك لە نەخۆشخانە سەردانم کرد، پاشان نەخۆشیەکەی پەرەی سەندو کەوتە بێ هۆشیەکی تەواوەوە.. نەیدەزانی لە دەوروبەریدا چی ڕوو دەدات.. کاتێك ئەو هاورێیەم زانی کە باوکی ئاگای لە هیچ نیەو زۆری سەردانی میوانەکانیش نارەحەتی دەکەن، نوسراوێکی بە دەرگای ژوورەکەدا هەڵواسیو لێی نوسی: بە فەرمانی پزیشك سەردان قەدەغەیە.. پاش چەند ڕۆژێك پەیوەندیم پێوە کردو بە شڵەژاویەوە وتی: یا شێخ دەمەوێت سەردانی باوکم بکەیت، بۆئەوەی هەندێك قورئانی بە سەردا بخوێنیت.. بە پەلە چووم بۆ نەخۆشخانەو چوومە ژوورەوە بۆ لای باوکی.. وەك لاشەیەکی بێ گیان وابوو، لە سەر جێگەکەی ڕاکشا بوو.. لە بێ هۆشیەکی تەواو دابوو.. چەند ئامێرێك بە جەستەیەوە بوو.. ئامێری فشاری خوێن.. ئامێری شەکرە.. لێدانی دڵ.. هەناسەدان.. لە تەنیشتیەوە یاریدەدەری پزیشکێك بە ئارامی

چاودێـــری ئامێرەکانی دەکــرد.. لێی نزیك بوومەوەو چوومە دیار ســەری‌و قســەم لەگەڵ کرد، بەڵام هیچ شتێکی وەڵام نەدامەوە.. وتم: ئەی فلانە کەس ئەگــەر گوێت لێمە، تەنها پەنجــەت بجوڵێنە.. بە بێ جوڵە مایەوەو پەنجەی نەجوڵانــد.. بە دەنگێکی کەمێك بەرزو بیســتراو، دەســتم کرد بە خوێندنی قورئــان.. ﴿ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ * ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ * مَٰلِكِ يَوْمِ ٱلدِّينِ .....﴾. ﴿ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلْحَىُّ ٱلْقَيُّومُ ...﴾.. ئەخۆشــەکە کەمێك جوڵاو بەڵام قسەی نەکــرد.. لە پڕ یەکێك لــە ئامێرەکان دەنگی لێوە هــات، وەك دەنگی ئاگادار کردنەوە.. یاریدەدەری پزیشـکەکە ترســاو هەســتا ژمارەکانــی ئامێرەکەی گــۆڕی‌و دانیشــت، پاشــان ئامێرێکــی تریــش دەنگــی لێوە هات.. هەســتاو گۆڕانکاری لەویشدا کردو دانیشتەوە، پاشان ئامێری سێیەم بە هەمان شێوە.. بــەردەوام لە نێوان ئامێرەکاندا هاتوچۆی دەکردو منیش قورئانم دەخوێند.. گوێــم لە هاورێکەم بــوو بە یاریدەدەری پزیشــکەکەی دەوت: ..This Qoran This Qoran .. ئــەوە قورئانە.. ئەوە قورئانە.. بە سەرســورمانەوە ســەیری دەکردیــن!! بــەڵام من لە قورئــان خوێندنەکەم هەر بــەردەوام بووم، بە بێ ئەوەی ئاوڕیان لێبدەمەوە.. نزیکەی نیو کاتژمێر قورئانم بە ســەردا خوێند، پاشــان دوعام بۆ کردو ڕۆیشتم، بەڵام عبدالله لەگەڵ یاریدەدەری پزیشکەکەدا مایــەوەو بە زمانی ئینگلیزی قســەی بۆ دەکرد.. گوێم لــە دووبارە بوونەوەی ئەم وشــانە بوو: قورئان.. ئیسلام.. پاشان عبدالله بەرەو رووم هات‌و سوپاس‌و ماڵئاوایــی لێکردم.. دەســتیم گرت‌و وتم: تێنەگەیشــتم چــی ڕوویدا؟! ئەم ئامێرانە چی بوون، کە بێتاقەتیان کردین؟! یاریدەدەری پزیشــکەکە بۆچی شــڵەژا؟! وتی: یا شێخ کارەکە زۆر ســەر سوڕهێنەرە.. تۆ دەزانی باوکم تووشی نەخۆشــی دڵ بووەو چەندان نەشتەرگەریمان بۆ ئەنجامداوە.. پێش دوو ڕۆژ لە کۆتا نەشــتەرگەریدا، لە پڕ خوێن لە دەمارەکانیدا وەســتاو پزیشکەکەشی چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد.. لە پێش نەشتەرگەریەکەدا پزیشکەکە زۆر سور نەبوو لە ســەر گەیاندنی دانانی ترومپایەکی کارەبایی (مضخة کهربائية) بۆ جوڵاندنی خوێن لە دەمارەکانیدا بۆ کاتی پێویســت.. هەر بۆیە پزیشــکەکە زۆر بە پەلە هەســتا بە دانانی ترومپایەکی بە دەست جوڵاو، داوای لە یەکێك لە یاریدەدەرەکانی کرد کە بە دەســت ترومپاکە بجوڵێنێت.. ئەمەش باوکمی

هێنایە سەر لێواری مەرگ، لەبەرئەوەی خوێن لە دەمارەکانیدا بۆ ماوەی پەنجا خولەك وەستا.. بەڵام خودای گەورە زۆر بە سۆزو میهرەبانە.. لە دوای نەشتەرگەریەکە وەك جەستەیەکی بێ گیان باوکمیان هەڵگرتو بردیان بۆ ژوورەکەی.. فشاری خوێنی دابەزی تا گەیشتە چل پلە.. بە چەندین هۆکار هەوڵی بەرزکردنەوەیاندا، بەڵام نەیانتوانی.. پزیشکەکە بڕیاریدا کە ماددەیەکی کیمیاوی بکرێتە دەمارەکانیەوە، بۆئەوەی فشاری خوێنەکەی بەرز ببێتەوە.. ئەو ماددەیەش زۆر ترسناك بوو، هەر بۆیە لە رووی پزیشکیەوە نابێت لە دوانزە پلە زیاتر بدرێتە نەخۆش، چونکە زۆرجار دەبێتە هۆی مردنی نەخۆشەکە.. ئەو برە دەرمانەی پێدراو حاڵەتی هیچ پێی باش نەبوو، پاشان پزیشکەکە زیادی کرد بۆ سیانزە پلە، پاشان بۆ چواردە پلە.. بۆ پانزە پلە.. بۆ شانزە پلە.. فشاری خوێنەکەی بەرزبووەوە بۆ شەستو حەوت پلەو وەستا.. لەگەڵ ئەوەشدا هەر نزم بوو، پاشان لە سەر ئەم جێگەیە دایانناو ئەم پاریدەدەرەش چاودێری دەکرد.. دوای ئەوەی تۆ دەستتت بە قورئان خوێندن کرد، فشاری خوێنی باوکم دەستی بە بەرزبوونەوە کردو بەرزبووەوە.. بۆ شەستو هەشت.. شەستو نۆ.. حەفتا.. پاریدەدەرەکە هەستا بە کەم کردنەوەی ئەو ماددەیەی کە بۆ بەرزبوونەوەی فشاری خوێنەکە پێویست بوو، بەردەوام فشاری خوێنی باوکم بەرز دەبووەوە، هەتا گەیشتە حەفتاو پێنج.. هەشتا.. نەوەد.. هەتا لە سەدو بیستو یەکدا جێگیر بوو.. ئێستا هۆکاری سەرسورمانی پاریدەدەرەکە دەزانی؟! پزیشکەکان.. ئامێرەکان.. دەواو دەرمان، هیچ سوودێکیان نەبوو، کوا شارەزایی پزیشکەکان؟! کوا دەواو دەرمانەکانیان؟! پاکیو بێگەردی بۆ ئەو خودایەی کە قورئانی دابەزاند ﴿ وَنُنَزِّلُ مِنَ ٱلْقُرْءَانِ مَا هُوَ شِفَآءٌ وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ ﴾ الاسراء/٨٢ واتە: (ئێمە لە قورئان ئایەتو سورەتانێك دادەبەزێنین، کە ببێتە هۆی شیفاو چارەسەر بۆ نەخۆشیە دەروونیو جەستەییەکان هەروەها ڕەحمەتو میهرەبانیش، بۆ ئیمانداران)..

★ هاوەڵی نەخۆش دەتوانێت دوعا بۆ نەخۆش بکات بە:

١. خوێندنی حەوت جاری سورەتی (الفاتحـة)، لەگەڵ فوو کردن بە شوێنی ئازارەکە، یان بە سەری نەخۆشەکەدا.. ئەبو سەعیدی خودری (ﷺ)

دەگێرێتەوە کە کەسانێك لە هاوەڵان لە گەشتێکدا دەبنو بە لای دانیشتوانی هۆزێکدا دەرۆنو داوایان لێدەکەن، کە میوانداریان لێ بکەنو لە لایان لابدەن، بەڵام رازی نابن.. گەورەی ئەو هۆزە مار پێوەی دەدات.. کەسێکیان دێت بۆ لای هاوەڵەکانی پێغەمبەر (ﷺ)و دەڵێت: گەورەی هۆزەکەمان مار پێوەی داوە.. ئایا دوعاو نزایەکتان لەلا هەیە؟ یەکێك لە هاوەڵان وەڵام دەداتەوەو دەڵێت: بەڵێ.. سورەتی (الفاتحة)ی بەسەردا دەخوێنێتو گەورەی هۆزەکەیان چاك دەبێتەوەو هەندێك مەڕوماڵاتیان دەداتێ، بەڵام هاوەڵەکە وەریناگرێتو دەڵێت: پرس بە پێغەمبەری خودا (ﷺ) دەکەم.. کاتێك دێت بۆ لای پێغەمبەری خودا (ﷺ)و پێی دەڵێت: ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ)، سوێند بە خودا تەنها سورەتی (الفاتحة)م بە سەردا خوێند.. پێغەمبەری خودا (ﷺ) زەردەخەنەیەکی کردو فەرموی: تۆ لە کوێ دەزانیت ئەو سورەتە دوعایە؟! پاشان فەرموی: مەڕو ماڵاتەکەیان لێوەربگرنو بەشی منیشی لێ بدەن..

٢. خوێندنی حەوت جاری هەر سێ سورەتی ﴿قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ﴾ و ﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلْفَلَقِ﴾ و ﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ﴾.. هەروەها خوێندنی حەوت جاری ئەم نزایە (أسأل الله العظيم، ربَّ العرش العظيم أن يشفيك. بسم الله أرقيك من كل شيء يؤذيك، من شر كل نفس، وعين حاسدة، بسم الله أرقيك، والله يشفيك) رواه احمد.. هەروەها خوێندنی (أذهب البأس، رب الناس، اشف أنت الشافي لاشفاء إلا شفاؤك شفاء لايُغادر سقماً) متفق عليه.. هەروەها خوێندنی (أعيذك بكلمات الله التامة، من كل شيطان وهامة، ومن كل عين لامة) رواه الترمذي..

٣. پێغەمبەری خودا (ﷺ) دەفەرموێت: هەر کەس سەردانی نەخۆشێك بکات، کە کاتی مردنی نەهاتبێتو حەوت جار ئەم نزایەی بۆ بخوێنێت (أسأل الله العظيم رب العرش العظيم أن يشفيك) رواه الترمذي.. ئەوا خودای گەورە شیفای دەدات.. هەروەها نزاو پارانەوەی تریش زۆرەو قورئانی پیرۆزیش هەمووی هەر شیفایە..

* هاوەڵی نەخۆش دەتوانێت سود لە کاتەکانی ببینێت بە:

١. خوێندنەوەی بە سود.. قورئان خوێندن بێت، یان کتێبو نوسراوی بەسود..

٢. دوورکەوتنەوە لە ڕووبەڕوو بوونەوەو چاوپێکەوتن لەگەڵ ئافرەتاندا،

یان ئافرەتان لەگەڵ پیاواندا، چونکە لە کاتی دەســت بەتاڵیدا شەیتان دەست دەکات بە یاری کردن بەو کەســانە.. ئافرەتان وا لێدەکات، کە لە ڕێڕەوەکاندا هاتوچۆ بکەن، یان یاری بە ژمارە تەلەفۆنو مۆبایل بکەن.. هەروەها پیاوانیش بــە هەمان شــێوە.. زۆر شــتانی خراپمان بیســتووە کە لە نەخۆشــخانەکان ڕوویداوە.. زۆرێك لە ئافرەتان کاتێك لە نەخۆشخانەدان، لە خۆداپۆشینیاندا ساردو سری دەکەن، یاخود لە قســە کردنو لە پێکەنینیاندا لەگەڵ پیاوانی نامەحرەمدا..

٣- چەند جوانە هاوەڵی نەخۆش کاتی خۆی لە شــتی بە ســوددا بە ســەر بەرێت.. بەڵکو وا لە نەخۆشەکەش بکات، کە ئەویش لە شتی بە سوددا کاتەکانی بە سەر بەرێت.. کاتەکانی لە خوداپەرستیدا بە سەر بەرێت، کاسێتی بە سودو قورئانو ئامۆژگــاری لە لا بێت.. ئاگای لە کاتی نوێژەکان بێتو جێبەجێیان بکات.. دوورکەوێتەوە لە هەموو کارێك، کە تووشــی تاوانو سەرپێچی خودای گەورەی بکات..

٤- ڕازی بێت بە هەموو قەزاو قەدەرێکی پەروەردگار..

٥- لە بیرم ناچێت، کە بە هاوەڵی نەخۆش بڵێم:

پاڵەوانو ئازا بە..

بەڵێ.. پاڵەوان بە.. لەرزۆكو بێئارام مەبە.. زۆر جار جێگەی سەرزەنشت نیــە، ئەگەر گوێمان لە ئاهو ناڵەی نەخۆش بێت.. چونکە زۆربەی مرۆڤەکان ســنورێکی دیاریکراویان بۆ ئارامگرتنیان هەیە، بەڵام جێگەی سەرســوڕمان ئەوەیــە، کاتێك کەســێك دەبینی کە لە لای نەخۆشــێکەو خەریکی گریانەو بێئارامە، لەگەڵ ئەوەش چاوەڕوانی ئەوە لەو کەسە دەکرێت، کە نەخۆشەکە ئارام بکاتەوەو دڵی بداتەوەو ببێتە پێشــەنگ لە ئارامگرتنو ڕەزامەندیدا بۆ نەخۆشەکە، بەڵام حاڵی ئەمیش لە حاڵی نەخۆشەکەوە زۆر نزیکە.. زۆرێك لە هاوەڵانی نەخۆشو ئەو کەســانەی نەخۆشیان هەیە، سکاڵای ئەوە دەکەن، کە گریانو دڵتەنگی بە ســەریاندا زاڵ دەبێت.. منیش پێیان دەڵێم: بەڵێ.. بەڵام ئارامگرتن زۆر جوانترە بۆت.. ئەگەر هاتوو نەخۆشە خۆشەویستەکەت بەرەو مردنیش بچێت، نارەزاییو نائارامی چ سودێکت پێدەگەیەنن؟! ئارام بگرە بە

ئارامگرتنێکــی جوان.. پێغەمبەری خودا (ﷺ) دەفەرموێت: (کاتێك کەســێك منداڵەکەی دەمرێت، خودای گەورە بە فریشتەکان دەفەرموێت: گیانی منداڵی بەندەکەمتان کێشــا؟ میــوەی دڵیتان لێکردەوە؟ فریشــتەکانیش دەفەرمون: بەڵــێ.. خودای گەورە دەفەرموێت: ئەی بەندەکەم چی وت؟ فریشــتەکانیش دەفەرمون: سوپاســی کردیت.. خــودای گەورەش دەفەرموێت: کۆشــکێك لە بەهەشــتدا بە ناوی کۆشکی سوپاســگوزاریەوە بۆ بەندەکەم دروست بکەن).. کاتێــك زەرەرو زیانێکت تووش دەبێت، هەروەهــا دڵت تەنگ دەبێت بە نزاو پارانەوە پەنا بۆ خودا بەرە.

د. عبدالله وتی:

ئافرەتێك هات بــۆ لام، هەنگاوەکانی بە دوای خۆیدا پەلکێش دەکرد.. بە باڵەکانی منداڵێکی نەخۆشــی هەڵگرت بوو.. دایکەکــە تەمەنی نزیکەی چل ســاڵ دەبوو.. کۆرپەکەی لە باوەش گرت بوو، وەك ئەوەی پارچەیەك بێت لە جەستەی.. حاڵی زۆر نارەحەت بوو.. لە دووری دوو تا سێ مەترەوە گوێت لە دەنگی هەناسەی سنگی دەبوو.. پرســیارم لێکرد: تەمەنی چەندە؟ وتی: دوو ساڵو نیوە.. پشکنینی پێویستمان بۆ ئەنجامداو دەرکەوت کە خوێنبەرەکانی دڵی ناتەواون.. دوو رۆژ لە دوای ئەنجامدانی نەشتەرگەری، کورەکەی زۆر باش بوو بوو.. دایکەکــەش زۆر دڵخۆش بوو.. هەر کات کە دەیبینیم دەیوت: کەی دەردەچــین؟ خەریك بووم فەرمانی دەرچوونی بۆ بنوســم، لەپڕ منداڵەکەی لە قورگیدا توشــی خوێن بەربوونێکی زۆر هات.. ئەم رووداوەش بوو بە هۆی وەستانی دڵی بۆ ماوەی چلو پێنج خولەك.. منداڵەکە لەهۆش چوو.. ئاگای لە خۆی نەما.. پزیشکەکان هەموو لە ژوورەکەیدا کۆبوونەوەو چەندین کاتژمێر تێپەری‌و نەیانتوانی چارســەری بکەن.. یەکێك لە هاوەڵانم پەلەی کردو بە دایکەکەی وت: لەوانەیە کوردکەت دەماغی وەستا بێت، واش گومان دەبەم کە هیــچ هیوایەکی بۆ ژیان نەما بێت.. بە سەرزەنشــتەوە ئاورم لێدایەوەو پێم وت: بۆچــی وات پێوت؟! ئافرەتەکەش ســەیری کردو ســوێند بە خودا لەمە زیاتر کە وتی: شــیفا لە لای خودایە، هیچی تری نەوت، پاشــان داوای شیفای لە خودا کردو بە بێ دەنگی چوو بۆ لای کورســیەك‌و لە ســەری دانیشــت..

قورئانێکی شینی بچوکی بە دەستەوە گرتو دەستی کرد بە خوێندنەوەی..
دکتـــۆرەکان لە ژوورەکە چوونـــە دەرەوەو منیش لەگەڵیـــان دەرچووم.. منداڵەکەش وەك جەســـتەیەکی بێ گیان لە ســـەر قەرەوێڵە سپیەکەی بوو.. ئـــاورم لە دایکی دایـــەوە، هەر وەك خۆی بوو.. ڕۆژێـــك دەمبینی قورئانی بە سەردا دەخوێند، ڕۆژێك بۆی دەپارایەوە..
دوای چەند ڕۆژێك پەرستارێك هەواڵی پێدام کە منداڵە بچوکەکە دەستی کردووە بە جوڵە.. سوپاســـی خودام کردو وتم: پیرۆزە، دایکی یاســـر.. مژدە بێت، یاســـر بەرەو بـــاش بوون دەچێت.. تەنها بە وشـــەیەك وەڵامی دامەوەو وتی: سوپاس بۆ خودا..
بیســـتو چوار کاتژمێر تێپەڕیو منداڵەکە توشـــی خوێـــن بەربوونێکی هاوشـــێوەی خوێن بەربوونی یەکەم هات.. جارێکی تر، دڵی وەستا.. جەستەی منداڵەکە زۆر هیلاك بوو، جوڵەو هەســـتی لە دەستدا.. یەکێك لە پزیشکەکان بۆ چارەســـەری چـــووە ژوورەوە.. دایکەکە گوێی لێبوو کە دەیوت: وەســـتانی دەماغـــەو ئەمیش هەر دوبارەی دەکردەوەو دەیوت: (الحمدلله علی کل حال)..
پـــاش چەند ڕۆژێك منداڵەکە باش بوو، بەڵام چەنـــد کاتژمێرێکی خایەندو توشی خوێن بەربوونێکی تر بوو، لە دڵیدا، دوبارە جوڵەو هەستی لە دەستدا.. پاشـــان ڕۆژێکی تر باش بوو، هەمدیسان تووشی خوێن بەربوونێکی تر بوو.. حاڵەتەکەی زۆر سەرسوڕهێنەر بوو، لە ژیانمدا حاڵەتی لەو شێوەیەم نەدیبوو.. خوێن بەربوونەکەی شـــەش جار دوبارە بووەوەو گوێم لێنەبوو دایکی شتێکی تـــر بڵێت جگەلە ئەمە نەبێت: ســـوپاس بۆ خودا.. شـــیفا لـــە لای خودایە..
دوای چەندین پشـــکنینو چارەســـەر، هەروەها پاش شـــەش هەفتە لە خوێن بەربوون، پزیشـــکەکان توانیان زاڵ بن بە ســـەر ئەو بۆری هەوایەی کە خوێن بەربوونەکەی تیایدا ڕوویدەدا.. یاســـر دەســـتی بە جوڵە کرد.. لەپڕ تووشی وەرەمێکـــی گەورەو هەوکردن بوو لـــە دەماغیدا.. خۆم چاودێریم دەکردو بە دایکیـــم وت: کوڕەکەت حاڵـــی زۆر خراپەو ترســـناکە.. ئەویش وتی: خودای گەورە شـــیفادەرەو دەســـتی کرد بە قورئان خوێندن.. پاش دوو هەفتە، دوو ڕۆژ منداڵەکە باش بوو.. سوپاسی خودامان کردو دایکەکە خۆی بۆ دەرچوون لە نەخۆشـــخانە ئامادە دەکرد.. لە پاش ســـێ ڕۆژ، تووشـــی هەوکردنو سست

بوونی گورچیلە هاتو نزیك بوو بمرێت.. دایکیشی بەردەوام پابەند بوو بە پشت بەستن بە خوداوەو هەردوبارەی دەکردەوەو دەیوت: خودای پەروەردگار شیفادەرە، پاشان دەرۆیشتو دەستی دەکرد بە قورئان خوێندن..

رۆژان تێپەرینو ئێمەش بەردەوام بۆ ماوەی زیاتر لە سێ مانگ لە هەولدا بووین.. سوپاس بۆ خودا منداڵەکە حاڵی باش بوو، بەڵام چیرۆکەکە کۆتایی نەهات.. منداڵەکە تووشی نەخۆشیەکی زۆر سەیر بوو، کە لە ژیانمدا نەمبینی بوو.. دوای چوار هەفتە تووشی هەوکردنی پەردەی دڵ بوو، کە ناچار بووین قەفەزەی سنگی بکەینەوەو بە کراوەیی بەجێی بهێڵین، بۆئەوەی کێمو زوخاوەکەی دەربکەین.. دایکیشی سەیری دەکردو دەیوت: داوام وایە خودای پەروەردگار شیفای بدات.. شیفا هەر لە لای خودایە، پاشان دەچوو بۆ لای کورسیەکەیو قورئانەکەی دەکردەوە.. جار جار سەیری دایکی منداڵەکەم دەکردو قورئانەکەشی بە دەستەوە بوو، سەیری دەوروبەری خۆی نەدەکرد.. چوومە ژووری بوژاندنەوەی دڵ، چەندان نەخۆشی جۆراوجۆرم بینی.. هەندێك نەخۆش هاواریان دەکرد.. ئەوانەی لە لای نەخۆشەکانیش بوون، دەگریان.. هەندێکی تریان بە دوای پزیشکەکاندا دەچوون.. بەڵام ئافرەتەکە لە سەر کورسیەکەی دانیشت بوو، قورئانی دەخوێند.. ئاوری بۆ لای ئەو کەسانە نەدەدایەوە کە هاواریان دەکرد، بۆ لای پزیشکەکانیش نەدەچوو، لەگەڵ کەسیشدا قسەی نەدەکرد.. وام هەست دەکرد، کە ئەم ئافرەتە چیایەك بێت نەك مرۆڤ..

دوای شەش مانگ لە ژووری بوژاندنەوەی دڵ، بە لای منداڵەکەیە رۆیشتمو دەبینم، کە هیچ نابینێت.. دەنگیشی لێوەی نایەت.. ناشجولێت.. سنگیشی کراوەتەوە.. وا گومانمان برد، کە ئەمە کۆتاییەتی.. ئافرەتەکەش لە سەر قورئان خوێندنی خۆی بەردەوام بوو.. ئارامگر بوو، هیچ سکاڵایەکی نەدەکرد.. بە تەنها وشەیەکیش نەیدەدواندم.. پرسیاری حاڵی منداڵەکەشی نەدەکرد، تەنها مەگەر من قسەم بکردایە.. هاوسەری ئەم ئافرەتە چل ساڵێك زیاتر دەبوو.. جارجار لە لای منداڵەکەی دەمبینی، کاتێك دەیویست پرسیار بکات دەربارەی منداڵەکەی، خێزانەکەی ورەی بەرز دەکردەوەو بیری دەخستەوە کە شیفا تەنها لە لای خودایە..

لە دوای دوو مانگ، حاڵی منداڵەکە بەرەو باش بوون چوو.. رەوانەی بەشی منالآنمان کرد.. چەندەها جۆر چارەسەرمان بۆی بەکارهێنا، لە دوای ئەوە منداڵەکە بە پێی خۆی رۆیشتەوە بۆماڵەوە، منداڵەکە بە شێوەیەك قسەی دەکرد وەکو ئەوەی لەوەو پێش تووشی هیچ شتێك نەبوو بێت..

ببورە.. چیرۆکە سەیرەکە کۆتایی نەهاتووە.. دوای ساڵو نیوێك، لە عیادەکەم بوو، پیاوێك هاتە ژوورەوە، خێزانەکەشی کە منداڵێکی لە باوەشدا بوو بە دوایدا هاتە ژوورەوە.. منداڵەکە تەندروستی باش بوو، سەردانی ئاسایی هەبوو، بۆ لای یەکێك لە هاورێکانم، بەڵام بۆ هەواڵ پرسینو چاكو چۆنی هاتن بۆ لام.. بە پیاوەکەیم وت: ماشاءالله.. ئەم منداڵە شیرەخۆرەیە منداڵی شەشەم یان حەوتەمی خێزانەکەتانە؟ وتی: ئەمە دووەم منداڵمانە، منداڵی یەکەمیشمان ئەوە بوو کە ساڵی پار چارەسەرت کرد.. ئەو منداڵەشمان لە دوای حەڤدە ساڵ لە پێکهێنانی ژیانی هاوسەریمانو لە دوای چارەسەری نەزۆکی، خودا پێی بەخشین.. سەرم داخست.. بیرم لە ئافرەتەکە دەکردەوە، کاتێك کە لە لای منداڵە نەخۆشەکەی بوو.. گوێم لە دەنگی نەدەبوو.. نارەزاییم لێنەبینی.. لە دڵی خۆمدا وتم: سبحان الله، لە دوای حەڤدە ساڵ ئارامگرتنو جۆرەها چارەسەری نەزۆکی، منداڵێکیان بوو کە چەندەها جار بە چاوی خۆی مەرگی منداڵەکەی دەبینی.. تەنها ئەم وتانەشی دوبارە دەکردەوە لاإله إلا الله.. شیفا لە لای خودایە.. ئەمە چ ئافرەتێکە؟!.

چۆنیەتی سەردانی نەخۆش..

لە هەندێك کتێبدا هاتووە کە کەسێك دەچێت بۆ لای نەخۆشێكو پێش ئەوەی کە دابنیشێت، بە نەخۆشەکە دەڵێت: فلانە کەس رەنگت زەردە..

نەخۆشەکەش دەڵێت: الحمدلله علی کل حال..

کابرا دەڵێت: زۆر هیلاكو ماندوو دیاریت..

نەخۆشەکەش دەڵێت: خودا گەورەیە..

کابرا دەڵێت: نەخۆشیەکەت زۆر پێوە دیارە، کەی تووش بوویت؟

نەخۆشەکە دەڵێت: چەند رۆژێکە..

کابرا دەڵێت: هاواری چی دەکەیت؟

نەخۆشەکە دەڵێت: شتێکی وا نیە، داوای شیفا لە خودا دەکەم..
کابرا دەڵێت: نەخۆشیەکە چیە؟
نەخۆشەکە دەڵێت: نەخۆشیەکی دیاریکراوە..
کابرا دەڵێت: چیە؟ ناوی نیە!! باشە .. ئایا تۆ باشی؟
نەخۆشەکە دەڵێت: پێش ئەوەی کە بێیت بۆ لام زۆر باش بووم..
کابرا دەڵێت: باشە من دەڕۆم، پێویستیەکت نیە؟
نەخۆشەکە دەڵێت: با، پێویستیەکەم ئەوەیە کاتێك کە لە لای من دەڕۆیت هەرگیز مەیەرەوە بۆ لام، ئەگەر مردیشم گەردنت ئازا بێت نوێژیشم لە سەر مەکە..

ئەمە زمان حاڵو سکاڵای هەندێك لە نەخۆشەکانە لەو کەسانەی کە سەردانیان دەکەن.. هەندێك میوان، کاتێك دادەنیشن کۆمەڵە پرسیارێکی کۆتایی نەهاتوو لە نەخۆش دەکەن.. پێشنیاری سەیر دەردەبڕن، خۆیان وەکو پزیشکێك پیشان دەدەن.. لێرەدا پێویستە چەند نەریتێکی شەرعی بە بیری خۆمان بهێنینەوە دەربارەی چۆنیەتی سەردانی کردنی نەخۆش:

١- ڕەچاوکردنی دابو نەریتی سەردان کردن، وەك لە سەرخۆ لە دەرگادانو ناوهێنانی خۆت بە ئاشکرا، پاراستنی چاو لە سەیر کردنی ئەملاولا.. هەندێك جار نەخۆشەکە جەستەی بەدەردەکەوێت یاخود شتێکی ناخۆش ڕوودەدات، کە پێویست ناکات ئاوری بە لادا بدەیتەوە..

٢- سەردان کردنی نەخۆش لە کاتی گونجادا..

٣- بردنی دیاریەك لەگەڵ خۆت، کە نەخۆشەکە خۆشحاڵ بکات.. خۆزگە دیاریەکە شتێك بێت کە نەخۆشەکە سودمەند بکات، وەك کتێب یان کاسێت یان گۆڤاری بەسود، یاخود شیرینی یان میوە یان خواردنێك کە نەخۆشەکە حەزی لێبکات.. بەڵام ئەوەی کە دەیبینین، کە چەپکە گوڵ بۆ لای نەخۆش دەبرێت، زیادەڕەویە.. نەخۆش سودی لێنابینێت، بەڵکو هەندێك لە مێژووناسان دەڵێن: ئەمە نەریتی یۆنانیەکان بووە، هەتا ئێستاش مەسیحیەکان کاریگەرن بەو هەڵسوکەوتەوە.. ئایا نابینیت، کە چەپکە گوڵ لە سەر تابوتو گۆڕەکانیان دادەنێن؟!

٤- پرسیارکردن لە نەخۆش بە شێوەیەکی نەرمونیانو زۆر نەچوونە ناو

وردەکاریەوە..

٥- ئەوەندە دانەنیشیت، نەخۆشەکە بێزار بێت.. نەخۆش پێویستی بە سەرئاو دەبێت، هەروەها گۆڕینی جلو بەرگ، هەروەها پێویستی بە خواردنو خەوتن دەبێت، ئەم کارانەش لە بەرامبەر میوانەکاندا نارەحەتە، مەگەر میوانەکە کەسێکی خۆشەویستو نزیکی نەخۆشەکە بێت، نەخۆشەکەش حەز بکات ئەو کەسە زیاتر لە لای بمێنێتەوە، لەم حاڵەتەدا قەیناکە..

٦- هەوڵدان بۆ دڵخۆش کردنی نەخۆشەکەو بە بیرهێنانەوەی بە دەست هێنانی پاداشتی خودایی، هەروەها دوعا کردن بۆ نەخۆشەکە، لەو دوعایانەش خوێندنی حەوت جاری ئەم فەرمودەیە: (أسأل الله العظیم رب العرش العظیم أن یشفیك)، هەروەها خوێندنی سورەتی (الفاتحة)و (الإخلاص)و (الفلق)و (الناس) بە سەر نەخۆشەکەدا..

لە پێش نەشتەرگەریدا..

نەخۆشەکان جۆراوجۆرن، ترسناکیو شێوازی چارەسەریشیان جیاوازن.. جاری وا هەیە پزیشك بریاری نەشتەرگەری بۆ نەخۆش دەدات.. پێش ئەنجامدانی نەشتەرگەری، خۆزگە خوشكو برای نەخۆش، ئەم ئامۆژگاریانەیان لێ قەبوڵ بکردینایە:

١- پشت بەستن بە خودای گەورەو پەنابردن بۆی.. هەموو خۆشیو ناخۆشیو بەلاو موسیبەتێك هەر بە دەستی خۆیەتی، هەروەك ئەیوب پێغەمبەر (عليه السلام) هاوار لە خودا دەکاتو دەفەرموێت:﴿ أَنِّي مَسَّنِيَ الضُّرُّ وَأَنتَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ ﴾ الأنبیاء/٨٣ واتە: (بە راستی من ئازارو ناخۆشیم تووش بووە، تۆش لە هەموو کەس میهرەبانترو لە هەموو کەس دلۆڤانتریت).. تۆ لەبەر دەستی خودا دایتو سکاڵای خۆتی بۆ دەربرە..

٢- ئازاو خۆراگرو رەزامەندو ملکەچ بە.. کەسوکارەکەت دڵخۆش بکە.. بەڵێ.. هەوڵ بدە بە سەر خۆتدا زاڵ بیت، بەپێی توانا.. ئەوەی خودا لە چارەی نەنوسی بیت، تووشت نابێت.. ترسو غەمباریو دڵەراوکێت، هیچ لە کارەکەت ناگۆڕێت، خەڵکیش بە خۆتەوە دڵتەنگ مەکە، بشزانە کە هەموو کارێکی موسڵمان هەر خێرو چاکەیە، ئەگەر تووشی خۆشیەك ببێت، سوپاسی خودا دەکات، ئەمەش

خێرە بۆی، ئەگەر تووشــی ناخۆشیەکیش ببێت، ئارام دەگرێتو ئەمەش خێرە بــۆی، ئەمەش تەنها بۆ ئیماندارانــە.. ئەوەی ئارامگر بێت، ڕەزامەندی خودا بۆ ئەوە.. ئەوەی نارازیو نائارام بێت، تورەیی خودای لە سەرە..

٢- نوسینی وەســیەتنامە.. ئەمەش ترسی ناوێتو مانای ئەوە نیە کە بەم زووانــە دەمریــت!! نەخێر.. بەڵکو زانایان نوســینی وەســیەتنامە بە واجب دەزانن، بۆ هەموو ئەو کەســانەی کە شــتێکیان لایەو پێویســت بە وەسیەت دەکات، وەکو وەســیەت کردن لەماڵو ســاماندا، یان بۆ مــاڵو منداڵ، یان بۆ قەرز، یان بۆ هەر شتێکی تر.. کەواتە پێویستە پەراو بهێنیتو وەسیەتنامەی خۆت بنوســیت، وەك ئەوەی بڵێیت: فلانە شــتم لە لای فلانە کەســە.. شتی فلانە کەســم لە لایە.. داوای تەمەن درێژی بۆ خۆمانو بۆ ئێوەش لە خودای گەورە دەکەین، هەروەها داوای عاقیبەت خێریو وتەو کرداری چاك لە خودای پەروەردگار دەکەین..

دەستکەوتێکی ئاسان..

خوشــكو برای نەخۆش: خودا شیفات بدات.. ڕاو بۆچونت چیە دەربارەی خوداپەرســتیەکی پێغەمبەری خودا (ﷺ) کە لە هەموو ساتەکانی تەمەنیدا، ئەنجامیــداوە.. خودای گــەورە فەرمانی بە ئیمانداران کــردووە، کە لە دوای نوێــژەکان، لە دوای ڕۆژوو، لــە دوای ئەنجامدانی فەریــزەی حەج، هەروەها لــە کاتی غــەزاو تێکۆشانیشــدا، کە ئەم خوداپەرســتیو عیبادەتــە ئەنجام بــدەن.. فەرمانت پێکراوە کە ئەنجامی بدەیت لــە پێشو لە دوای خواردنو خواردنەوەدا، لە پێشو لە دوای چوونە سەر ئاودا، لە چوونە ژوورەوەو هاتنە دەرەوە لە ماڵدا، لە پێش خەوتنو لە دوای هەڵســان لە خەودا، لە پێش جلو بــەرگ لەبەرکردنو لە دانانیدا.. ئەویش زیکرو یــادی خودای پەروەردگارە، ســوپاس کردنو بە گەورە زانینیەتی.. ئیمانداران ئەو کەســانەن کە خودای گەورە دەربارەیان دەفەرموێت: ﴿ ٱلَّذِينَ يَذۡكُرُونَ ٱللَّهَ قِيَـٰمٗا وَقُعُودٗا وَعَلَىٰ جُنُوبِهِمۡ وَيَتَفَكَّرُونَ فِي خَلۡقِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ رَبَّنَا مَا خَلَقۡتَ هَٰذَا بَٰطِلٗا سُبۡحَٰنَكَ فَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ ﴾ آل عمــران/ ١٩١ واتە: (ئەوانەی یــادی خودا دەکەن لە کاتێکدا کە بە پێوەن یان دانیشــتوون یان ڕاکشــاون (لە هیچ حاڵەتێکــدا یادی ئەو زاتە

فەرامۆش ناکەن)، هەمیشە بیر دەکەنەوە لە دروست بوونی ئاسمانەکانو زەوی (بیردەکەنەوە لە هەموو وردەکاریەك، سەرنجی هەموو دیاردەیەك دەدەن، سەرئەنجام دەڵێن): پەروەردگارا تۆ ئەم هەموو دروست کراوانەت بێهودەو بێ ئامانج دروست نەکردووە، پاکیو بێگەردی شایستەی تۆیە، دە تۆش بمانپارێزە لە سزای ئاگری دۆزەخ).. زیکرو یادی خودای گەورە، پێویستی بە دەست نوێژو رووکردنە قیبلەو بە پێوە وەستان، یان دانیشتن نیە، بەڵکو چۆن بۆت دەکرێت بەو شێوەیە ئەنجامی بدە.. ئەبوهورەیرە (ﷺ) لە شەوو رۆژێکدا زیاتر لە دوانزە هەزار جار (سبحان الله)ی وتووە، بۆئەوەی خۆی لە دۆزەخ پێ رزگار بکات.. باشترین زیکرو یادی خوداش کە نەخۆش بیانکات بریتیە لە: دوعاو پارانەوە، چونکە دوعاو پارانەوەی نەخۆش گیراو قبوڵە، هەروەها زۆر وتنی (استغفرالله)، چونکە ئەو کەسەی زۆر ئەم زیکرە بکات خودای گەورە لە هەموو غەمو خەفەتێك رزگاری دەکاتو لە شوێنێکیشەوە رزقو رۆزی بۆ دەنێرێت کە هەر بە بیریشیدا نەهاتبێت.. (استغفرالله) کلیلی رزقو رۆزیە.. هۆی بەرەکەتیماڵە.. هەروەها دەبێتە هۆی چاك بوونی ماڵو منداڵو شیفای نەخۆش.. پێغەمبەری خودا (ﷺ) دەفەرموێت: (ئایا ئاگادارتان بکەم بە باشترین کردارەکانتان، وە پاکترینو چاکترینو بەرزترین کردار لە لای خودای پەروەردگار، وە باشتر بێت بۆتان لە بەخشینی زێرو پارە، وە لەوەش چاکتر بێت کە بە دوژمنەکانتان بگەنو لە گەردنیان بدەنو ئەوانیش لە گەردنتان بدەن؟ وتیان: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خودا.. پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرموی: زیکرو یادی پەروەردگارە).

نەخۆشو سەرپێچیو تاوان..

رۆژێك چووم بۆ لای نەخۆشێك، کە تووشی نەخۆشیەکی ترسناك بوو بوو.. نەخۆشەکە کەسێکی بەهێزو بە توانا بوو.. بەڵام لە دوای نەخۆشیەکەی، جەستەی لاواز بوو بوو، ئێسقانەکانی بێ هێز بوو بوو.. هەندێك کەس پێیان راگەیاندم کە پزیشك وتویەتی کۆتایی تەمەنی نزیکە، هەر چەندە تەنها خودای گەورە دەزانێت.. بە ئارامی بەرەو ژوورەکەی کەوتمە رێ.. چاوەڕێی ئەوەم دەکرد بە قورئان خوێندنی پێشوازیم لێبکات، هەروەها چاوەڕێم دەکرد

بەرماڵــی نوێژەکەی ڕاخراو بێــتو ڕووەو بارەگای خودا بێت.. لە دەرگامداو مۆڵەتیانــدام کە بچمە ژوورەوە، ئەو نەیدەزانی کە منم، چوومە ژوورەکەی.. ژوورەکەی هاوشــێوەی گۆڕســتان بوو.. ئاوێنەی ژوورەکەی بە ڕەنگی ســپی داپۆشــرا بوو، بۆئەوەی خۆی نەبینێتو ئاگــاداری هەڵوەرینی قژی نەبێتو نەخۆشیەکەی بیر نەکەوێتەوە.. کاتێك بینیمی خۆی ئامادەکرد کە دابنیشێت.. کۆمەڵێك هاوڕێی لە لا بوو، گەورەترین خەمیان، ئەوە بوو کە نەخۆشیەکەی لە بیر ببەنەوە.. وا گومانیان دەبرد کە خزمەتێکی گەورەی پێشکەش دەکەن، کــە بیخەنە پێکەنین.. بەڵێ.. بیخەنــە پێکەنین.. تەنها پێکەنین.. گەنجەکە کەوتە پێکەنین، یان پێکەنیناوی خۆی دەردەخست.. نازانم!! لە بیری چوو بوو، کە نامەی کردارەکانی لە هەر ســاتێکدا دەپێچرێتەوەو زۆربەی ئەندامەکانی جەســتەی لە کاردەکەون، بەڵکو لە هەر ســاتێکدا لەوانەیــە بمرێت.. کاتێك دانیشــتم، یەکێکیان هەستاو دەنگی گۆرانی تەلەفزیۆنەکەی کز کرد، هەستم کرد کە ئەوان هەســت دەکەن دانیشــتنو شــەو مانەوەکەیانــم لێتێکدان.. لاحــول ولاقوة إلا بالله.. ئەم دڵانە چەندە ڕەقــن.. چاوم بە ژوورەکەدا گێڕاو ئاواتەخــواز بووم کە قورئانێك، یان بەرماڵێك یان کاســێتێکی قورئان ببینم، بــەڵام زۆر بە داخەوە، تێبینی هیچ یەکێك لەو شــتانەم نەکرد.. ئەوەی لێی بوو بریتی بوو لە گۆڤارەکان، بەرگی یەکێکیان وێنەی شــاجوانی فەرەنســای لە ســەر بوو، یەکێکی تریان وێنەی یەکێك لە گۆرانی بێژەکانی لە سەر بوو.. گۆڤاری ســێیەمیان دەربارەی گەنــجو وەرزش بوو، چوارەمیــان..... هەموو گۆڤارەکانیــش لە تەنیشــتیەوە بوون، بــە لاپەرەکانیشــیانەوە دیار بوو، کە چەندان جار هەڵیدابوونەوەو سەیریشــی کرد بوون.. لە ڕاســتیدا، نزیك بوو بگریمو سەیریشم دەکرد، بەڵکو دەمویست وا لە خۆم بکەم کە فرمێسکەکانی چاوم نەیەنە خوارەوەو دەرنەکەون.. هاوەڵەکانی هەوڵیاندا کە بەشدار بم لە پێکەنینەکانیاندا، منیش دڵم ڕادەگرتنو زەردەخەنەم بۆ دەکردن.. یەکێك لە هاوڕێکانی باسی هەڵوێستێکی پێکەنیناوی کرد، کە بیستوویەتی من لە یەکێك لە وتارەکانمدا یان لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا بە سەرم هاتووە، بۆئەوەی خۆیو منیش پێبکەنین، ئەو هەژارە داماوە وا هەســتی دەکرد کە بەم قسەو توانجە پڕوپوچە، خوێن شــیرین دەبێت، بەڵام لە ڕاستیدا، قسەشی نەکردایە

زۆر ڕەزا قورس‌و خوێن تاڵ بوو، چ جای قسەی بکردایە.. زۆرم لە خۆم کردو زەردەخەنەم خستە سەر لێوم‌و لە دڵی خۆمدا وتم: ئـاه.. چۆن هاوڕێکانی دەتوانن ئارام بگرن‌و لەگەڵیدا بێتاقەت نابن.. تاقەتی دانیشتنەکەیانم نەماو مۆڵەتم وەرگرت‌و چوومە دەرەوە.. لە ڕارەوی نەخۆشخانەکەدا هەنگاوم دەنا، کاتێـك نزیك بوومەوە لە دەرگاکەی، لە دڵی خۆمدا وتم: دروست نیە بڕۆم، هەتا ئامۆژگاری نەکەم، لەوانەیە ئەم یەکتر بینینە دوا دیدار بێت، گومانەکەم ڕاست‌و دروست بوو.. کۆتا دیدارمان بوو.. گەڕامەوە بۆ لای‌و لە دەرگامداو چوومە ژوورەوە.. مۆڵەتم لە هاوڕێکانی وەرگرت، کە بۆ کەمێك بە تەنها جێمان بهێڵن.. هاوەڵەکانی چوونە دەرەوەو بە ئارامی دەرگاکەیان داخست‌و تەنها من‌و نەخۆشەکە ماینەوە.. سەیری کردم‌و گومانم وا بوو، کە دەزانێت چی پێدەڵێم.. زۆر بە ڕاشکاوی پێم وت: کاتی مجامەلە نیە، دەشزانی کە تۆ یەکێکی لە خۆشەویسترین کەسم.. تامەزرۆییم بۆ تۆ، وای لێکردم کە کارەکەم بەجێ بهێڵم‌و بێم بۆ سەردانت.. کاتێك بە نەخۆشیەکەتم زانی دڵگران بووم.. وا هەست دەکەم کە خەمی من بۆ تۆ کەمتر نیە لە خەمی تۆ بۆ من.. ئەگەر تۆ بە فرمێسك بۆ خۆت بگریت، ئەوا من بە خوێنم بۆت دەگریم.. سەری دانەواندو گریا.. منیش هەنسکمدا.. وتم: هاتمە ژوورەوە بۆ لات‌و گومانم وا بوو کە لە سەر بەرماڵ دەتبینم، یان لە کاتێکدا دەتبینم کە قورئانت بە دەستەوە بێت، خۆ تۆ پەیمانی نەمریت پێنەدراوە.. بە دڵنیاییەوە پزیشکەکە پێی ڕاگەیاندویت کە نەخۆشیەکەت پەرەی سەندووە.. ژیانی دونیاشت لەوانەیە چەند ڕۆژێکی دیاری کراوی مابێت.. نازانم هەینی داهاتوو لەگەڵماندا نوێژ دەکەیت، یان نوێژت لە سەر دەکەین.. زیاتر گریا.. وا شایستەیە بۆ کەسێك کە پەراوی کردارەکانی بپێچرێتەوەو هەناسەکانی لە سەری بژمێردرێت کە زیاتر بەپێی توانا لە خودای گەورە نزیك ببێتەوە.. کەسی لەش ساغ فەرمان پێکراوە بە خۆشەویستی‌و ملکەچی خودای گەورە، کەواتە کەسی نەخۆش زیاتر پێویستە فەرمانەکانی خودای گەورە جێبەجێ بکات.. تۆ لە کوێ بوویت دەربارەی پارانەوەو زیکرو یادی خودا بۆت بدوێم.. کوا دڵ نەرمیەکەت؟ کوا ئەو ئازایەتیەی کە پەیمانت پێدا؟ کوا ئەو قسەیەی کە ڕۆژێك وتت: پێویستە مرۆڤ تف بکاتە دەم‌وچاوی شەیتان‌و ئاوڕ لە

وەسوەسـەكانی نەداتەوە.. چۆن لەم كاتی پێویستیەدا لە خودای گەورە دوور دەكەویتەوە؟! زیاتر گریا.. بە چەند وشـەیەك ستایشـی كردم، پاشان لە لای رۆیشـتمە دەرەوە.. پاش سـێ رۆژ كۆچی دوایی كردو نوێژمان لە سەر كرد.. خودا بە بەزەیی بێت لەگەڵیداو پلەی بەرز بكاتەوە.. ئـامین..

نەخۆشەكان جۆراو جۆرن..

لە رەمەزاندا گەشـتێكم كرد بۆ وڵاتێكی ئەوروپی.. كەش و هەوا زۆر سارد بوو، لە ناوەندی ئیسـلامی كۆبووینەوەو نوێژی تەراویحمان ئەنجامدا، پاشان ئامۆژگـاری رۆژانەم بۆباس كردن.. پیاوێكی پیر، كە توانای رۆیشـتنی نەبوو یەكێك لە كورەكانی لە سـەر عەرەبانەیەك هێنا بووی، كە پاڵی پێوەی دەنا.. شـەوێك لە شەوان نەمبینیو دیار نەما.. وتم: لەوانەیە كەش و هەوای ساردو باو باران رێگری لە هاتنی بۆ مزگەوت كرد بێت.. شەوی دووەمیش بە هەمان شـێوە تێپەری.. شەوی سـێیەمیش هەر دیار نەبوو.. پرسیارم لە كورەكەی كردو هەواڵی پێدام كە توشی نەخۆشی بووەو ماوەی سێ رۆژە لە نەخۆشخانە خەواندویانە.. لەگەڵ هەندێك لە نوێژ خوێناندا رێكەوتین، كە سبەی عەسر سـەردانی بكەیـن.. چووین بۆ نەخۆشـخانەو چووینە ژوورەوە.. شـێوەمان سـەرنج راكێش بوو.. من پۆشـاكێكم لەبەردا بوو.. كەسـێكی تر پۆشاكێكی درێژیلەبەردا بوو.. سـێیەم پانتۆڵی لە پێدا بوو.. یەكێك لە پەرسـتارەكان پرسـیاری لێكردینو وتی: ئایا ئێوە هەمووتان كوری ئەون؟! وتمان: نەخێر.. پەرسـتارەكە وتی: كەواتە ئێوە كۆمەڵەیەكی خێرخوازین.. وتمان: نەخێر.. وتی: كەواتە ئێوە كێن؟! بۆچی هەمووتان هاتوون بۆ لای؟! كێ كرێی ئوتومبیلی بۆ داون؟ من سەرسـامیەكەیم لا سـەیر نەبوو، لەبەرئەوەی پەرسـتارەكە وا راهات بوو كە پیاوێكی پیر لە نەخۆشـخانە، دوو یان سـێ مانگ بمێنێتەوەو كەسـێك سـەردانی نەكات، بەڵكو جاری وا هەیە، كە دەشمرێت، نەخۆشخانە ئەركـی كفنو دفن كردنی دەگرێتە ئەسـتۆو منداڵەكانی لێی ناپرسـنەوە.. تێمان گەیاند، كە ئێمە موسـڵمانینو ئەویش لە ئیسلامدا برامانە.. لە ژووری هاوەڵەكەمان رۆیشتینو یەكێك لە هاوەڵەكانمان لەگەڵ پەرستارەكەدا مایەوەو باسی ئیسلامی بۆ دەكرد..

چووین بۆ لای باوکی عیماد، کە پیاوێکی بە تەمەن بوو.. شوێنەواری نەخۆشی پێوە دیار بوو.. سەریم ماچ کرد.. گریاو پێم وت: حاڵت چۆنە؟ وتی: سوپاس بۆ خودا.. ناتوانم بە رۆژوو بم، بەڵام قورئان دەخوێنم و بە پێی توانا زیکرو یادی خودا دەکەم.. درێژەی پێداو باسی تامەزرۆیی خۆیی بۆ مزگەوت و ئەنجامدانی نوێژی تەراویح کردو دڵی پڕو چاوی پڕ فرمێسکی، قسەکانیان پێ دەبری.. چاوم بە ژوورەکەیدا گێراو دوو پیاوی پیرم بینی ، کە خەڵکی ئەو وڵاتە ئەوروپیە بوون.. زمانەکەیانم باش نەدەزانی.. یەکێك لە هاوەڵانم نارد بۆ لایان، تا سڵاویان لێ بکات، هەروەها هەواڵیان بپرسێت.. سەیریان لە ئێمە دەهات.. ئەوەی جێی سەرسورمان بوو هەمان ئەو پرسیارانەیان لێ کردین کە پەرستارەکە لێی کردین.. ئێوە کێن؟! کۆمەڵەیەکی خێرخوازین؟! کاتێك پێمان ڕاگەیاندن، کە هیچ خزمایەتیەك لە نێوان ئێمەو ئەودا نیە، تەنها هاوئاینی نەبێت، هەروەها هیچ پارەو سامانێکیشمان لە بەرامبەر سەردان کردنیدا پێ نادات.. هەریەکەیان بە سەرسامیەوە سەیری ئەوی تریانی دەکرد.. لە بیرمە کە یەکێکیان شانازی بە سەر هاوەڵەکەیدا دەکردو دەیوت: کچەکەم جەژنی ڕابوردوو کارتێکی پیرۆزبایی بۆ ناردم..

بۆ ماڵئاوایی گەڕامەوە بۆ لای باوکی عیمادو دوو پیاوەکەش لە دوورەوە سەیریان دەکردم، لێم پرسی: ئێوە هیچ قسەو وتوێژێکتان لە نێواندا هەیە؟ وتی: یا شێخ ئەو دوو پیاوە کاتەکانیان سەیر بە سەر دەبەن.. وتم: چۆن؟! وتی: هەتا عەسر دەخەون، کاتێك کە هەڵدەستن، برسیانە.. پەرستارەکە خواردنیان بۆ ئامادە دەکات، کاتێك تێر دەبن، ئاخ و ئۆف هەڵدەکێشن و تورە دەبن و جنێو دەدەن و هاواریان نەخۆشخانەکە پڕ دەکات و پەرستارەکە یەکی شوشەیەك عارەقیان بۆ دەهێنێت، وا دەزانم کە خەولێخەر بێت، دەیخۆنەوەو دەخەون هەتا سبەی عەسر!! پاشان لە خەو هەڵدەستن و هەمان بەرنامە دوبارە دەکەنەوە..

ترس لە نەخۆشی..

یەکێك لە قوتابیەکانم لە زانکۆ، تەمەنی نزیکی چل ساڵ دەبوو، وام گومان دەبرد هەر بیست‌و پێنج ساڵێك بێت.. چەند رۆژێك دیار نەماو نەمبینی، پاشان بینیمەوەو سەبارەت بە دیار نەبوونەکەی پرسیارم لێکرد، ئەویش وتی: کورەکەم نەخۆشەو خەریکی چارەسەری بووم..

وتم: خودا شیفای بدات، توشی چی بووە؟!

وتی: توشی ژەهراوی بوونی خوێن بووەو کاری کردووەتە سەر جگەرو دەماغی، ئێستاش نەخۆشیەکە بە لاشەیدا بلاوبووەتەوە..

وتم: الحمدلله علی کل حال، مژدە بێت ئەجرو پاداشتی گەورەت هەیە. هەتا ئەگەر گیانیش بسپێرێت‌و بمرێت، لەبەرئەوەی مردنی منداڵی بچوك شەفاعەت‌و تکا بۆ باوك‌و دایکی دەکات..

وتی: یا شێخ منداڵی بچوکی چی؟! تەمەنی حەڤدە ساڵە..

وتم: سوپاس بۆ خودا.. خودا بەرەکەت بخاتە براکانیەوەو بیان پارێزێت..

کەمێك مات بوو، وتی: یا شێخ تەنها ئەو کورەم هەیەو بەس!! بەلام سوێند بە خودا سوپاسگوزارم.. ئارامگرم‌و چاوەڕێی پاداشتی خودا دەکەم.. هەموو شتێکیش بە پێی قەزاو قەدەرە.. توخوا بەراوردێك لە نێوان ئەم کەسە ئارامگرەو کۆمەڵێکی ترساوی بێ هێزی داروخاوی ئیمان لاوازدا بکە.. ئەو کەسانەی کە ئارامگر نین‌و بە تەمای پاداشتی خودا نین..

تەنها خاڵێکی بچوك..

د.ئەریج وتی: بە هێواشــی لە دەرگای عیادەکەی داو پەرستارەکە مۆڵەتی هاتنــە ژوورەوەی پێــدا، مێردەکــەی‌و کچەکەشــی لەگەڵیدا بــوو.. لێی ورد بوومــەوە، ئافرەتێــك بوو لە تەمەنی چل ســاڵیدا بوو، کەمێــك قەڵەو بوو، بــە شــێوەیەکی ئاشــکرا دیار بوو، کــە زۆر بایەخی بە خۆی دەدا.. لە ســەر کورســیەك دانیشــت‌و دەستی کرد بە قسەو وتی: پێویســتم بە راو بۆچونت هەیە بۆ ئەو کێشــەیەی کە ماوەیەکی دوورو درێژە بە دەستیەوە دەناڵێنم.. زەردەخەنەیەکم بۆ کرد.. زیاتر درێژەی پێداو قسەی بۆ کردم دەربارەی ئەو شــتەی کە ماوەیەکــی زۆرە ماندووی کردووە، ئەویش چەنــد خاڵێك بوو لە دەم‌وچاویدا.. بۆ چارەسەری ئەو چەند خاڵەی دەم‌وچاوی سەردانی زۆرێك لە پزیشــکان‌و ناوەندە جوانکاریەکانی کرد بوو.. ئێستاش ماوەی چەند مانگێکە دەرمانێــك بەکاردەهێنێــت، کە ئەو دەرمانە بەوە ناســراوە، کــە دەبێت بە شێوەیەکی زۆر ورد چاودێری بکرێت بۆئەوەی کارنەکاتە سەر جگەر..

پێم وت: کوا ئەو خاڵانەی روخسارت؟! شوێنی خاڵەکانم نەبینی، بەردەوام بوو لە گێرانەوەی ئەو نارەحەتیانەی کە لە ماوەی چارەسەریدا توشی هات بوو، بە راستی هیلاك‌و ماندو بوو.. جارێکی تر پرسیارەکەم دوبارە کردەوە.. رێگەم پێدەدەی کە پشــکنین بۆ ئەو خاڵانەت بکەم کە مەبەستتە؟ کاتێك روخساری بە دەرخســت، خەریك بوو دەســتێك بە دەم‌وچاومــدا بهێنم، گومانم هەبوو لەوەی کە بینیم!! ببورە ؟! ئازیزەکەم، کوا ئەو خاڵانەی کە مەبەستتە؟! وتی: ئەوەتــا دکتۆرە.. تەنها خاڵێکەو بەس!! جارێکی تر ســەیرم کردەوە، خاڵێکی زۆر بچوك، کە بە ئاسانی نەدەبینرا.. وتم: ئێستا ئەمەیە بێزاری کردوویت؟! وتی: بەڵێ.. دەرونم زۆر هیلاکەو تکات لێدەکەم یارمەتیم بدەیت.. ســەیرە!! پێموت: بەڵام دەبینم روخســارت زۆر باشــە.. قســەی پێ بریم‌و وتی: ئــاه.. نــا.. نــا.. باش نیەو لێــی رازی نیم!! ماوەیەکی درێژ خۆم گرت‌و بە ســەر خۆمدا زاڵ بووم.. پێش ئەو پشکنینم بۆ کەسانێك کرد بوو، کە حاڵیان خراپ بوو، خودای گەورە بە نەخۆشی توند تاقی کردبوونەوەو چارەسەریان نەبوو، سوپاســگوزارو ئارامگریش بوون.. بە هێواشــی پێمــوت: ئازیزەکەم ئەم کارە

ئەوەنــدە خراپ نابینم کە تۆ بیری لێدەکەیتــەوە، هەتاوەکو ئەو دەرمانەش کە ئێســتا بە کاری دەهێنیت، بە پێویســتی نازانم، دەتوانیت لە ئەمڕۆوە واز لــە بەکارهێنانی بهێنیــت، ئەو خاڵەش زۆر بچوکــە.. نامەوێت زۆر بایەخی پێبدەیت.. گەشبین بەو تەماشای لایەنە جوانەکانو ئەو نازو نیعمەتە زۆرانە بکە کە خودا پێبەخشــیویتو سوپاســگوزاریش بە.. پــاش چەند چرکەیەك لــە بێدەنگی، وتــی: دەمەوێت دەرمانەکە تەواو بکــەم، هەروەها ئەمجارەیان دەمەوێــت ئەو خاڵە بە تەواوی نەمێنێت.. باشــە ئازیزەکــەم، بریار بریاری خۆتە، دەرمانەکە تەواو بکە.. هەر کاتێکیش ویستت واز لە دەرمانەکە بهێنیت، بەخێربێیت بۆ عیادە.. خۆزگەم دەخواســت کە مێردەکەی لە بەرامبەر مندا ڕێگای پیشــانی هاوسەرەکەی بدایەو پێی بوتایە: هاوسەرەکەم پێویستیت بە دەواو دەرمــان نیەو ئەو خاڵەش بچوکەو پێویســت نــاکات ئەوەندە گرنگی پێبدەیــت.. من دەمزانــی ئەگەر ئەو قســانەی بکردایە، زۆرێــك لە ترس و بەربەســتەکانی تێکدەشــکاند، بەڵام بە درێژایی کات بێدەنگ بوو!! ئــاه بۆ پیاوان!!

لە کۆتاییدا..

براو خوشکی نەخۆش.. پزیشکی بەڕێز.. هاوەڵی دڵسۆزی نەخۆش.. ئەمە گەرانێکی خێرا بوو دەربارەی نەخۆشی.. داواکارم کە سودمەند بێت.. خودای گــەورەش زاناترە.. وصلی الله وســلم وبارك علی نبینا محمــد و آله وصحبه اجمعین..

ناوەڕۆك

لە سوید ٥
ئێمە بینیمان ئارامگر بوو ٧
عوروەی كوڕی زوبێر ٩
هۆكارەكانی نەخۆشی دووانن ١١
لە نەخۆشخانەی دەروونی ١٣
شیرینی پاداشت ١٧
هەڵوێستەیەك لەگەڵ سەردانی نەخۆشدا ٢٠
نەخۆشی بەڵەكی ٢١
پلەیان پێ بەرزدەكاتەوە ٢٢
پاڵەوان ٢٣
غەمی گەورە ٢٨
لە نەخۆشخانە ٣٠
خالیدی لاڵ ٣٢
لە نێوان پزیشك و ئافرەتی نەخۆشدا ٣٤
لەگەڵ پزیشكدا ٣٥
لە سەر جێگەی مردن ٤٠
پزیشك و بانگەواز ٤١
ڕێگەكانی بانگەواز كردن كە پزیشك ٤٢
پزیشك و كلیلەكانی خێرو چاكە ٤٣
نوێژ كردنی نەخۆش ٤٥
چۆنیەتی نوێژكردنی نەخۆش ٤٧
ڕۆژووگرتنی نەخۆش ٤٩
چەند وشەیەك بۆ ئەوانەی لای نەخۆشن ٥١
لە نەخۆشخانەی سەربازیدا ٥٢
پاڵەوان و ئازا بە ٥٦
د. عبدالله وتی: ٥٧
چۆنیەتی سەردانی نەخۆش ٦٠
لە پێش نەشتەرگەریدا ٦٢
دەستكەوتێكی ئاسان ٦٣
نەخۆش و سەرپێچی و تاوان ٦٤
نەخۆشەكان جۆراو جۆرن ٦٧
ترس لە نەخۆشی ٦٩
تەنها خاڵێكی بچوك ٧٠
لە كۆتاییدا ٧١

شەیدایەك

لە ژووری نەشتەرگەریدا

- بە هەڵەداوان رایان دەکرد.. پەشۆکابوون.. دەیان وت: کوا پزیشك؟ نەشتەرەکان بێنن.. خێرا کەن بەنجەکە بێنن.. هەموو دەیان وت: مەترسە، نەشتەرگەرییەکی سووکە! ئێستا دڵی شەیدایەك لەت دەکەن، کە ئارەزوو یاری بە شادەمارەکانی کردووە، شەهوەت موولوولە خوێنەکانی ورووژاندووە، دونیا لە کونو قوژنبی دڵیدا رەگی داکوتاوە.. گەورەترین تارماییش کە لێی دەترسێت، دێوەزمەی مەرگە..
- دڵێکی تریش لەت دەکرێت، بەڵام ئەم دڵەیان پەیوەستە بە خوداوە، لێوانلێوە لە خۆشەویستی خودا، هەموو هیوایەکی نزیکبوونە لە خودا، رووی داواکارییەکانی تەنها دەکاتە خودا، بە هەموو قەزاو قەدەرێکیشی رازییە..
- ئەم کتێبە گەشتێکە لە نێوان ئەم دوو دڵەدا.. نیگایەکە رووەو جیهانی نەخۆشخانەکانو حاڵو هەواڵی نەخۆشەکان.. پێکەوە تەماشای حاڵیان دەکەین.. لە گەورەیی بەڵاو جیاوازی نارەحەتییەکانیان رادەمێنین..
- ئەم کتێبە چەند پەیامو وشەیەکە بۆ نەخۆشو پزیشكو ئەو کەسانەی کە نەخۆشیان هەیە.. چەند ئادابو رەوشتێکە، بە خوێنی دڵم نووسیومنو هەناسەی رۆحمی تێکەڵە، تەنها وەکو خۆشەویستیو میهرو سۆزێك بۆ نێوەی ئازیز..

د. محمد العريفي

arefe@gawab.com